# ژنان ٥٤

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

**ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ**

خەرمانانی ١٤٠٠ - September 2021



## دوو شۆڕشگێڕی شەهید، کە لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی یەکسانیخوازی دابوون



ژنی شۆڕشگێڕ و شۆڕشگێڕیی ژنانە



ژنی کورد و پێناسەی نەتەوەیی



هاوین، سوتانی ژینگەو و ژیان



بێ ئاسۆیی ژنانی ئەفغانستان

- ژنێك لە ڕەگەزی پەپوولە
- یادی ٣ ساڵەی شەهیدبوونی دوو ژنی ڕێبەر و ئەرکەکانی ئێمە
- پەروەردەی درووست بۆچی پێویستە؟

# ژنان ٥٤


کۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان


**ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ**


خەرمانانی ١٤٠٠ - September 2021




## دوو شۆڕشگێڕی شەهید، کە لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی یەکسانیخوازی دابوون


ژنی شۆڕشگێڕ و شۆڕشگێڕیی ژنانە


ژنی کورد و پێناسەی نەتەوەیی


هاوین، سوتانی ژینگەو و ژیان


بێ ئاسۆیی ژنانی ئەفغانستان

- ژنێک لە ڕەگەزی پەپوولە
- یادی ٣ ساڵەی شەهیدبوونی دوو ژنی ڕێبەر و ئەرکەکانی ئێمە
- پەروەردەی دروووست بۆچی پێویستە؟

ژنان

٢

No: 54

Womens, december 2021

# WOMEN

*Democratic Women Union of Kurdistan*

No : 54 Date: September 2021



پێرست

| | |
|---|---|
| ئەرکەکانمان پاش شەهیدبوونی دوو ژنی ڕێبەر | ل.٤-٥ |
| ژنانی شۆڕشگێڕ و شۆڕشگێڕیی ژنانە | ل.٦-٨ |
| دیمانە | ل.٩-١٤ |
| پەروەردەی درووست بۆچی پێویستە؟ | ل.١٥ |
| ژنێک لە ڕەگەزی پەپوولە | ل. ١٦ |
| پەیامی ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە بۆنەی تاوانەکانی ١٧ای خەرمانان | ل. ١٧ |
| هاوین، سوتانی ژینگە و ژنان | ل. ١٨ |
| بەرتەسک کردنی مافی ژن، بەرتەسک کردنی مافی کۆمەڵگەیە | ل. ٢٠ |
| ژنی کورد و پێناسەی نەتەوەیی | ل. ٢٢ |
| بێ ئاسۆیی ژنانی ئەفغانستان | ل. ٢٤ |
| کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبی هەلالە سۆهرابی | ل. ٢٦ |
| چیرۆک | ل.٢٨ |
| دەستدرێژی سێکسی چیە؟ | ل. ٣٢ |
| بیرۆکەکانی ڕۆژانەی ژنێکی ئێرانی | ل.٣٣ |
| بەشێک لە هەواڵ و کار و چالاکی | ل.٣٤ |
| ڕاپۆرتێکی سێمانگە لە بارودۆخی زندانیانی سیاسی ژن لە ئێران | ل. ٤٦ |

دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ژمارە ٥٤ی گۆڤاری ژنان
ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان

بۆ پەیوەندی کردن
بە یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان:
y.jnan.dk.@gmail.com
009647518770093

دیزاینی گۆڤار:
نەسرین یوسفزادە
بەرگ:
ئەیوب شەهابیڕاد

# ئەرکەکانمان پاش شەهید بوونی دوو ژنی ڕێبەر



مۆژگان عەلیپوور

٣ساڵ بەسەرکارەساتی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، تێدەپەڕی کە لەوێدا ١٦کەس لە ڕێبەرانی حیزب دێموکرات و کادر و پێشمەرگە شەهیدبوون وزیاتر لە ٤٠کەس برینداربوون.

لەناو ڕیزی شەهیدانی ئەو کارەساتە دوو ژنی ڕێبەر و دوو لە دیارترین و بە ئەزموونترین ژنان لە ناو بزوتنەوەی نەتەوایەتی و یەکسانیخوازی و دوو سکرتێری ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان، شەهید «نەسرین حەداد» و شەهید «سۆهەیلا قادری» هەبوون کە نەمانیان بۆشایی خستە نێو مەیدانی کارو چالاکییان بەڵام ڕێبوارانی ڕێگایان وئەندامانی ڕێکخراوەیەیان سوورتر لەسەر ڕێچکە و ڕێبازیان بەردەوامن.

ئامانجی بە نیشانەگرتنی حیزبی دێموکرات بە شێوازگەلی جیاواز لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی کە لەگەڵ حاشاکردن لە مافەکانی گەلی کورد، حیزبی دێموکرات بەرەنگاری بووەوە و ئەو دەسەڵاتەی بە تەواوی ڕەت کردەوە و تا ئێستاش بە درێژایی زیاتر لە ٤ دەیە لە بەرابەر پێشێلکارییەکانی ئەو ڕێژیمە و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەی کورد وەستاوەتەوە. بەڵام نەتەوەی کورد بە خەبات لە بوارە جیاوازەکان نەک هەوڵی پاراستنی نەتەوەکەی خۆیداوە، بەڵکوو توانیویە لەومەیدانە بێ دەرەتان و تەسکەی کە هەیە لەبواری پاراستنی زمان و کەلتوور و.. بەرەو پێش بڕۆن کە لەو شێوازە خەباتە هەمەلایەنانە ژنی کورد بێ هەڵویست و بێ کاریگەر نەبووە.

کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە لەگەڵ نارەزایەتیی خەڵکەکەی بە نیسبەت دۆخی خراپی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی بەرەوڕوویە و وێڕای ئەوانەش کارنامەی ڕەشی لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و بە تایبەت ژنان و منداڵان، قەیرانی ڕەوایی بۆ ئەو ڕێژیمە درووست کردووە و بەردەوامیش بۆ چارەسەریی ئەو کێشانە پەنای بۆ ڕێگای توندوتیژ بردووە و بە ترس و تۆقاندنی خەڵکی ئێران تەمەنی خۆی درێژ دەکاتەوە.

لەگەڵ پەلاماری دڕەندانەی ئەو ڕێژیمە و خەسارەکانی لە حیزبی دێموکرات، ئەو حیزبە سوورتر و پێداگرتر لەسەر ئامانجەکانی بەردەوامە و ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە ماندوویی نەناسانە بە ورە و ئیمانێکی پتەوو، درێژە بە خەباتەکەیان دەدەن.

لەدەستدانی شەهیدان «نەسرین حەداد» و «سۆهەیلا قادری» دوو سکرتێری یەک لەدوای یەکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بۆ دوو ڕەهەندی خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوازی خەسارێکی گەورە بوو کە بۆ ژنی کورد بە گشتی و ئەندامانی یەکیەتیی ژنان، ئەرک دیاری دەکات. تا بتواندرێ وێڕای قەرەبووی خەسارەکان کەڵک لە دەرفەتەکان وەربگیرێ تا پرسی ژنانیش لە ئێران کە ئێستا پرسێکی سیاسیی سەردەمە لە قەوارەی گشتیدا خۆی بنوێنێ.

بە ئاوردانەوەیەکی کورت بۆ پرسی ژنان لە ئێران لە هەرکام لە حکومەتەکانی دەسەڵاتدار بە دارشتنی یاسا و دانانی بەربەست ژنانیان چەوساندۆتەوە، بۆ نموونە حکومەتی ڕەزاشا لە ساڵەکانی ١٩٢٥ تا ساڵی ١٩٤١ی زایینی بڕیاری لابردنی حیجابی ژنانیان بە زۆرەملێ داوە، پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی دەسەڵاتی پێشوو بە کەڵک وەرگرتن لە ئایین بۆ بەرتەسککردنەوەی مافەکانی ژنان حیجابیان بۆ ژنان زۆرەملێ کرد. کەوایە هەڵاواردنی ڕەگەزی و پێشێلکردنی مافی ژنان بە مەبەستی جۆراوجۆر، مێژووی دوورودرێژی لە ئێراندا هەیە.

وێڕای ئەو بەربەستانە هەوڵەکانی ژنان بۆ بەرەنگاری لەگەڵ ئەو یاسا و ڕێسا و داب و نەریتانە لە ئارادابووە. خەباتی ژنان بۆ نەهێشتنی ئەو جیاوازییانە لەئێران لەسەرەتاوە خەباتێکی گشتگیری کۆمەڵایەتیی دەبینرا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زەقی ئامانجی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی ژنان و پێشگرتنیان لە تێکەڵبوونیان بە ڕەوتەکانی ناو کۆمەڵگەش دەردەکەوێ.

ئێستاش بزوتنەوەی ژنان سەرەڕای دۆخی خراپ و سەپاندنی یاساکان دژی ژنان و ڕێگری کردن لە کارو چالاکییەکان، توانیویانە بە سەر هەموو ئەو کۆسپانەدا زاڵ بن و خەباتیان وێڕای بزوتنەوەکانی دیکەی کۆمەڵگە بەرنە پێش و بزوتنەوەی ژنان لە ئێران یەکێک لەو بزوتنەوە ئەکتیڤانەی کۆمەڵگەی ئێرانە و پرسی ژن پرسێکی ڕۆژەفە. خەباتی ژنی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران بگرە لە ژنانی جیهان و دەوروبەریان لە ڕووی مێژوویی، سیاسیی و کۆمەڵایەتیشەوە جیاوازتر بووە و ژنی کورد هەمووکات هەوڵی داوە بەدوای شوناسی تایبەت بەخۆی بێت نەک کۆپی کاروخەباتی ژنانی نەتەوەکانی دیکە بکا.هەربۆیە خەباتی ژنی کورد خۆی لە ڕەهەندێکدا قەتیس نەکردووە و لە بوارەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی خۆی دەبینێتەوە.

لەماوەی یەک دەیەی ڕابردوداو لە خۆبەڕێوەبەری خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کاروچالاکی بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و کاریگەرییان لەسەر نەتەوەی کورد ژنان کارەکتەرێکی سەرەکیی بوون.

لەبواری نەتەوەیش ژنان لە بەرەوپێشبردنی ڕەوتی ڕزگاریخوازیدا لە قۆناغگەلی جیاواز ڕۆڵیان هەبووە و بوونی ژنان لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی دەتوانێ سەرەنجی دونیای دەرەوە بۆ پاڵپشتی نێونەتەوەیی بۆ مافەکانی کورد ڕاکێشێ.ئێستاش پاش شەهید بوونی دوو ژنی تێکۆشەر ئەرکەکانی ئێمە چی دەبن تا بتوانین دەنگ و خواستی ئەوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە حەقی ڕەوای ئەوان بگەیێنینە دونیای دەرەوە.

بۆناساندنی ژنی کورد و خەباتەکەی لە ئاستی جیهانیی کۆمەڵێک کێشە و گرفت هەیە کە سەرەکیترینیان نەبوونی کیانێکی سەربەخۆیە و دەرفەتی دەرکەوتنیان نییە و بەشێوەی فەرمیی بانگهێشتی کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانییەکان ناکرێن تا قسەی خۆیان بکەن و بناسرێن.هەوڵ بۆ دێکۆمێنتسازی لەسەرخەباتی ژنی کورد و خواست و ویستەکانی بە زمانی ئینگلیزی بۆ جیهانی دەوربەری دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێ.

فرە نەتەوەیی لە ئێران خۆی بابەتێکی دیکەی کێشەکەیە کە هەرکام لەو نەتەوانە بەپێی تایبەتمەندی نەتەوەیی مێژوو و خواست و ئامانجەکانیان بە شێوازی جیاواز کاروچالاکی دەکەن و ژنانی نەتەوەی باڵادەست خواستەکانی نەتەوەکانی دیکە لەبەرچاو ناگرن بابەتەکانی ژنان وەک پرسی «ژنان لە ئێران» دەبینرێ، نەک ژنانی فارس و کورد وهتد. ئەو تریبۆن و کاناڵانەی بۆ ژنانی ئێرانی و نەتەوەی باڵادەست هەیە و لەخزمەت گواستنەوەی دەنگیانە، بۆ ژنی کورد نییە.

کەوایە دەبێ هەوڵەکان لەپێناو درووستکردنی هاوپێوەندی



نێوان ژنانی نەتەوەکانی ئێران بێ و خاڵە هاوبەشەکان وەک یاسا دژە ژنییەکانی کۆماری ئیسلامی، هەڵاواردنی ڕەگەزی و ڕوانینی پیاوسالارانە و پەراوێزخستنی پرسی ژنان،بکەینە بەستێنێکی باش بۆ هاوکاری و هاوبەشیکردن بۆ ئامانجە گشتییەکان کە ئەوەش دەبێ لەڕێگەی ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆهەڵاتەوە بێ کە بە گوتارێکی ڕوون و هاوبەش لە خواستی ژنی کورد بچێتە گۆڕەپانی سەرەکیی ئەو خەباتە و تێکەڵ بە ڕەوتێکی یەکگرتوانەی ژنانی ئێران بێت.

بابابەتێک کە هەمووکات مشت و مڕی لەسەر بووە و ڕای جیاواز هەیە لەو بوارەوە، بەشداری ژنان لە دوو خەباتی هاوتەریبی یەکسانیخوازیی و نەتەوەییە کە زۆر جار دەگوترێ کە خەباتی ژنی کورد لە بواری نەتەوەیی کۆسپ بووە بۆ باشترچوونە پێشی خەباتی یەکسانیخوازییەکە، بەڵام بە ڕای من لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی باشی و خراپی ئەو بابەتە کات بەفیڕۆدانە و هەردووک سەنگەری خەبات بایەخ و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. خۆدیتنەوەی ژنان لە نێو ئەو دوو ڕەوتەدا دەبێ بەچاوی ئەرێنی سەیر بکرێ و هەردوو بوار بکرێتە دەرفەتێک بۆ هەرچی باشترپێکانی ئامانجی دواڕۆژ بۆ مەسەلەی ژنان.

کۆمەڵێک ڕێکخراوە سەر بە حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان کە کار بۆ مەسەلەی ژنان دەکەن، یەک لەوان یەکیەتییەکەی نەسرین و سۆهەیلایە کە مێژوویەکی زێری و پڕئەزموونی هەیە کە خزمەتێکی زۆری بە دۆخی ژنان کردووە. بەڵام پێداچوونەوەی کاری ڕێکخراوە، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستای ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ هەنگاوی چارەسەری ئەو کێشەیە خێراتر بکا،ئەویش بە سرف کار کردن ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان لە بواری سینفییە. بەو جۆرە دەتوانێ زوومی تەواوی لەسەر کێشەکانی ژنان هەبێ وزەی و هەوڵی خۆی بۆ چارەسەریی ئەو کێشانە خەرج بکا و بەو جۆرەش ئاسان دەکرێ پێوەندیی نێوان ئەو ڕێکخراوەیە لەگەڵ ژنان لە ڕۆژهەڵات قوڵتر بکاتەوە و هەزینەی هاوکاری ژنانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەو ڕەوتە کەم بکاتەوە.

نەخش و ڕۆڵی ژنان لە بەرەوپێشبردنی خەباتی نەتەوەیی کەم و زۆر لە قۆناغە جیاوازەکاندا و بە شێوازگەلی جیاواز ناتواندرێ نادیدە بگیردرێ، بەڵام بەشداریکردنی ژنان لەو مەیدانە سیاسییە و حەودانیان بۆ گەیشتنە ئاستی بڕیاردان لەناو ئەحزاب پێویستە و ئەوەش بە خۆپێگەیاندن وئاگایی سیاسیی دەکرێ تا گەیشتنی ژنان بەو ئاستە بە پێی لێهاتووی بێت، دەنا ناتوانێ خزمەتێک بە پرسی ژنان و پڕکردنەوەی بۆشایی ژنان لە بڕیارەکانی ئەو حیزبە بکات.

ڕێگەیەکی دیکە بۆ پێکانی ئەو ئامانجە ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن کە دەبێ هەموو پۆتانسییەلەکان پێکەوە گرێ بداتەوە تا بتوانێ بە ئامانج بگا.ڕێکخستنی ئایدییاکانیان لەگەڵ ژنان لە ڕۆژهەڵات ئەرکێکی سەرەکییە کە ئەو ڕێڕەوە فکرییە هاوتەریب دەکاتەوە وئەو خواستانە فۆرمۆلیزە دەکا و لەڕێگەی ئەندامان لە وڵاتانی دەرەوە بگەیەندرێتە کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان.

بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجەکان و ئەو پێویستییانەی کە ئاماژەیان پێکرا، بناغەی پتەویی خزمەت بە پرسی ژنان تەکمیل دەبێ و دەتواندرێ جیناتەتی کارەساتی وەک شەهیدکردنی سۆهەیلا و نەسرینەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە جیهانی بکرێ.هەرچەندە دوو ژنی سەرکردەی گۆڕەپانی خەبات ئێستا موڵکی نەتەوەیەکن و خزمەت و قوربانیدانیان سنوورەکانی بڕیوە، بەڵام ناساندنی هەوڵەکانیان بۆ ئازادی و یەکسانی دەبێ بە نێونەتەوەیی بکرێ. ئەوەش ئەرکی سەرەکی ڕیکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانە کە هەوڵەکانی لەو بوارە چڕتر کاتەوە.

ئەگەرکۆماری ئیسلامی لە کاتی هاتنە سەرکاریەوە توانی سەرەتاییترین مافەکانی ژنان پێشێل بکات بزوتنەوەیەکی ئاگا و ئەکتیڤی ژنان لە ئارادانەبوو بەڵام ئێستا بەو جۆرەی کە پرسی ژنان هاوتەریبی پرسە جددییەکانی ناو کۆمەڵگەیە، بە دڵنیاییەوە بەهاتنە ئارای هەر گۆرانکارییەک لە ئێران، ناتواندرێ هێزی ژنانو بزاڤەکەیان لەبەرچاو نەگیردرێت.

# ژنانی شۆڕشگێڕ و شۆڕشگێڕیی ژنانە



شەونم هەمزەیی



وشەی شۆڕش (ئینقلاب) بە واتای گۆڕانی بنەڕەتییە. فیلسووفەکان لەو بڕوایەدان شۆڕش بە واتای گۆڕانی زات و چییەتیی شتێکە، بە واتایەکی تر بە بۆچوونی ئەوان دەبێ ئەم گۆڕانە هەر دوو بواری فۆرم و نێوەڕۆک لە خۆ بگرێ. هەر بەم پێیە لە بواری سیاسییش‌دا، بەو واتایە دێ کە بنەماکانی دەسەڵاتێک تووشی گۆڕان بێ. هەتا پێش لە شۆڕشی فەڕانسە، لەبەر ئەوەی چەمکی دەوڵەت-نەتەوە جێگیر نەببوو و هەروەها مەبەست لە خەباتەکان تەنیا گەیشتن بە دەسەڵات بوو نەک پێکهێنانی گۆڕانی بنەڕەتی، هەربۆیە بە دەسەڵات گەیشتن و ڕووخاندنی دەسەڵاتەکانی پێشوو بە ڕاپەڕین و سەرهەڵدان و ... پێناسە دەکرا؛ هەر لەم ڕووەوە شۆڕشی فەڕانسە بە دایکی شۆڕشەکان ناوزەد دەکرێ. هەرچەندە دواتر هەندێک لە چەپەکان و بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی ٥٧ـی ئێران‌دا لەو باوەڕەدا بوون کە هەر شۆڕشێک ئەگەر دەسکەوتی بەرەوپێش‌چوونی تێدا بەدی نەکرا و ئاکامەکە گەڕانەوەیەک بوو بۆ دواوە، دەبێ پێی بڵێین ڕاپەڕین و قیام و ڕاسان و هەستان و ... بەڵام ئەوەی کە هەموو بیرمەندانی بواری زانستی سیاسەت لە سەری کۆکن، هەر گۆڕانە بنەڕەتییەکەیە بەدەر لە هەر ئاکامێکی بەدەست‌هاتوو.

نامەوێ باس لە شۆڕش و شێواز و نموونە مێژوویی‌یەکانی بکەم، ئەوە وەک دەروازەیەک بوو بۆ ئەوەی ڕێ‌نیشاندەری باسەکەمان بێ و بۆمان ڕوون بکاتەوە کێ شۆڕشگێڕە. لەم بابەتەی ئەم جارەی گۆڤاری ژنان‌دا دەمەوێ باس لە ژنانی شۆڕشگێڕ بکەم، ئەو ژنانەی کە لە بزووتنەوە و شۆڕشە جیاوازەکان‌دا لە بەرەی پێشەوە بوون، نەک ژنانی نێو شۆڕش! ئەم دوو چەمکە جیاوازییان هەیە و ئەم جیاوازییەش هەر لە ناوەکەی‌ڕا دیارە. ژنانی نێو شۆڕش چەمکێکە بۆ ئەو ژنانە بەکار دەبرێ کە هاوڕێ و هاوخەم بوون لەگەڵ مێردەکانیان، کوڕەکانیان و براکانیان و یا هەر پیاوێکی دیکەی ژیانیان و زۆرتری چالاکییەکانیشیان، پشتی جەبهەیی بووە و ئەرکی وەک چێشت لێنان، تەقەڵ و دروومانی جل‌وبەرگی دڕاوی خەباتکاران و دەرمانی بریندارانیان لە ئەستۆ بووە. بەڵام ژنانی شۆڕشگێڕ هاوتەریب لەگەڵ ئەم ئەرکە پیرۆزانە چالاکیی سیاسی و نیزامییشیان کردووە. ئێمە هەر نەبێ ناوی چەندین پیاوی ئینقلابی و شۆڕشگێڕمان بەرگوێ کەوتووە، کە ناوبانگی جیهانییان هەیە، بەڵام کەمتر کەسێکمان هەیە ژنانی شۆڕشگێڕ بناسێ، ئەو ژنانەی کە تەمەنی خۆیان تەرخانی دژایەتی لەگەڵ دیکتاتۆری و دەسەڵاتە سەرەڕۆ و ئیدئۆلۆگەکان کردووە. من هۆکارە سەرەکییەکانیشی بۆ دوو بابەت دەگەڕێنمەوە، یەکیان: پیاوسالاریی مێژوویی و دووەمیان: ئاستی کەمی بەشداریی ژنان لە شۆڕشەکان‌دا بووە. لە پێوەندی لەگەڵ پیاوسالارییەکەدا دەبێ بڵێین لێرەدا مەبەستمان لە پیاوسالارییەکە کە لە تۆمارکردنی مێژوودا ڕەنگی داوەتەوە و لەوێ‌دا پیاوان کە مێژوونووس بوون، قارەمانەتییەکانیان بە ناوی خۆیانەوە گێڕاوەتەوە. لە سەر ئاست و ڕێژەی بەشدارییان دەتوانین ئاماژە بە باوەڕی باوی «لاوازیی فیزیکی»ـی ژنان بکەین – ئەمە تێڕوانینی پیاوان بووە لە بارەی ژنانەوە – و یەکێکی تریش لە هۆکارەکانی ئەم

بەشدارییە کەمە دەگەڕێتەوە بۆ دەقە ئایینییەکان، کە لەواندا جیهاد (خەبات) لەسەر ژنان وەک ئەرک، دیاری نەکراوە.
بەم حاڵەشەوە نموونەی زۆرمان هەیە لەو ژنانەی وا لە ڕیزی پێشەوەی خەباتدا یا بە چەک یا بە قەڵەم و کاری ڕێکخستن و ... چالاکییان کردووە؛ نابێ لەم ڕاستییەش لا بدەین کە هەمیشە وێڕای هەوڵدان بۆ دەسکەوتە گشتییەکانیان، هەوڵێکی دیکەشیان داوە بۆ ئەوەی لە پێشدا خۆیان بە هاوسەنگەرە پیاوەکانیان بسەلمێنن، جا دوایە بە بەرەی دوژمن! لەم بەشەدا بەکورتی چەند نموونە لەو کەسایەتییانە دێنمەوە، کە لەسەر ژنانێکی زۆر کاریگەرییان هەبووە:
زۆر کەس «نادژدا کرۆپسکایا» تەنیا وەک هاوسەری ڤلادمیر لێنین دەناسن، لە کاتێکدا کرۆپسکایا شۆڕشگێڕ و کەسایەتییەکی سیاسیی بەتوانا بوو و پێش لە شۆڕشی ئۆکتۆبری ڕووسیەش سەرەڕای ئەوەی یەکێک لە ڕێکخەرە سەرەکییەکانی شۆڕشی بۆلشۆڤیکی بە ئەژمار دەهات، بەرپرسایەتیی سەرنووسەریی بلاڤۆکی «ئیسکرا»ی لە ئەستۆ بوو. کرۆپسکایا پاش سەرکەوتنی شۆڕش، وەزیری پەروەردە بوو و زۆربەی کاتەکانی ژیانی خۆی، تەرخانی پەروەردەی کرێکاران و جووتیاران کرد و کتێبخانەی گشتیی بە مەبەستی دەسڕاگەیشتنی هەموو خەڵک بە کتێب و خوێندنەوەی کتێب دامەزراند.
دووەم کەس دەمەوێ ئاماژە بە ناوی «کۆنسانس مارکیۆڤیچ» بکەم، یەکێک لە ژنانی سیاسی، نیشتمانپەروەر، شۆڕشگێڕ و سۆسیالیست بوو. مارکیۆڤیچی ئیرلەندی-ئینگلیسی خوازیاری جیاییی ئیرلەند لە بریتانیا بوو. لە ساڵی ١٩١٦دا ڕاپەڕینێکی وەڕێ خست کە بە «ڕاپەڕینی ئیستێر» ناوبانگی دەرکرد. لەم ڕاپەڕینەدا کە ڕۆڵی ڕێبەرییەکەی دەگێڕا، لە لایەن سەربازانی بریتانیاییەوە تەقەی لێ کرا و بریندار بوو، هەر بەو هۆیە ناچار بە پاشەکشێ و تەسلیمبوون بوو. لە ئاکامی ئەم ڕاپەڕینەدا ٧٠ ژن دەسبەسەر کران، بەڵام تەنیا مارکیۆڤیچ حوکمی زیندانی تاکەکەسی و ئێعدامی بەسەردا سەپا، کە دواتر لەبەر ژنبوونی ئێعدامەکەیان لەسەر لابرد. دواتر کومیتەیەک بەناوی کومیتەی «تەعقیب»، ڕایگەیاند کە لە کاتی دەسبەسەر کردنیدا گوتوویەتی: «من ژنێکم و ئێوە نابێ تەقە لە ژن بکەن!» بەڵام بەڵگەکانی دادگا نیشانیان دا، کۆنسانس بەو پەڕی بوێرییەوە گوتبووی: «تەنیا ئەوەم دەویست سەربازەکانی ئێوە بوێریی تەقە کردنیان بووایە، بەڵام نەیانوێرا.» ئەمە کۆتاییی ژیانی سیاسیی ئەو نەبوو و دواتر لە ساڵەکانی ١٩١٩ بۆ ١٩٢٢ بووە وەزیری کاری ئیرلەند - کە لە یەکەمین وەزیرانی ژن لە جیهاندا بە ئەژمار دێ — پاشان وەک یەکەمین ژن بووە نوێنەری مەجلیسی عەوامی بریتانیا، بەڵام ئەم بەرپرسایەتییەی بە هۆکارێکی سیاسی قەبووڵ نەکرد و نەچووە ئەو مەجلیسەوە.
«پێترا هێرێرا» لە شۆڕشی مێکزیکدا وەک سەرباز بەشدار بوو. لەو شۆڕشەدا ژنسەربازێکی زۆر بەشدارییان کرد کە بەداخەوە زۆربەشیان دەکەوتنە بەر دەسدرێژیی سێکسی؛ هەربۆیە پێترا ڕەگەزی خۆی ئاشکرا نەکردبوو و ناوی «پێدرۆ»ی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو و وەک پیاوان هەڵسوکەوتی دەکرد. لە یەکەمین ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا هێرێرا بە نیشاندانی تواناییی نیزامیی خۆی و تەقاندنەوەی چەندین پرد و ڕێبەریی دەستەی جۆراوجۆر، کاتەکەی بە گونجاو زانی و ژنبوونی خۆی ئاشکرا کرد؛ بەڵام بەداخەوە پاشان لە لایەن پیاوە هاوسەنگەرەکانییەوە پەراوێز خرا.
لەیلا قاسم ژنە شۆڕشگێڕی کورد و ئیلهامبەخشی بەشێکی زۆر لە هونەرمەندانی کوردستان و هەروەها ژنانی تامەزرۆی




شۆڕشی کورد، لە ساڵی ١٩٧١ دەستی بە چالاکیی سیاسیی خۆی کرد و بووە ئەندامی یەکیەتیی قوتابییانی کوردستان. لەیلا لەو ژنە چالاکانە بووە کە کاریگەریی زۆری لەسەر وشیاریی نەتەوەییی خوێندکارانی کوردیی بەغدا داناوە. لەیلا قاسم بە پێویستی زانی شار بەجێ نەهێڵێ و درێژە بە چالاکیی ڕێکخستنەکانی بدا، کە هەر بەم هۆیەوە لە ساڵی ١٩٧٤ دەسبەسەر کرا. ئەو کاتەی کە لە زیندان بوو، لە لایەن چەند کەسی پلەبەرزی ڕێژیمی بەعسەوە داوای لێ کرا بە دەربڕینی پەژیوانی، گیانی خۆی ڕزگار بکات، بەڵام لەیلا قاسمی شۆڕشگێڕ و کۆڵنەدەر مەرگی لە ڕێی نیشتمان هەڵبژارد هەتا مانەوە و خزمەت کردن بە دوژمنانی نیشتمان؛ هەر بۆیە بەپەلە حوکمی لەسێدارەدانەکەیان جێبەجێ کرد و تەنانەت تەرمەکەشیان ڕادەستی بنەماڵەکەی نەکردەوە.
نموونە زۆرن بۆ ژنانی شۆڕشگێڕ کە لە ڕاستییدا کایەیان بە مەرگ کردووە، هەر لە دەوروبەری خۆمان دەتوانین ئاماژە بە کەسانێکی وەک سەکینە جانسز، لەیلا زانا، زێنەب جەلالیان، شیرین عەلەمهولی و... بکەین، بەڵام با ئەم بابەتە بمێنێتەوە بۆ کاتێکی تر. ئەم ژنە شۆڕشگێڕانە کە پانتای جوغرافیاییی چالاکییەکانیان وڵاتانی ئافریقایی و بەتایبەت وڵاتی ئەلجەزایێر کە دژبە داگیرکاریی دەوڵەتی فەرانسە خەباتیان کرد، هەتا وڵاتانی ئاسیایی و لەم نێوەدا ئێران دەگرێتەوە. لە ئێرانیش چ پێش لە شۆڕشی خەڵکی ئەم وڵاتە و چ دواتریش، ژنانێکی زۆر چەک یا قەڵەمیان هەڵگرت و بەدژی ڕێژیمەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی شۆڕشیان کرد. ژنانی شۆڕشگێڕی ئێران لە سەردەمی شادا زیاتر ئەندامی ڕێکخراوە چەپەکان و لەم نێوەشدا بەتایبەتی سەر بە چریکەکان بوون. ئەوان ژیانی ئاسایی و بنەماڵەییی خۆیان وەلا نابوو و ژیانی نهێنییان لە ماڵە تیمییەکاندا هەڵبژاردبوو، کە زۆر یەک لەوان گیانیان فیدا کرد و کەوتنە بەر پەلاماری توندی ساواک و هێزە ئەمنیەتییەکانی تری ڕێژیمی شا. بەڵام دواتر و بە گۆڕانی ڕێژیم و بە دەسەڵات گەیشتنی کەسانی ئایینی، ژنانی شۆڕشگێڕ هەم وەک سەربەخۆ و هەم لە چوارچێوەی ئەندامەتیی لایەنە جۆراوجۆرەکاندا دەرکەوتن. لەم بوارەشدا ڕۆڵی حیزبە کوردییەکان، بەتایبەت کۆمەڵە لە سازمان دان و ڕێکخستنی ژنانی شۆڕشگێڕدا زۆر بەرچاو بوو و سەرنجی ڕاگەیەنەکانی ئەو کاتی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.
لە ساڵە یەکەمەکانی دامەزرانی کۆماری ئیسلامی، ژنانی شۆڕشگێڕی ئێران کە خوازیاری گۆڕانی بنەڕەتی بوون، چەندین ڕێکخراوی سەربەخۆ و سەر بە لایەنە سیاسییەکانیان دامەزراند، هەندێک لەو ژنانەش هەر وەک پێشتریش ئاماژەی

پـێ کـرا بەتایبەتـی لـە کوردسـتان چوونـە ڕیـزی پێشـمەرگەی حیزبـە سیاسـییەکانەوە و بـە داسـەپاندنی شـەڕ بەسـەر کوردسـتان‌دا لـە بەرەکانـی شـەڕدا بەشـدارییان کـرد. لـەو ڕێکخراوانـەی وا لـە کوردسـتان دامـەزران، دەتوانیـن ئامـاژە بـە سـێ ڕێکخراویـان بکەیـن: «یەکیەتیـی ژنانـی مەریـوان» کـە لـە ڕەشـەمەی سـاڵی ٥٧دا دامـەزرا و هەڵوێسـت و چالاکییەکانـی لـە بـواری خەبـات لـەدژی خاوەن‌موڵکـەکان، پێکهێنانـی کومیتـەی فێـرکاری و بەخوێنـدەوار کـردن (آمـوزش و سـوادآموزی) و دامەرزاندنـی ناوەنـدی تەندروسـتی لـە دێهاتـەکان بـۆ چاەسـەری نەخۆشـە هـەژار و کەم‌داهاتـەکان، بـوو (ئـەم ڕێکخراوەیە لە کاتـی گەمـارۆی شـاری مەریـوان‌دا بـە هاوکاریـی شـۆڕای قوتابییانـی ئـەو شـارە، خواردەمەنییـان لـە نێـو خەڵـکدا بـڵاو دەکـردەوە). دووەم ڕێکخـراو، «شـۆڕای ژنانـی سـنە» بـوو کـە لـە سـاڵی ٥٨دا دامـەزرا، هەڵوێسـت و چالاکییەکانـی ئـەم ڕێکخراوەیـەش بـەم شـێوەیە بـوو: پێکهێنانـی ڕێکخـراوی سـەربەخۆی ژنـان بـۆ بەشـداریی چالاکانەتـر لـە بـوارە جیاوازەکانـی خەباتـی کۆمەڵگـە، دەور و ڕۆڵـی بەرچـاو و چالاکانـە بـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی خەڵـک بـۆ مان‌گرتـن و بەشـداری لـە خەباتـی شـاری سـنە دژبـە هێرشـی نیزامیـی کۆمـاری ئیسـلامی بـۆ سـەر ئـەو شـارە. سـێهەم ڕێکخـراو «کۆمەڵـەی ژنانـی خەباتـکاری سـەقز»ە کـە لـە بانەمـەڕی ١٣٥٨دا دامـەزرا، ئـەم ڕێکخراوەیـە بێجگـە لـە هەڵوێسـت و چالاکییەکانـی خاوەنـی ئامانـج و بەرنامـەش بـوو. ئامانجەکـە بریتـی بـوو لـە: ١) پێک‌هێنانـی شـۆڕای کرێـکاری و جووتیـاری ٢) پێویسـتیی مافـی دیاری‌کردنـی چارەنووسـی هەمـوو نەتـەوەکان. بەرنامەکانـی ئـەم ڕێکخراوەیـە: دۆزینـەوە و چارەسـەری کێشـەی ژنانـی دێهاتـی، کرێـکار، مـاڵدار و کارمەنـد – بـە خوێنـدەوار کـردن و پێکهێنانـی پێوەنـدی لەگـەڵ دیکـەی کۆمەڵـەی ژنـان – خەباتـی سـێنفی لـە پێنـاو دابین‌کردنـی پێداویسـتییە خۆش‌بژیوییـەکان (امکانـات رفاهـی) لـە کاتـی دووگیانـی و منداڵبـوون‌دا – دامەزراندنـی باخچـەی سـاوایان بـۆ ژنانـی کارمەنـد و کرێـکار – دامەزراندنـی شـۆڕای ناوچەییـی ژنـان – هـەوڵدان بـۆ پێکهێنانـی کلاسـی فێرگـەی نیزامـی.

بەداخـەوە هەمـوو ئـەو هەوڵانـەی لـەو سـاڵانەدا چ لـە ئاسـتی سـەراسـەری و چ لـە ئاسـتی کوردسـتان‌دا درا، بـە ئاکامێکـی بەرهەسـت نەگەیشـت و ئـەوەش ڕاسـتە کـە کۆمـاری ئیسـلامی ئـەم هەوڵانـەی تووشـی شکسـت کـرد، بـەڵام هـەر نەبـێ کاریگەریـی سیاسـیی خۆیـان لەسـەر وەچەکانـی دوای خۆیـان دانـا و ڕۆشـن‌گەرییەکیان بـە بەرەکانـی داهاتـوو بەخشـی.

لـە کۆتایـی‌دا پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکـەم کـە دۆخـی سیاسـیی ناوچەکەمـان ئێسـتاش هـەر لـە کەف‌وکوڵـی گۆڕانـە بنەڕەتییەکان‌دایـە و وێناچـێ بـەم قۆناغـەی ئێسـتا ڕاوەسـتێ، هەتـا دیکتاتۆرێـک بمێنـێ کۆمەڵێـک شۆڕشـگێڕیش هـەر دەمێنـن؛ بۆیـە نارەزایەتی‌دەربڕینـە یـەک لـەدوای یەکەکانـی ژنانـی ئەفغانسـتانی، هانـدەر بـوو بـۆ ئـەوەی لـەم ژمارەیـەدا بمـەوێ ئاوڕێـک لـەم بابەتـە بدەمـەوە. لە ڕاسـتیی‌دا مـن پێـم وایـە شـۆڕش پێـش لـە هـەر شـتێک، چەمکێکـی ژنانەیـە و ژنـان هـەر لـە بنەڕەت‌ڕا شۆڕشـگێڕ و سـەربزێون، یەکـەم شۆڕشـیان دژبـە دەسـەڵات و کـۆت و زنجیرەکانـی دەوروبەریانـە و جـا دوایـە هەنـگاو دەنێنـە ڕێـگای دژایەتیـی دیکتاتـۆرە گـەورەکان. ژنـان هەتـا گەیشـتنیان بـە مافەکانیـان هـەر وا درێـژە بـەو شۆڕشـە سـەدان و بگـرە هـەزاران سـاڵەی خۆیـان دەدەن. بـە چاوخشـاندنێک دەبینیـن ئـەوەی جێـی خۆشـحاڵییە ئەوەیـە کـە لـەم سـاڵانەی دوایـی‌دا، ژنـان چ لـە ئاسـتی جیهانـی و چ لـە ئاسـتی ناوچەیـی‌دا ڕۆڵـی بەرچاویـان لـە شـۆڕش و نارەزایەتی‌دەربڕینـەکان‌دا گێـڕاوە و ئەگـەر لـە هەمـوو شۆڕشـەکان‌دا نەبووبێتنـە پێشـەنگ، ئـەوە بەدڵنیاییـەوە بوونەتـە بەشـێکی جیانەکـراوەی ئـەو خەباتانـە. لـە شۆڕشـەکانی بەهـاری عەرەبییـەوە بگـرە کـە زۆر وڵاتـی لـە خـۆ گـرت هەتـا دەگاتـە بەرخۆدانەکانـی کۆبانـێ و عەفریـن و شـنگال و ژنانـی دژی فاندێمێنتالیزمـی ئیسـلامی لـە ئەفغانسـتان و شـەقامی شـارەکانی ئێـران و دایکانـی ماف‌ویسـتی وەک دایـە شـەریفە و دایکـی شـەهیدانی دیکـەی نارەزایەتی‌دەربڕینـەکان و دەنگـی ئـەو ژنـە عەرەبـەی نارەزایەتییەکانـی ئەحـواز کـە وتـی: «بـۆ تەقـە دەکـەن، تەزاهـورات سـەلمییە؟!» و خەباتـی تەنانـەت نێـو زیندانـی سـپێدە قولیـان و ... دەرخـەری ئـەوەن کـە پەیکـەرەی بەردینـی پیاوسـالاریی مێژوویـی دیکتاتـۆرەکان، بوونەتـە بووکەبەفرینەیـەک کـە توانەوەیانـی نزیـک و نزیکتـر کردووەتـەوە. دەبـێ توندوتیژییـە هەوسـارپچڕاوەکانی ئـەم دواییانـەی کۆمەڵگـەی کوردسـتان و هـەر شـوێنێکی دیکـەش هـەر لـە چوارچێوەی دوایین پەلەقاژە پیاوانەکان‌دا، خوێندنەوەی بۆ بکرێ.





# دیدارێک لەگەڵ بەشێک لەو ژنانەی کە ئەزموونێکی کارییان لەگەڵ شەهیدانی ڕێبەر نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری تێپەراندووە

دیمانە: سۆما حەکیمزادە

**سێ ساڵ لە کارەساتی هێرشی مووشەکی کۆماری ئیسلامی تێدەپەڕێ دیارە زۆر لە زامەکان ماون ساڕێژ بن. یەک لەو زامانە خەسارێکە کە لە نەبوونی دوو سەرکردەی ژن شەهیدان (نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری) بوو کە وە جەستەی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی ژنان کەوت و ئێستاش دوای سێ ساڵ لەگەڵ ئەوەی کە میراتگرانی ڕێبازیان بەو پەڕی ماندوو بوون و تواناییان کاریان کردووە ئەو زامە لە دڵان دا ساڕێژ نەبووە. گۆڤاری ژنان بۆ ئەمەگناسی لەو کەسانەی کە ساڵیانێک لەگەڵ بەشێک ئەو دوو شەهیدە مەزنە هاوکار و هاوڕێ بوون دیمانەیەکی کردووە و پێشکەش بە خوێنەرانی دەکا.**

**١–سەرەتا خۆت بناسێنە وفەرموو لە دەورەی سکرتیری کام لە سکرتێرەکانی شەهید نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری هاوکاریان بووی؟**

ناوم «عیسمەت نەستانی»یە، کادری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانم. مێژووی پەیوەندی و هاوکاریم لە گەڵ شەهید نەسرین حەداد لە چەند قۆناغێکدا بووە. لە قۆناغی یەکەمدا، ساڵانی ١٣٥٨و ١٣٥٩ی هەتاوی دەگەڕێتەوە کاتێک کە بە یەکەوە لە ڕێکخراوی ژنان و لاوانی دێموکرات لە کۆمیتەی سەردەشت لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوکاری یەکتر بووین. قۆناغی دووەم، ئەوکاتە بوو کە نەسرین حەداد بەڕێوەبەری خوێندنگەی "ئازادی" بوو و منیش وەک مامۆستای گەورەساڵان دەرسم دەگوتەوە و لە دواتریشدا ئەو کاتەی شەهید نەسرین حەداد بەرپرسی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی حیزبی دێموکرات بوو و منیش لە نێو کەمپەکانی حیزبی دیموکراتدا بەڕێوەبەری خوێندنگەی ئازادی بووم. قۆناغی سێیەم دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی یەکەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات، ئەوکات من وەک سکرتێری ئەو ڕێکخراوە و شەهید نەسرین وەک ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی هەڵبژدرا بووین و بووینە هاوکاری یەکتر لەو ڕێکخراوەدا.

قۆناغی چوارەم، دوای کۆنگرەی سێیەمی یەکیەتیی ژنان کە شەهید نەسرین وەک سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا، من هاوکاری شەهید نەسرین بووم لە بواری نووسیندا بە تایبەت گۆڤاری ژنان وەک ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوەیە.

دەتوانم بڵێم شەهید نەسرینبەجێگەیاندنی ئەرکە پێسپێردراوەکانی کەسێکی ئەرک وەخۆگر و جیددی بوو، لە لە ڕاپەڕاندنی کاری هاوکارەکانی جیاوازی نەدەکرد کە هی ئەوە یان هی خۆیەتی، ئەوەی بە لایەوە گرینگ بوو ڕاپەڕاندنی کارەکانی ئەو ئۆرگانە یان ئەو ڕێکخراوەیە بوو بە تایبەت لە خوێندنگەدا هەمیشە بۆشایی کاری مامۆستاکانی پڕ دەکردەوە و نەیدەهێشت بۆشایی هەبێت، پەروەردە لە لای خۆشەویست بوو، لە بەرەوپێشچوونی کاری خوێندنگەدا هەمیشە مایەی لە خۆی دادەنا و بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە بە پەرۆش بوو.

– پەیوەندی و هاوکاریی من لەگەڵ شەهید سوهەیلا دەگەڕێتەوە بۆ کۆنفرانسی سێیەم و کۆنگرەی یەکەمی یەکیەتیی ژنان کە لەو کۆنفرانس و کۆنگرەدا سوهەیلا وەک ئەندامی بەڕێوەبەری و منیش وەک بەرپرس و سکرتێری یەکیەتیی ژنان هەڵبژێردرام، هەروەها دوای کۆنگرەی دووەمی یەکیەتی ژنان کاتێک شەهید سوهەیلا وەک سکرتێری یەکیەتیی ژنان هەڵبژێردرا و منیش لە بواری نووسیندا بە تایبەت لە گۆڤاری ژنان کە تایبەت بوو بەو ڕێکخراوە هاوکاری بووم.

شەهید سوهەیلا کەسێکی بە وزە و ئەرک وەخۆگر بوو لە ئەرکە پێسپێردراوەکانی سەرکەوتوو و خەمخۆر بوو، کەسێکی نەرم و نیان و لەسەرەخۆ بوو. دەیتوانی بە زمانی هەموو کەس بدوێ و هەوڵی زۆری دەدا بۆ ئەوەی کارەکانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان بە شێوەیەکی باش بەرێوە بچن.

**–باسێک لە کەسایەتی و ئەخلاقی حیزبی ئەو خۆشەویستەی کە هاوکاری بووی بۆ خوێنەران بکەن.**

بێگومان کاریگەری هەبووە، چونکە هەر دوو شەهید واتە نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەنێو حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوی یەکیەتیی ژناندا ناسراو و جێگە و پێگەی تایبەتیان هەبوو، ڕاستە بە خۆشیەوە بە هەوڵ و هیممەتی کچان و ژنانی شۆڕشگێڕ و ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات ئەو ڕێکخراوەیە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە و درێژەدەری ڕێگای شەهید نەسرین و سوهەیلان، بەڵام حاشا لەوە ناکرێ کە جێی بەتاڵی ئەوان بەو ڕێکخراوەیەوە دیارە.

**–ئیستا کە جیهان لە حالی گۆڕان دایە و پرسی ژن پرسێکی گرینگە، پێتان وایە ئەرکی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان کە میراتگری ڕێبازی شەهیدانی ڕێبەریانن لە بەرابەر خەڵکدا چییە؟**

ئەمڕۆ پرسی ژن پرسێکی جیهانییە و بەو گرینگیەوە لەو پرسە دەڕوانری، هەربۆیە جێگای خۆیەتی کە ڕێکخراوی یەکیەتی ژنان بە شێوەیەک کارو چالاکی خۆی بکات تا وەڵامدەری ئەو پرسە بێ.





**–سەرەتا خۆت بناسێنە وفەرموو لە دەورەی سکرتیری کام لە سکرتێرەکانی شەهید نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری هاوکاریان بووی؟**

من زولیخا جەشنی چەند دەورە بە دوای یەکدا ئەندامی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان بووم و شانازی ئەوەم هەبووە کە لەگەڵ هەر دوو شەهید (سوهەیلا و نەسرین) لە بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان کار بکەم.

**–باسێک لە کەسایەتی و ئەخلاقی حیزبی ئەو خۆشەویستەی**
**کە هاوکاری بوون، بۆ خوێنەران باس بکەن.**

هەر وەک پێشتر باسم کرد شانازی ئەوەم هەبووە ئەندامی بەڕێوەبەری بم و لە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان لە نزیکەوە کاریان لەگەڵ بکەم بەڵام هەڵسەنگاندنی کەسایەتی ئەو دوو شەهیدە ڕەنگە بۆمن کارێکی ئاسان نەبێ، چونکە هەر دوو شەهید (سوهەیلا و نەسرین) خۆیان پەروەردەی قوتابخانەی دێموکرات بوون و بە بنەماڵەوە تێکەڵ بە خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببوون و هەر لە منداڵییەوە بە بیر و هزری دێموکرات گۆش کرابوون، هەر بۆیە لە سەردەمی بەرپرسایەتیان لە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان هەموو کار و کردەوەیان لەچوارچێوەی ئەو ڕێبازەدا بوو. ئەوەندەی من لە نزیکەوە کارم لەگەڵ هەر دوو شەهید کردووە وەک کەسایەتی خۆیان کەسانی ڕوحسووک و دڵ گەورە و لێبوردوو بوون و لە هەموو کاتدا بە دوای لێکتێگەیشتن و تەباییدا دەگەڕان و ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی بەدەر لە حیزبی دێموکراتیش ڕەنگی دابۆوە و بە چەشنێک کە هەر زوو سەرنجی لایەنی بەرانبەریان بۆ لای باسەکانی خۆیان ڕادەکیشا و پێوەندیەکیان دادەمەزراند کە زەحمەت بوو بە ئاسانی هەڵبوەشێتەوە. هەر دوو شەهید هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە کاری ڕێکخراوەیی ژنان بەرەوپێش بچێ و بەراستی بوێرییان هەبوو و لە کارکردن و بەدواداچوونی بابەتەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی ژنان ماندوو نەدەبوون. شەهید بوونی سوهەیلا قادری و نەسرین حەداد هاوڕێ لەگەڵ پۆلێک شەهیدی دیکە لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانان لە هەمان کاتدا کە زیانێکی گەورە بوو لە جەستەی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیانێکی بەژانیش بوو کە بەر جەستەی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوت کە تەنیا بە ماندوو بوون و یەکگرتوویی و هەوڵ و تێکۆشانی ڕێکخراوەیی قەرەبوو دەکرێتەوە. بە کورتی هەردوو شەهید (سوهەیلا قادری و نەسرین حەداد) لە هەموو بارێکەوە جێ پەنجەیان بە مێژووی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتەوە دیارە، یادیان پیرۆز و ڕێگا و ڕێبازیان بەردەوام بێ.

**–ئیستا کە جیهان لە حالی گۆڕان دایە و پرسی ژن پرسێکی گرینگە، پێتان وایە ئەرکی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان کە میراتگری ڕێبازی شەهیدانی ڕێبەریانن لە بەرابەر خەڵکدا چییە؟**

هەر وەک لە ناوەرۆکی پرسیارەکە دایە کە لە سەردەمی ئیستادا پرسی ژن و مافەکانی و پاراستنی کەسایەتییان لە بازنەی مافەکانی مرۆڤدا بۆتە پرسێکی گرینگی جیهانی، ڕۆڵی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان گرینگتر و بە بایەختر لە کۆمەڵگەدا خۆی دەنوێنێ و لە هەمانکاتدا ئەرکی قورستر دەخاتە سەر شانی بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە کە زیاتر هەوڵ بدەن بۆ پەروەردەکردنی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئاشناکردنی زیاتری ژنان بە مافەکانیان و هاندانیان بۆ وەدست خستنی ئەو مافانە. بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەریانە وەک میراتی شەهیدان (سوهەیلا و نەسرین) لە هەوڵ و تیکۆشان بۆ سەرکەوتنی خەباتی نەتەوایەتی و لە هەمان کاتدا خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان، ڕانەوەستن و کار بکەن بۆ بەهێزکردنی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان و بەرفراوان کردنی بازنەی کار و تێکۆشانیان چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات.



**–سەرەتا خۆت بناسێنە وفەرموو لە دەورەی سکرتێری کام لە سکرتێرەکانی شەهید نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری هاوکاریان بووی؟**

من خەدیجە پوورمەند کادری یەکیەتیی ژنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ٩ ساڵ ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان بووم. لە کارکردن لەو ڕێکخراوەدا لە نزیکەوە مامۆستا نەسرین حەداد و سوهەیلا قادریم ناسین.

بۆ ماوەی دەورەیەک کە سوهەیلا سکرتێری یەکیەتیی ژنان بوو، بە یەکەوە هاوکار بووین، من لە بەشی پەروەردە بووم و ئەو سکرتێر بوو. لە کاری ئێمەدا هیچ کات بەرپرسی یەکەم یان ئەوانەی لە هەر پلەیەک دابان جیاوازی نەبوو. سوهەیلا زۆر ڕێزی لە هاوکارەکانی دەگرت. تایبەتمەندی زۆر جوانی هەبوون. لە کاتی دانیشتنی خۆماندا شۆخی لەگەڵ هەمووان دەکرد، قسەی خۆشی دەکرد و مەجلیس خۆش بوو. لەگەڵ زۆربەی ژنەکان شۆخی هەبوو. لەکاتی کاردا کەسێک بوو ماندوو بوونی نەدەزانی چەند کاری بە یەکەوە دەکرد و هەموویانیشی بەباشی ئەنجام دەدا.

تایبەتمەندیەکی دیکەی ئەوە بوو کە لە کار نەدەترسا و زۆر کاری دەکرد. کەم کەس دەیوێرا خۆی لێ بدا بەتایبەتی کێشەی ژنان ئەگەر بۆخۆی زەرەری زۆریشی وێکەوتبا و زانیبای کەسێک ناهەقی لەگەڵ دەکرێ هەموو هەوڵی خۆی دەدا بۆ ئەوەی هەقی نەخورێ و ئەو کەسە بزانێ کە پشت و پەنای هەیە. لە کاری ڕێکخراوەدا هەموو هەوڵی خۆی دەدا بۆ بەرەوپێشچوونی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان. بۆی گرینگ نەبوو سەردانی هەر جێگایەک بکات تا دەسکەوتێک بۆ یەکیەتیی ژنان وەدەست بێنێ.

هەمیشە دەیگوت دەبێ یەکیەتیی ژنان لەنێو ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستان سەروگەردنێک لە سەرەوەتر بێ. لە دانیشتن لەگەڵ هەر لایەنێک بایەین قەت خۆی لەوان بەکەمتر نەدەزانی، وای دەکرد سکرتێری ڕێکخراوەکانی باشوور ئەوانەی لە دەسەڵاتیشدا بوون ڕێزی تایبەتی بۆ دابنێن.

من هەمیشە هەم شانازیم پێوە دەکرد و هەم شتی لێ فێر دەبووم.

کە لە جێگایان باسی خۆمانی دەکرد ئێمەمانان باڵامان دەکرد. بۆ کاری حیزبیش هەر وابوو، زۆر دڵگەرم بە باوەڕ و بە بەرنامە بوو، هەمیشە لەوە دەگەڕا بزانێ کێ بۆ چ کارێک دەبێت، بزانێ کێ چ بەهرەیەکی تێدایە بیهێنێ فێری بکا بەتایبەتی ژنان و کچان لە ماڵ بێنێتە دەر کاریان بۆ بدۆزێتەوە و کاریان پێ بسپێرێ.

**–باسێک لە کەسایەتی و ئەخلاقی حیزبی ئەو خۆشەویستەی**
**کە هاوکاری بوون، بۆ خوێنەران باس بکەن.**

سوهەیلا تایبەتمەندی جوانی یەکجار زۆر بوو. وەک دایک وەک هاوڕێ وەک ژنی ماڵ وەک دراوسێ وەک هاوکار و وەک سەرکردە. لە هەموو ئەو سفەتە جوانانەی لە سوهەیلادا هەبوون دەکرا دەرسی لێ وەرگری. هەزار سڵاو لە یاد و ناوی، بۆ هەمیشە لە دڵماندا دەمێنێتەوە و سەرمەشقە بۆ کار و ژیانمان.

دەکرێ بڵێم بەخۆشیەوە ئەوان لە دوای خۆیان هەم وەک فکرە هەم وەک هێزی کار دەستپەروەردە و هێزێکی باشیان بەجێهێشتووە کە لەدوای ئەوان درێژەدەری کاری ئەوانن.

هەم لە نێو شۆڕش هەم لە ڕۆژهەڵات، بەخۆشیەوە نەیانهێشتوە سەنگەری خەباتیان چۆڵ بێ و بە هەموو شێوەیەک درێژەدەری ڕێگای شەهید سوهەیلا و نەسرین بوون.

ئێستا یەکیەتیی ژنان بە هیممەتی دەستپەروەردەکانی سوهەیلا بە شێوەیەکی هەمەلایانە کار و چالاکی دەکا، بە سەدان ئەندامی دڵسۆز و پێگەیشتووی لە ڕۆژهەڵات لە تێکۆشان دان. ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ یەکیەتیی ژنان و لە دەرەوەی وڵاتیش هەر زۆر بە بەربڵاوی ژنان هاتوونەتە نێو کاری یەکیەتیی ژنان کە ئەوە مانای ئەوەیە کە ڕێگای سوهەیلا و نەسرین پڕ ڕێبوارە.

لە ئاستی جیهانیدا هیچ لە ژنانی بەشەکانی تری کوردستان لە دواتر نین، بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەندامان و بەڕێوەبەرانی یەکیەتیی ژنان توانراوە ئەو ڕێکخراوە لە ئاستێکی باش دابێ.

دەکرێ بڵێین سوهەیلا گیان نەسرین گیان ئارام بگرن زۆر ماندوون ڕێگای خەباتتان پڕ ڕێبوارە. ئێستا بە سەدان نەسرین و سوهەیلا لە تێکۆشان دان.

بۆ مامۆستا نەسرین، من زیاتر لە کاری حیزبی دا لە نزیکەوە کارم دەگەڵ کردوە، ماوەی چەند ساڵ بوو لە ئۆرگانی کومیسیۆنی پەروەردە و فێرکردن هاوکار بووین، کارکردنی زۆر لەگەڵ خۆش بوو، ڕەفیقانە کاری دەکرد. بەبەرنامە بوو کاری بەوە نەبوو کە پلە و پایەی چییە، هەر کارێک بایە بۆی گرینگ نەبوو کاری ئەو نییە یان کاری یەکی دیکەیە، ئەوەی بۆی گرینگ بوو دەبوو کار بکرێ و هەمیشە سەری حاڵ بوو. کە نەخۆشیش بایە یان نارەحەتیەکیشی هەبایە هەستت پێی نەدەکرد.

ئەگەر لە نزیکەوە کارم لەگەڵ دەکرد باوەڕم زیاتر بەخۆم دەبوو، ئەوەندە هاندەر بوو هەستم دەکرد زۆر لەوە زیاترم پێدەکرێ. بۆ هەموو هاوکارەکانی هاوڕێیەکی باش بوو. کەسێکی پێگەیشتوو بوو، قاڵبووی هەموو قۆناغەکانی خەبات بوو چونکە بە بنەماڵەوە هەم بنەماڵەی خۆی هەم بنەماڵەی کاک محەممەد حەسەن پوور دەمێک بوو لەو حیزبەدا بوون.

مامۆستا نەسرین بە مانای مامۆستا بۆ هەموومان مامۆستا بوو، کە لەگەڵی دادەنیشتی چێژت لە وتە بەنرخەکانی وەردەگرت. کە دەچوومە لای دەمگوت با ئەو کارە بکەین، ئەو هەموو بەرنامەی هەبوو بەڵام هیچیشی بەلاوە زەحمەت نەبوو . هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە هەموو تاڵی و سوێرییەکانی ئەو خەباتەدا بەشداری کردبوو بەڵام هەر دەتگوت تازە ئەوڵی کاریەتی.

هەزار سڵاو لە یاد و ناوی
قەت لەبەرچاوم ون نابن
هەر شوێنێک ڕووی تێدەکەم، دەنگیان، هەیبەتیان، بیریان،
لە گەڵمانن، لە فکرماندان و لەگەڵمانن .



**–سەرەتا خۆتان بە خوێنەرانی گۆڤار بناسێنن وبفەرموون لە دەورەی سکرتیری کام لە سکرتێرەکانی شەهید نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری هاوکاریان بووی؟ باسێک لە ئەزموونی کاری خۆتمان لەگەڵ ئەو دوو شەهیدە بۆ بکەن.**

لە سێهەمین ساڵیادی شەهیدبوونی شەهیدانی ١٧ی خەرماناندا، سەری ڕێز و نەوازش بۆ سەرجەم شەهیدانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات دادەنەوێنم و پەیمان و بەڵێنیان لە گەڵ نوێ دەکەمەوە، کە تا وەدیهاتنی ئامانجی بەرزیان، درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی پیرۆزیان بم.

و. پ ١/ لەڕاستیدا من وەک دەستەی بەڕێوەبەری لە یەکیەتیی ژنان هاوکاری شەهید سۆهەیلا نەبووم، بەڵام هەم وەک هاوڕێ و هەمیش وەک ئەندامی ئەو ڕێکخراوە، هەمیشە بە ئەرکی خۆم زانیوە، کە هەر کارێک بە من بکرێ، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەنجامی بدەم.

لە هەمانکاتیشدا شەهید سوهەیلا خۆی زۆر حیسابی لە سەر من دەکرد، و هەر کات پێویستی بە هاوکاریی من هەبوایە بێ دوودڵی ئاگاداری دەکردم.

دەبێ بڵێم من و شەهید سوهەیلا جیا لە هاوڕێیەتی چەند ساڵەمان، هەم لە بەڕێوەبردنی کار و ئەرکی حیزبی و هەمیشە لە بواری کاری ڕێکخراوەییدا، زۆر هاوکار و هاوفکری یەکتر بووین.

بەڵام بۆ شەهید نەسرین، دەبێ بڵێم بە شانازییەوە من دەورەیەک لە یەکیەتیی ژنان هاوکاری شەهید نەسرین بووم. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی ٣ی یەکیەتیی ژنان کە دەستەیەکی بەڕێوەبەری، کە بریتیبوون لە هاوڕێیان شەهید نەسرین، ڕۆژە عەزیزی، حەلیمە ڕەسووڵی، شەهێن مورتەزازادە و من کە بۆ بەڕێوەبردنی کار و ئەرکی ئەو ڕێکخراوە هەڵبژێردراین.

لە ماوەی کارکردنم لە گەڵ شەهید نەسرین زۆر ئاسوودە بووم، من و مامۆستا نەسرین ڕۆژانە زۆرترین کات پێکەوە دەبووین و بەردەوام سەبارەت بە کار و بەرنامەمان بۆ یەکیەتیی ژنان ئاڵوگۆڕی بیروڕامان دەکرد.

ئەگەر من باس لە کەسایەتی و ئەخلاقی سیاسی ئەو دوو ژنە تێکۆشەرە بکەم، بە دڵنیایی، لە وتوو وێژێکی وا کورتدا ناتوانم هەقی خۆیان پێبدەم و بەو شێوەی کە شیاویانە پێناسەیان بکەم.

تەنیا دەتوانم بە شێوەیەکی گشتی بڵێم کە ئەوان نموونەی دوو ژنی شۆڕشگێڕ و خەباتکاری نێو ڕیزەکانی حیزب بوون، کە هەرچی سیفەت و تایبەتمەندی بەرز و جوان هەیە لەواندا بەدی دەکرا.

ئەوان دوو ژن بوون کە لە منداڵییەوە بە ئەلف و بێی شۆڕشگێڕی پەروەردە کرابوون و گۆشکراوی کورەی خەباتی ڕۆژە سەختەکانی ژیانی نێو شۆڕش بوون.

هەر بۆیەش لە هیچ شتێک و لە هیچ سەختتیەک نەدەپرینگانەوە.

هەر ئەرک و بەرپرسیارەتیەکی حیزبی، لە هەر ئۆرگان و شوێنێکیان پێسپێردرابایە، بەو پەڕی دڵسۆزی و هەستی بەرپرسیارەتییەوە و بە باشترین شێوە جێبەجێ و بەڕێوەیان دەبرد.

ئەوان کە دوو خەباتکاری پارێزەری مافی ڕەوای نەتەوەکەیان بوون ساڵانێک خەباتیان بۆ کرد، لە هەمان کاتیشدا دوو تێکۆشەری بواری مافەکانی ژنان بوون و لەو سەنگەرەشدا داکۆکیان لە مافە ڕەواو تایبەتییەکانی ژنان دەکرد و کار و چالاکیشیان لەو بوارەدا دیار و بەرچاوە.

کەسایەتی بەرزی ئەو دوو ژنە شەهیدە، تەنیا لە کار و ئەرکی سیاسی و ڕێکخراوەیدا خۆلاسە نەبیۆوە، بەڵکوو لەنێو کۆڕی هاوڕێ و هاوسەنگەرانیان و بنەماڵەکانیشدا دیار و بەرچاو بوون، ئەوان وەک دایک و خوشکی پێشمەرگەکان هەڵسوکەوتیان دەکرد و زۆر دڵسۆز و خەمخۆری ئەوان بوون، هەر بۆیەش جێگەی خۆیان لەنێو دڵی ئەواندا کردبۆوە و ببوونە خۆشەویست و جێگای متمانەیان.

ئەو کەسایەتییە بەرزەی ئەو دوو ژنە تێکۆشەرە ئەوانی کردبووە خۆشەویست و جێگای متمانەی زۆربەی زۆری بنەماڵەکان و ژنان و کچانی نێو حیزبیش، هەر کەس و لە هەر کاتێکدا پێویستیان پێیان بوایە، بەبێ دوودڵی سەردانیان دەکردن و گرێی دڵی خۆیانیان بۆ دەکردنەوە.

و.پ٢/هەر وەک پێشتریش ئاماژەم پێدابوو، شەهیدان نەسرین و سوهەیلا دوو لە ژنە چالاک و دیارەکانی ڕیزی حیزب بوون و مێژوویەکیان لە خەبات و تێکۆشان هەبوو، ئەوان لە زۆر لە ئۆرگانەکانی حیزبدا کار و بەرپرسایەتیان هەبووە و لەگەڵ کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگە و ڕێبەری حیزبدا هاوکار و هاوسەنگەر بوون و ڕۆژانە پێکەوە ئەرکی حیزبییان جێبەجێ دەکرد کە بە دڵنیاییەوە کاریگەری و جێ پەنجەیان زۆر بە باشی هەستی پێدەکرێ و دیار و بەر چاوە.

هەر وەکو گوتم ئەوان دوو ڕوخساری دیار و کاریگەری نێو حیزب و ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان بوون و لە ڕێگای کار و چالاکیەکانیانەوە، نەک هەر بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات بەڵکوو بۆ زۆرێک لە خەڵکی باشوور و باقی پارچەکانی دیکەی کوردستانش سیمایەکی ناسراو و کاریگەر بوون. بەو هۆیەی کە شەهید سوهەیلا لە ڕاگەیاندنی حیزبدا کاری دەکرد و ڕاستەوخۆ دەچووە نێو زۆربەی زۆری ماڵەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر بۆیەش ببوە سیمایەکی خۆشەویستی خەڵکی ڕۆژهەڵات. کەواتە بەڵێ بە دڵنیاییەوە گاریگەرییان هەبوو.

و.پ٣/ هەر وەک دەزانین یەکیەتیی ژنان خاوەن مێژوویەکی دوورودرێژی خەبات و تێکۆشانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر بە پێی ئەو مێژووەش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و ژنان بە تایبەتی چاوەڕوانیان لێی هەیە کە لە هەمووکات زیاتر چالاک بێ و خۆی بەڕۆژ بکاتەوە، تا لە ڕەوتی ڕووداوەکان وەدوا نەکەوێ و بتوانێ کاریگەریی خۆی هەبێ.

ئەوەی کە یەکیەتیی ژنان ئێستا دەتوانێ بیکا، پێویستە گرینگی بدا بە پەروەردە و بارهێنانی ئەندام و لایەنگرانی، چونکە بناغەی هەر کۆمەڵگەیەکی تەندروست دەگەڕێتەوە سەر پەروەردەکەی.

کارکردن لە سەر هۆشیارکردنەوەی گۆمەڵگە سەبارەت بە مافی یەکسانی ژن و پیاو و گۆڕینی بیروباوەڕە دواکەوتوو و چەق بەستووەکان ئەرکێکی دیکەی ئەم ڕێکخراوەیە.

پەیوەندیگرتن بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ بەگشتی و مافی ژنان و منداڵان بە تایبەتی کارێکی دیکەیە کە یەکیەتیی ژنان پێویستە بە بەردەوامی هەوڵی بۆ بدات، تا لەو ڕێگەوە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بە گشتی و بێ مافی ژنان و منداڵان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گوێی دنیا بگەیەنێ.

**–سەرەتا خۆتان بە خوێنەرانی گۆڤار بناسێنن وبفەرموون لە دەورەی سکرتیری کام لە سکرتێرەکانی شەهید نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری هاوکاریان بووی؟ باسێک لە ئەزموونی کاری خۆتمان لەگەڵ ئەو دوو شەهیدە بۆ بکەن.**

من عایشە عیسانەژاد پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و کادری یەکیەتیی ژنانم، سەرەتای هاوکاری من و شەهید مامۆستا نەسرین دەگەڕێتەوە بۆ کاتی سکرتێری ئەو. ساڵ و نیوێک بەیەکەوە کارمان کرد، ئەو سکرتێری یەکیەتیی ژنان بوو و منیش ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری بووم. پێوەندی کاری شەهید نەسرین لەگەڵ هاوکارانی تەواو دۆستانە و خوشکانە بوو و بەو پەڕی ڕێزەوە لەگەڵ هاوکارانی هەڵسووکەوتی دەکرد هانی دەدان بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانەی ڕێکخراوە.

من زۆر شت لە مامۆستا نەسرین فێر بووم، لەوەی کە مامۆستا نەسرین قاڵبووی نێو شۆڕش بوو، مامۆستای شۆڕش بوو .بەڕاستی ئەو ئەزموونەی کە من لە مامۆستا نەسرین هەم لە بارەی حیزبایەتی هەم لەبارەی ڕێکخراوەیی فێر بووم بۆ من بوو بە ڕێگا نیشاندەرم.

ئەو قەت لە کارەکانی ماندوو نەدەبوو لە هەمانکاتدا ڕۆژانە سێ کاری بەڕێوە دەبرد بەڵام قەت هەستت بە دڵساردی و ماندوو بوون لەج ڕوخساریدا نەدەکرد و زۆری گرینگە بە کارەکانی دەدا و هەوڵی دەدا باشتر بەڕێوەیان بریٚ و بە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی هاوکارانی بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کارەکان دەکرد. زۆری هەوڵی دەدا ژنان لەماڵەوە بێنێتە دەرێ و کاری ڕۆژانەی ڕێکخراوەیان پێ بسپێرێ. حەزی نەدەکرد ژنان لە ماڵێ دانیشن، پێی خۆشبوو ژنان بێنە نێو کارەوە. مامۆستا نەسرین ئینسانێکی زۆر کۆمەڵایەتی، گەورە و بە دیسپلین، تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بوو. ڕۆژانە باسی لە حیزبایەتی و ئەزموونەکانی بۆ ئێمە دەکرد. ئەو ڤچەند ساڵ لەنێو حیزبدا خەبات و تێکۆشانی بەڕێوە برد بەڵام زۆر شتەکانی حیزبی بۆ ئێمە شی دەکردەوە و لە هەموو بارێکدا لە سیاسەتەکانی حیزب ئێمەی ئاگادار دەکردەوە، زۆر جار کاتێک کە لە مێژووی یەکیەتیی ژنانی بۆ ئێمە باس دەکرد دەیگوت: یەکیەتیی ژنان زۆر هەوراز و نشێوی بڕیوە، کە ئەوانەی بۆ ئێمە باس دەکرد و دەیگوت: دەبێ ئێمە نەهێڵین ئەو ڕێکخراوەیە بە هیچ شێوەیەک دوا بکەوێ چونکە ئەو ڕێکخراوەیە چەندین ساڵ لەگەڵ حیزب هاتۆتە پێشێ تا ئێستاش بەڕێوەمان بردووە ئێستا دەبێ جوانتر و باشتر بەڕێوەی بەرین بۆ ئەوەی کە ڕێکخراوەکەمان سەرکەوتوو بێ.

بیینە سەر باسێک لە شەهید سۆهەیلا قادری کە نیزیک بە ٦ ساڵ لەگەڵ شەهید سۆهەیلا کارم کردووە، من دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان و شەهید سۆهەیلا سکرتێر بوو. لەو ماوەیەدا ئەرکی بەشی پەروەردەم لە ئەستۆ بوو، زۆربەی کاتەکان کە پێکەوە دەکەوتینە گفتوگۆ لەسەر گرینگی پەروەردە قسەی بۆ دەکردم و هاوفکری دەکردم تا بە هاوکاری دەستەی بەڕێوەبەری بە جۆرێک لەو بەشە کار بکەین کە زۆرترین کاریگەری دابنێین لە بواری پەروەردە و ڕاهێنانی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان.

شەهید سۆهەیلا ئینسانێکی ڕۆح سووک و بە باوەر بوو کە لە کارکردن لەو ئۆرگانانەی ئەرکی پێی دەسپێردرا ماندوو نەدەبوو. هەمیشە ئێمەی هان دەدا بۆ باشتر کار کردن، ئەو ڕۆژانە لە سێ ئۆرگان کاری دەکرد بە هەرسێک کارەکانی خۆی ڕادەگەیشت بێ ئەوەی گلەیی لە ماندووبون و کەمی کات بکا.

هەر کارێکی ڕێکخراوەیی هاتبایە پێشێ شەهید سۆهەیلا بەو پەڕی توانا هەوڵی بۆ دەدا دەیگوت ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان دەبێ زۆر سەرکەوتوو بێ. هەموو هەوڵی خۆی دەدا ئەو کچ و کوڕانەی لەناو حیزبن بە هەموو شێوەیەک ڕێنوێنی بکا و بە حەق دەبێ بڵێم لەگەڵ شەهید نەسرین ڕۆڵی دایکیان بۆ هەر کام لەوان دەگێرا و تا بۆیان کرابایە هاوکار بوون تا کێشەیەک بێتە پیش حەلی بکەن و ئەوانیش دڵگەرمتر دەرۆیشتنەوە بنکەکانی خۆیان و ئۆرگانەکەی خۆیان ئەرکەکانیان بەڕێوە دەبرد.

دەبێ بڵێم هەردووک ژنە سەرکردەی شەهید بۆ من قوتابخانەیەکی گەورە بوون و من هیچ کات و ساتێک ناتوانم یاد و ناوی ئەوان لەبیر بکەم هەمیشە یاد و ناویان لە دڵمدا دەمێنێتەوە و درێژەدەری ڕێبازیان دەبم.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە شەهید سۆهەیلا و شەهید نەسرین پێوەندییەکی زۆریان لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵات هەبوو گرینگی زۆریان بە تەشکیلات دەدا. کاتی کۆبوونەوەکانی دەرەوەی حیزب و ڕێکخراوەش گرینگییەکی زۆر بە ئەوەن دەدرا چونکە هەردووکیان ڕوخسار و کەسایەتییەکی ناسراو بوون ئەوان بە جوانی سیاسەتەکانی حیزب و یەکیەتیی ژنانیان لە دانیشتن و کۆبوونەوەکاندا شی دەکردەوە.

ئێستا کە ئاڵوگۆڕەکانی جیهان خێران و پرسی ژن پرسێکی گرینگە، یەکیەتیی ژنان دەبێ زیاتر لە جاران تێبکۆشێ و هاندەری کچ و کوڕان بێ بۆ ناو ڕیزەکانی خەبات و تێکۆشان.

ژنان و خوشکان فێر بوون لەنێو شۆڕشدا بوێرانە و تێبکۆشن و بە گژ هەموو نەهامەتییەکانی ژیان دا بچنەوە.





**–سەرەتا خۆتان بە خوێنەرانی گۆڤار بناسێنن وبفەرموون لە دەورەی سکرتیری کام لە سکرتێرەکانی شەهید نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری هاوکاریان بووی؟ باسێک لە ئەزموونی کاری خۆتمان لەگەڵ ئەو دوو شەهیدە بۆ بکەن.**

شەهین مورتەزازادە خەڵکی شاری سەقز، کادری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانم. من لە گەڵ شەهید نەسرین حەداد نزیک سێ ساڵ زیاتر هاوکار بووم. نەسرین حەداد کەسێکی بەراستی خۆش مەشرف بوو و هەمیشە بۆ من هاندەرێکی بەهێز بوو بۆ کارەکانم. باس کردن لە کەسایەتی نەسرین حەداد لە چەند دێڕدا ناگونجێ، چونکە بەڕاستی دڵسۆزی هەموو ژنان بوو چ ژنانی نێو حیزبی دێموکرات و چە ژنانی نیوخۆی ڕۆژهەڵات. من کە بەرپرسی تەشکیلاتی نێوخۆ بووم، ژنانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات هەمیشە لەگەڵ شەهید نەسرین لە پێوەندی دابوون. شەهید بوونی نەسرین حەداد کەلێنکی گەورەیە کە قەت پڕ نابێتەوە، ڕوحت شاد نەسرین گیان ناوت هەمیشە لە دڵم دایە.

باس کردن لە شەهید سوهەیلاش زۆر زەحمەتە چونکە لەگەڵ ئەویش چەند ساڵ هاوکار بووم، شەهید سوهەیلا کەسێکی زۆر کاری بوو هەمیشە حەزی دەکرد کاری باشتر بکەین بۆ ژنان، زۆر بایەخی دەدا بە ژنانی نێو حیزب و دەرەوەی حیزب.

ئەو دوو سکرتێرە، ئەو دوو ژنە و ئەو دوو ڕێبەرە جێگایان زۆر زۆر دیارە لەنێو کۆڕێ ژنان و لە نێو حیزب و لە هەموو جێگایەک جێ پەنجەیان دیارە. ڕوحیان شاد بێ.

من پێم وایە دوای ئەوان کار کراوە چونکە ئەوان هەموو کارەکانیان دەست پێکردبوو و زۆر جووبەنە پێشێ، پێویستە ئیمە درێژەدەرێ کارەکانی ئەوان بین.

ئەرکی ڕێکخراوەی ژنان و بە تایبەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە ئێستادا زۆر قورستر بووە، لە جیهان ئاڵوگۆڕەکان زۆر خێران بۆیە ژنان دەبێ بەتایبەتی لە بارێ ئابووری سەربەخۆبن جا ئەو کات دەتوانن باری ژیانیان باش بکەن. ئەگەر چاو لە ژنانی وەڵاتانی ئورووپا بکەین ژنان هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە، وەک پیاو کار دەکەن و بگرە زیاتریش. تا ئیمە تا لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆ نەبین ناتوانین باسی یەکسانی بکەین.

---

**–سەرەتا خۆتان بە خوێنەرانی گۆڤار بناسێنن وبفەرموون لە دەورەی سکرتیری کام لە سکرتێرەکانی شەهید نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری هاوکاریان بووی؟ باسێک لە ئەزموونی کاری خۆتمان لەگەڵ ئەو دوو شەهیدە بۆ بکەن.**

من "فەریبا وەیسی"م پێمخۆشە بەر لە هەموو شتێک کڕنۆش بە رم بۆ گیانی پاکی شەهیدانی گەلەکەمان، بە تایبەتی دوو هاوڕێ و هاوکاری شەهیدم نەسرین حەداد و سۆهەیلا قادری. بۆ من زۆر هاسان نییە لەسەر ئەو دوو خۆشەویستە بنووسم، چونکە ئەوان تەنیا هاوکار نەبوون، بەڵکوو هاوڕێ و هاوسەنگەریشم بوون.

من ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی دەگەڵ شەهید سۆهەیلا بووین بە ئەندامی یەکیەتیی ژنان و پێکەوە لە یەکەمین کۆنفڕانس‌دا بەشدار بووین.

لە کۆنفڕانسی دووهەم‌دا من و چەند هاوڕێ لە نێو ئەوان‌دا نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری وەک ئەندامی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراین. سێ ساڵ دەگەڵ شەهید نەسرین و یازدە ساڵ دەگەڵ شەهید سۆهەیلا لە بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان‌دا هاوکار بووم. دوو ساڵ جێگری سۆهەیلا بووم. بە هۆی ئەوەی کە زۆر لەمێژ بوو لەگەڵ ئەو دوو هاوڕێیە یەکترمان دەناسی، کار کردن دەگەڵیان زۆر ڕاحەت





بوو. هەر بۆیە ڕێزێکی تایبەتی لە نێوانمان‌دا حاکم بوو. تەنانەت لە دەورانێک‌دا کە شەهید نەسرین لە بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانیش‌دا نەمابوو، زۆر جاران داوای هاوکاریمان لێدەکرد و لە زۆربەی سەردانە تایبەتیەکان‌دا لەگەڵمان بوو. ئەوە و زۆر تایبەتمەندی دیکەی ئەو دوو خۆشەویستە بوونەتە هۆی ئەوە کە لەدەستدانیان ببێتە خەمێکی گەورە لەسەر دڵم. ڕەوانیان شاد و ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێ.

وڵامی پرسیاری دووهەم: بەڵێ بە بێ شک کاریگەریی ئەوان لەسەر تێکۆشانی یەکیەتیی ژنان ماوە. وەک چۆن شەهیدان پێشەوا و قاسملوو و شەڕەفکەندی ئێستاش کاریگەرییان لەسەر حیزبی دێمۆکرات هەیە و هەموو کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبە خۆیان بە ڕێڕەوی ڕێباز و بیر و هزری ئەوان دەزانن، ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانیش خۆیان بە ڕێڕەوی ئەو ئامانجانە دەزانن کە کەسانی وەک نەسرین و سۆهەیلا لە ڕێگای وەدیهاتنی ئەوان‌دا خەبات و تێکۆشانیان هەبوو.

وڵامی پرسیاری سێهەم: لەو هەلومەرجەدا بە بڕوای من ڕێکخراوەکانی ژنان هەروەک جاران و تەنانەت چالاکتریش هەوڵی ناساندنی پرس و مەینەتیەکانی خۆیان بە کۆمەڵگە نێوخۆیی و جیهانییەکان و خۆپێگەیاندن و بردنەسەرێی زانیاری و وشیاری خۆیان بدەن. خۆیان بە چەکی زانیاری تەیار بکەن تا باشتر بتوانن داکۆکی لە مافی خۆیان بکەن.



# پەروەردەی درووست بۆچی پێویستە؟

برایم چووکەڵی

هەرحیزبێکی سیاسیی هەڵقوڵاوی نێو هەناوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، وەک حیزبی دێموکرات بۆ ڕزگاری لەژێر زوڵم وزۆردا دەبێ هەموو شێوەکانی خەبات و هێنانی خەڵک لە ژن و پیاو بۆ نێو ئەو مەیدانە دریغی نەکا و هەر لەو کاتەدا بۆ پاراستنی خۆی ودەسکەوتەکانی پێویستی بە زۆر لایەنی پێوەندیدار بۆ درێژەدانی شۆڕش وخەبات و بەربەرەکانی هەیە. ئەو شێوە خەباتەی کە ڕێژیم بەسەری خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتیدا سەپاندوە نەک تەنیا حازر نەبووە داخوازە بنەڕەتییەکانی گەلەکەمان دابین بکا بەڵکوو لەسەرەتای هاتنە سەرکاریەوە ڕێگای زەبروکوشتن و سەرکوتی جووڵانەوی کوردی گرتۆتە پێش. ئامانجی سەرەکی لەو باسە بۆ بەرەنگاری لە هەلومەرجی ئەمرۆدا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، ئامووزش یان پەروەردەیەکی درووست بەپێی ئوسولێک کە لەو هەلومەرجەدا تەشکیلات دایدەمەزرێنێ لەبەرچاو بگرین. ئێمە دەبێ ئەو واقعییەتە قەبوول بکەین وەک پێویست گرینگیمان بە پەروردەی شۆڕشگێڕانە و هەمەلایەنە لە نێو شۆڕش و ڕێکخراوەکانی خۆماندا نەداوە.

لەحیزبی سیاسیدا پەروەردەوبارهێنان وەک زەرورەتێکی بنەڕەتی لەبەر چاو نەگیراوە و گرینگیدان بەوبەشە، ئامووزش و بارهێنان واتا و نێوەڕۆکی هەمەلایەنە و گشتی هەیە، بەشێوەیەکی ساناتر دەتوانین بڵێین پەروەردە وبارهێنان بۆ مرۆڤەکان کەرەسەیەکی پێویستە بۆ گەیشتن بەئامانجی دیاری کراو. ئێستا کە قۆناغێکی دیکە لەخەبات وبەربەرەکانی لە ئارادایە پێویستمان بەپەروەردەی شۆڕشگێڕانە هەیە، مەبەست لە پەروەردەی شۆڕشگێڕانە چییە؟

مەبەستی ئەو نووسراوەیە پەروەردەی شۆڕشگێڕانە لەناو حیزبێکی خاوەن مێژوو و شۆڕشگێڕی وەک دێموکراتدایە، بەواتایەکی دیکە بارهێنان و پەروەردە هەستی فیداکاری و لەخۆبردوویی بۆ خزمەت بە حیزب ونەتەوەکە، لە هەمان کاتدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نیشتمان، پەروەردە ئەزموونی بەکردەوەی مرۆڤەکان لە کۆمەڵدا بوونی هەیە فێرکردن وپەروەردە بۆ مەبەستی دیاریکراو لەسەر بناخەی ئەزموونی ڕابردوو بۆ دابین کردنی ئامانجەکانە، لەسەریەک هەموو ئەزموونێک، چ براوە یا دۆڕاو بۆ ئێمەی شۆڕشگێڕ ئامووزش و پەروەردەیە.لەڕەوتی خەباتدا، لە حیزبی سیاسی هەر کارو هەڵسوکەوتێک بە سەرکەوتن وسەرنەکەوتنیەوە، ئەزموون و ئاموزشێکی بەکەڵکی سیاسی وکۆمەڵایەتییە. بۆیە دەبێ پێداگری بکەین لە کەڵک وەرگرتن و لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەزموون وپەروەردەیەک پێوەندی بە هەلومەرج ، بارودۆخ، کات و جێگای بەکار هێنانییەوە هەیە. هەر بۆیە دەبێ کاتی دیاریکراوی بەردەوام وەک یاسایەکی گشتی لەگەڵ هەلومەرجی قۆناغی خەبات ڕێک بخرێ ویارمەتی بە گەشەدانی بیری ئینسانەکانی نێو خەبات دەکا.

ئامووزش هەر ئەوە نیە کە ماوەیەک لە دەورەی سەرەتایی ژنان و پیاوان فێر دەبن بەڵکوو ڕاست ڕوو لە گشت شۆڕشگێرانە بۆ پەروەردەی درووست لەبەرامبەر ڕێژیمێکی دڕەندە وەکوو کۆماری ئیسلامی. چونکی پەروەردەی سیاسیی




وەک سەرچاوەی کانی وایە ئەسڵێکی بنەڕەتییە بۆ بارهێنان وپەروەردەی سیاسی و سازماندەهی لە حیزبی سیاسیدا.

لەحیزبی سیاسیدا هێز وتوانای سیاسی و شۆڕشگێڕی لە حەرەکەتی بەکردەوە و نەزم و دیسیپلینیدا، لە ڕادەی تێگەیشتنی سیاسی وکۆمەڵایەتیی ئەو حیزبە سەرچاوە دەگرێ. ئەگەر وردتر لە پەروەردە بڕوانین پلەی پرنسیپی حیزبی وتەشکیلاتییە. چونکە ڕادەی چونەسەری شارەزای هەرکەسێک لە شەڕیشدا بەپێی شارەزای ئەزموونی سەیلی سعودی دەپێوێ و بۆیە بردنە سەری پلەی شارەزایی سیاسی هەموو ژنان و پیاوانی پێشمەرگە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان کارئاسانی بۆ حیزبەکەیان دەکا و لە ئامانجیان نزیک دەکاتەوە، لەخۆڕا نیە کە دەڵێن لە مەیدانی خەباتدا شۆڕش وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەبەردەوامیی پێویستی بە ئامووزش هەیە.

کەڵک وەرگرتن لە کات وجێگەی خۆی بە شێوەیەکی درووست بۆ ئامووزش، ئەو کاتەیە دەتوانین قامک بۆ ئەو ڕاستییە درێژ بکەین کە بڵێین تێگەیشتوو وپێگەیشتووین و پەروەدەو فێرکردنمان لە مەیدانی خەبات کاری درووست بووە.

دەبێ باوەڕ بەوە بێنین کە خۆمان لەگەڵ ئەو ئەسلە هەڵسەنگێنین و بۆمان دەردەکەوێ کە تا چ ڕادەیەک هەوڵمان بۆ داوە خۆمان و تاکەکانمان پەروەردە کردووە.

پەروەدەو بارهێنان بۆ هەموو کات پێویستە بەتایبەتی بۆ ئەمرۆی حیزبەکەمان کە جیهان سەردەمێکی تکنۆلۆژی دەپێوێ و ئێمەش ڕووبەڕووی ئەو ڕێژیمە بووینەوە. لێردا مەبەستم ئەوەیە ئەوەندی ئێمە پەروەدەوبارهێنانی گشتی بەهێز بکەین لەبەرامبەر دوژمن بەهێزترین. ئەگەرچی ئەو بە ئەنواعی چەکوچۆڵ وشتی پێشکەوتوو بە چنگ وددان لەگەڵمان دەکا کەوابوو ئەوەش ڕێگای ئێمەیە.کاری پەروەردەو ئامووزش دەبێ ببێتە خوراکی شەو وڕۆژی ئێمە، بەومانایە کە بە پەروەردەی درووست دەتوانین بۆ هەر پێشهاتێک بەرەنگاری باشیش بکەین.



نەسرین یوسفزادە

# ژنێک لە ڕەگەزی پەپوولە

هێندێک جار غەمەکان ئەوەندە گەورەن کە ناتواندرێ سنووریان بۆ دیاری بکەین، ئەو شێوە غەمانە ناخ هەڵدەتەکێنن و مرۆڤ بە کەمی لەبەرابەریاندا توانای مانەوەی هەیە. غەمی لە دەستدانی خۆشەویستی چەندین ساڵەی کسێک دەبێ یەکێک لە گەورەترین زامەکان بێ کە لە ڕووح و وجودی دەکەوێ و ئەوە لە کاتێکدایە کە لە جەستەشیدا زامدار بووە و زامی ڕوحی تێکەڵ بە زامی جەستەی بووە.

باسی خاتوونە میهرەبان و نەرم ونیانەکەی کتێبخانە گەورەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان یای خەج پوورمەند دەکەم. خەدیجە پوورمەندی بووکی تاقانەی مامۆستا محەممەد عوسمانی و هاوسەری عوسمانی مەلامحەممەد. خاتوونێکی خۆشفکر و بە تەدبیر و بیر و ڕا و سێحەب نەزەر و بەسەرهەموو ئەوانەدا نەرم و نیانتر لە پەپوولە.

ئەوەندەی من بزانم خاتوو خەدیجە چەند دەورە لە بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان دابووە و ئێستاش یەکێک لە کادرە دیارەکانی ئەو ڕێکخراوەیە و کادری حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی کتێبخانەی حیزبە.

ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ خاتوو خەدیجەش وەک هەموو کادر و پێشمەرگەکان بۆ ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژانەی کە کار لە کتێبخانە بوو، هاتبوو بۆ قەڵا و ئەو کات کە لەگەڵ خاتوو گوڵاڵەی محەممەدزادە(پێشتر لەم گۆڤارەدا باسی خاتوو گوڵاڵە کراوە) لە کتێبخانە سەرقاڵی کار دەبن. کاتژمێر بە چرکە و لەسەرخۆ دەڕوا وەک خۆی باسی دەکا تەنیا چەند خولەک پێش کارەساتەکە کاک عوسمانی هاوسەری دەچێ بۆ لای و دوای چەند خولەک قسە و گفت و جەفەنگ کە دوایین دیداریان دەبێ دەڕواتەوە سکرتاریا.

کاتێک کە یەکەم گرمە دێ و وڵات وێران دەبێ خاتوو خەدیجە و خاتوو گوڵاڵە هەردووکیان زامدار دەبن بەڵام زامەکانیان ئەوەندە قورس نەبوو کە نەتوانن لەسەر پێ ڕاوەستن بۆیە بە پێی خۆیان بە هەر شێوەیەک بێ لە پلیکانەکان هاتنە خوارێ و بەرە لای چاپەمەنی و ئەمنیەت هاتن. هەموو سەر و گوێلاک خوێناوی جل دڕاو قەڵا پڕاوپڕ لە تۆز و خۆڵ و بۆنی خوێن و ئاور و باڕووت بوو، بەهەر شێوەیەک بوو بریندارەکان ڕاگوێزران بۆ نەخۆشخانە. کەس ئاگای لەکەس نەبوو. هەر کەست دەدی یان بۆ لای شوێنی ڕوداوەکە و بۆ یارمەتییدانی هاوڕکانی ڕای دەکرد یان هەوڵی دەدا ژنان و منداڵان و کەسانی بریندار لەوێ دوور بخاتەوە ئەوەش با لەیاد نەکەین کە زۆریش بوون ئەو کەسانەی کە زامیان بە جەستەوە بوو و بەڵام زامی قەڵایان لەلا گرینگتر بوو و نەیاندەویست قەڵاکەیان چۆڵ بکەن و بە سەر و گوێلاکی خوێناوی و لاق و دەستی زامداریش ئاگاداری قەڵاکەیان دەکرد و بە هەموو وجودیان لە ناخەوە بە بانگێکی بێدەنگ لە دڵیاندا دەیانگوت: کەس نەڵێ کورد مردووە.

کاتێک خاتوو خەدیجە دەچێ بۆ نەخۆشخانە و برینەکانی کە زۆرێش لەچاو هاوڕێکانی دیکەی قووڵ نەبوون تیمار دەکرێ هەواڵی قووڵترین برینی ژیانی واتە شەهیدبوونی هاوڕێ و هاوسەر و هاوسەنگەری هەموو تەمەنی شەهید عوسمان عوسمانی پێ دەدرێ و ئەو کاتەیە کە بە قووڵایی برینەکەی دەزانێ.



کارەساتی ١٧ی خەرمانان و ئەو جەنایەتەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت حیزبی دێموکرات کردی ئەوەندە گەورە بوو کە ئەگە دەیان ساڵی دیکە باسی لێ بکرێ و بە دەیان کتێب و وتاری لەسەر بنووسرێ ئێستا ناکرێ شەڕحی ڕاستەقینەی ڕووداوەکە بکرێ و هەر لە شوێنێک و لە سووچێکی قەڵا برینێکی دیکە دەردەکەوێ.

زامی قەڵا تەنیا هی دار و بەردەکەی و پێشمەرگە و کادرەکانی نەبوو، تەنیا لەدەست دان و شەهیدبوونی کادر و پێشمەرگە و ڕێبەرانی قەڵا نەبوو بەڵکوو کتێبخانە مەزنەکەی خاتوو خەدیجەی دووجار زامداریش برینێکی قووڵی هەڵگرتبوو و بە دەیان پەرتووکی بەنرخیش یان بە یەکجاری سووتان و لە نێوچوون یان ئەوانیش زامێکی قورسیان بینی.

چەند ڕۆژ دوایە بە هیمەتی کادر و پێشمەرگە و لە هەمووی گرینگتر ئەندامانی حیزب، ژنان و لاوان و تەنانەت منداڵانی پەروەردەی دێموکرات دەست کرا بە خاوێن کردنەوە و پاک کردنەوەی ئاسەواری مووشەک و لە ماوەیەکی کورتدا زۆربەی شووێنەکان نۆژەن کرانەوە بەڵام کتێبخانە هێشتا زۆری مابوو تا وەک خۆی لێ بێتەوە.

خاتوو خەدیجە لە یەکەم مەجالدا و دوای ئاهۆن بوونەوەی برینی جەستەی بەرەوپیلی برینی کتێبخانە هات و نیزیک دوو ساڵ هەوڵی بۆ دا تا توانی کتێبخانە گەورەکەی دێموکرات ساغ کاتەوە و ئێستا کتێبخانە یەکێک لە خۆشترین شوێنەکانی قەڵایە، ڕۆژانە کادر و پێشمەرگە و کەسانێکی زۆر سەری دەەن و هەر کامیان خوازیاری کتێبی دڵخوازیانن، بە سەدان کتێبی بە نرخی تێدایە و بە هەزاران وشە و ڕەستەی پڕ لە جوانی و نەرم و نیانی لەو کتێبانەدا هەن کە هەرکامیان دەڵێن چەندە ناحەزە زامدارکردنی ڕووحی پەپوولەکان. دیارە خاتوونە نەرم و نیانەکەی کتێبخانە زامی جەستەی زۆر زوو چاک بۆوە، توانی ئەگەرچی درەنگ بەڵام زامی کتێبخانەش تیمار کات بەڵام زامی ڕووحی هەرگیز تیمار نابێ.

# پەیامی ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەبۆنەی تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان




خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران!

سێ ساڵ لەوەپێش و لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی بنکەو بارەگاکانی حیزبی دێموکراتیان لە قولایی هەرێمی کوردستان موشەکباران کرد کە لە ئەنجامی ئەو هێرشە دڕندانەیەدا ١٦ کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتی و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات شەهید بوون و زیاتر لە ٤٠ کەسیش بریندابوون، کە لە نێو گیانبەختکرواندا دوو هەڵسوڕاوی خەباتکاری ژن، شەهیدان نەسرین حەداد و سۆهیلا قادری ئەندامانی دەستە ڕێبەری ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرچاوو دیارن.

لە درێژەی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی و هەر لەهەمان ڕۆژدا سێ بەندکراوی سیاسی سەر بە کۆمەڵە، بە ناوەکانی «ڕامین حوسێن پەناهی، لوقمان مورادی و زانیار مورادی» لەلایەن جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی لە زیندان لەسێدارەدران.

کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای ئەو سیاسەت و ڕێبازەی کە ماوەی زیاتر ٤ دەیەیە بۆ سەرکوتی هەر دەنگێکی ئازادیخوازی لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان بەڕێوەی دەبا، بەئەنجامدانی تاوانەکانی ڕۆژی ١٧ی خەرمانان جارێکی دیکە هەوڵیدا ورەی خەباتکارانەی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی کورد بڕوخێنێ و چاوترسێنیان بکا، بەڵام بزوتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان لە پاش هەر تاوانێکی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەمیشە پێداگری لەسەر بەدەستهێنانی ئازادی و مافە ڕەواکانی خەڵکی کورد کردوە.

دوا بەدوای کردەوە تیرۆریستییەکانی ڕێژیم، خەڵکی خەباتکاری کوردستان لەسەر داوای حیزبە سیاسییەکانی خۆیان ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧، مانگرتنێکی سەرتاسەریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند و بۆ جارێکی دیکە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامییان مەحکوم کرد.

ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سێیەمین ساڵیادی تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان، سڵاو دەنێرێت بۆ گیانی پاکی گیانبەختکردووانی ئەو ڕۆژە و هاوخەمیی خۆی لەگەڵ بنەماڵە و هاوسەنگەرانی ئەو شەهیدانە دووپات دەکاتەوە. هەروەها پێزانینی خۆمان ئاراستەی خەڵکی وشیار و خەباتکاری کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەین کە هەمیشە خاوەنداریتیی ڕۆڵەکانی خۆیان کردووە و دژی داگیرکاری و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی تێکۆشاون و قوربانییان داوە.

ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات

پەیامی ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەبۆنەی تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران!

سێ ساڵ لەوەپێش و لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتیان لە قولایی هەرێمی کوردستان موشەکباران کرد کە لە ئەنجامی ئەو هێرشە دڕندانەیەدا ١٦ کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتی و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات شەهید بوون و زیاتر لە ٤٠ کەسیش بریندابوون، کە لە نێو گیانبەختکرواندا دوو هەڵسوڕاوی خەباتکاری ژن، شەهیدان نەسرین حەداد و سۆهیلا قادری ئەندامانی دەستە ڕێبەری ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرچاوو دیارن.

لە درێژەی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی و هەر لەهەمان ڕۆژدا سێ بەندکراوی سیاسی سەر بە کۆمەڵە، بە ناوەکانی «ڕامین حوسێن پەناهی، لوقمان مورادی و زانیار مورادی» لەلایەن جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی لە زیندان لەسێدارەدران.

کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای ئەو سیاسەت و ڕێبازەی کە ماوەی زیاتر ٤ دەیەیە بۆ سەرکوتی هەر دەنگێکی ئازادیخوازی لە ئێران‌و بەتایبەتی لە کوردستان بەڕێوەی دەبا، بەئەنجامدانی تاوانەکانی ڕۆژی ١٧ی خەرمانان جارێکی دیکە هەوڵیدا ورەی خەباتکارانەی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی کورد بڕوخێنێ و چاوترسێنیان بکا، بەڵام بزوتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان لە پاش هەر تاوانێکی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەمیشە پێداگری لەسەر بەدەستهێنانی ئازادی و مافە ڕەواکانی خەڵکی کورد کردوە.

دوا بەدوای کردەوە تیرۆریستییەکانی ڕێژیم، خەڵکی خەباتکاری کوردستان لەسەر داوای حیزبە سیاسییەکانی خۆیان ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧، مانگرتنێکی سەرتاسەریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند و بۆ جارێکی دیکە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامییان مەحکوم کرد.

ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سێیەمین ساڵیادی تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان، سڵاو دەنێرێ بۆ گیانی پاکی گیانبەختکردووانی ئەو ڕۆژە و هاوخەمیی خۆی لەگەڵ بنەماڵە و هاوسەنگەرانی ئەو شەهیدانە دووپات دەکاتەوە. هەروەها پێزانینی خۆمان ئاراستەی خەڵکی وشیار و خەباتکاری کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەین کە هەمیشە خاوەنداریتیی ڕۆڵەکانی خۆیان کردووە و دژی داگیرکاری و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی تێکۆشاون و قوربانییان داوە.

ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات

١٧ی خەرمانانی ١٤٠٠ی هەتاوی

# هاوین، سوتانی ژینگەو و ژیان

نەمام




هەر وەک دەزانین ئەم ساڵ و چەندین ساڵ لەمەو پێش ژینگە و دارستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن تاک و گروپە بە کرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بەڕێوەبردنی سیاسەتە ڕەشەکانیان ئاگریان تێبەر دەدەن و دەیان کەن بە خەڵووس. ئەوانەی وا چاویان بە سەوزایی کوردستان هەڵنایە. لە ڕاستی دا مەرگ دۆستن و حەزیان لە سووتاندن و ڕەش هەڵگەڕاندن دایە. ڕەش پەرستان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان، ئامادەن ژیانی مرۆڤەکان و ژینگە و نیشتمان ڕەش پۆش بکەن و بۆ بەڕێوەبردنی سیاستە ڕەشەکانیان دەستیان داوەتە جینۆسایدی ڕاستەوخۆی ئابووری و ژینگەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان . خەڵکی دڵسۆز و بە ئەمەگی کوردستان کاتێک کە ئەو هەموو دژیایەتییە لە لایەن کۆماری ئیسلامی دژ بە خۆیان و ئاو و خاکیان دەبینن ناتوانن خۆڕاگر بن و خۆیان دەکەونە بیری چارەسەرکردن و پێشمەرگە ئاسا قۆڵی یارمەتی و دەروەست بوون هەڵدەماڵن و گیان و ژیانی خۆیان دەکەن بە قوربانی بستێ خاک، قومێک ئاو، چەپکێ گیا یا دار بەڕویەک. ئەو مرۆڤانە ژیان دۆستی دەبێتە باوەڕیان و لە کردەوەش دا نیشانی دەدەن، چۆنییەتی ژیانیان بۆ گرینگە. چون خۆیان و ژیانی خۆیان خۆش دەوێت و بۆیان گرینگە ژیانی کەسانی دیکەیشیان بۆ گرینگ دەبێ و لە بەرانبەریدا هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن. ژینگە دۆستی و ژینگەپارێزی و سرووشت دەبێتە بەشێک لە ژیانی ئەوان. خەمی ژینگە تێکەڵ بە خەمی تاکە کەسی خۆیان دەکەن. چونکە دەزانن ژینگەیەکی تەندروست و جوان وپاک ژیانیان خۆشتر دەکا.بۆئەوە دەکەونە هەوڵی ژینگەپارێزی و ژینگە دۆستی دەبێتە هەنگاوی بەرەو پێش بردنی ژیانیان. ئەمە لە حاڵێک دایە کە کۆماری ئیسلامی هیچ خۆی ئاگرەکە دروس دەکا و هیچ یارمەتییەکی ژینگەپارێزەکان نادا تەنانەت تۆمەتی دژایەتی ئەمنیەتی نیشتمانیش دەخاتە سەریان و بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات  یا ڕەوانەی بەندیخانە دەکردرێن و زۆرجار چالاکییەکانیان دەخەنە بەر چاودێریکی نهێنی. بەس ئەمە نابێتە هۆکار کە ژینگە دۆستان دەست لە خۆشەویستی ئاو و خاک و نیشتمانیان هەڵگرن و ڕێگە بدەن کە دوژمنی دڵڕەش ژینگە و نیشتمانیان لە ناو بەرێ. خۆیان بەرەو دارستانە ئاگر گرتووەکان بەڕێ دەکەون و لەگەڵ بڵێسەی ئاگر بە شەڕ دێن. زۆر جار پێکەوە شکست بە ئاگرو دوژمن دێنن و جاری وایش هەیە ئاگرو نەیار دەست لە دەست یەک دارستانەکان دەکەن بە خەڵووس و گیانی ڕۆڵە ژینگەپارێز و ژینگەدۆستەکانی کوردستان دەستێنن.

لە ٣ی خەرمانای ساڵی ١٣٩٧ هەتاوی لە مەریوان دوو ڕۆڵەی چاو نەترسی نیشتمان پەروەر و ژینگە دۆست بە ناوەکانی «شەریف باجوەر» و «ئومید کۆنەپۆشی» ئەندامی ڕێکخرواەی سەوزی چیای مەریوان کاتی بەرنگاری لە پەرەپێسەندنی ئاگر گیانی ئازیزیان لە ڕێگەی پاراستنی ژینگەی نیشتمان بەخت کرد و قەقنەس ئاسا خۆیان کرد بە قوربانی. ئەوە لە حاڵێک دایە کە ئەو شتە بوو بە ئەزمونێک بۆ دوژمنی نەیار بۆ لە ناو بردنی ژینگە و ڕۆڵە دڵسۆزەکانی ڕۆژهەڵات و هەمان کارەسات لە٨ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی لە دارستانەکانی پاوە درووست کردو لە ئەوێش ،٣ ڕۆڵەی دیکەی وڵات بە ناوەکانی «موختار خەندانی» و «یاسین کەریمی» و «بێلال ئەمینی» ئەندامانی ڕێکخراوەی ژینگەپارێزی ژیوای پاوە کەوتنە ناو بازنەی ئاگر و شەهید کران. ٣ی خەرمانان و ٨ی پوشپەڕ بە دوو ڕووداوی جیا بەڵام لە سەر ڕیچکەی یەک ڕێگا و یەک ئامانجن کە ئەوانەیش : «بیری سەوز»و «نیشتمان دۆستی» و «ژیان دۆستییە» کە وەک ئەڵقەیەک لە یەک گرێدراون و تەواوکەری یەکترن. ژینگە پارێزانی ڕۆژهەڵات خوڵقێنەری دەیان ڕووداو و داینەمۆی دەیان جووڵەی مرۆڤانە لە بەرانبەری گرفتەکانی نیشتمان بوون. ئەوان بە کردەوە خۆیان بۆ کۆمەڵگا و بۆ نیشتمان تەرخان کردبوو و بەهێزی خۆیان و بەهەست بە بەرپرسارەتی لە بەرانبەر نیشتمان و نەتەوەکانی داهاتوو لە بەرانبەر هەر چەشنە نابەرپرسیایەتی و کەمتەر خەمی دەوەستان. ئێستا بە یاد کردنەوە لە چالاکی شەهیدانی ژینگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمانهەوێ فیداکاری و لە خۆبردوویی ئەوان بەرانبەر بە وڵاتیان وەبیر بینیبەوە و دەرسیان لێ وەرگرین. «شەریف باجوەر» کوڕی کاک بایەزید و خاتوون مەنیژە لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی لە مەریوان لەدایک بوو. لە ساڵی ١٣٨٦ بوو بە ئەندامی ڕێکخراوەی ژینگە پارێزی سەوزی چیای مەریوان. لە دووهەمین قۆناغی هەڵبژارندی کۆبوونەوەی گشتی ئەنجومەنی سەوزی چیا وەکوو یەکێک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوبەرایەتی هەڵبژێردا. دوای ماوەیەک بوو بە بەرپرسی کومیتەی قەیران. کاک شەریف وەک فەرماندەیەکی دەروەست و دڵسۆز، هاوئاهەنگی نێوان ژینگە دۆستان و تێکۆشەران بۆ کۆنترۆڵی ئاگری بە باشترین شێوە پێک دەهێنا و تەنانەت بۆ کۆنترۆڵی ئاگری شارەکانی تری ڕۆژهەڵات وەک ئیلام و کرماشان وسنە و تەنانەت کوردستانی

باشورهاوکار بوو و لەو بوارە بە دوای ڕێگەچارە بوو. کاک شەریف بەهۆی ژینگە و نیشتمان دۆستی و ئامانجە بەرزەکانی یار و هاوڕێی زۆری هەبوو لە بەر ئەمەش شۆنی داهات دەرهێنانی ژیانی واتە چایی خانەکەی ناو نابوو «یارانکۆ» واتای شوێنی کۆبونەوە و بەیەک گەیشتنی هاوڕێیان. هەر کەسێ کە لە کێشەو گرفتەکانی ژیان وەزاڵە دەهات ڕووی دەکردە یارانکۆ. باجوەر بە باوەشێکی ئاواڵە، دڵسۆزانە گوێ بیستی کێشەکانیان بوو و پەندو نەسیحەتی خۆی ئاراستەیان دەکرد. لەباری ناخۆشیەکانی ژیانیان بۆ ساتێکیش ئەگەر بێ کەمی دەکردوە. بنکە ئەمنیەتییەکان چەندین جار بۆ هۆی چالاکییە ژینگەیەکانی لە ساڵەکانی ١٣٩٠ تا ١٣٩٥ی هەتاوی دەسبەسەر ولێپرسینەوەیان لێکرد. چایخانەکەی لە ١٢ی خەزەڵوەر لە حالێکدا کە باجوەر لە مانگرتن و ڕێپێوان بە هۆی توندوتیژی دژ بە ئاژەڵان بوو بە شێوەیەکی گوماناوی ئاگری تێبەربوو. کاک شەریف چالاکییەکانی هەر کوژراندنەوەی ئاگر نەبوو، کاتێک کە هەواڵی کوشتنی سەگێک لە سەلاسی باوەجانی پێگەیشت بە مانگرتن لە خواردن و ڕێپێوانی بێ وچان بە دروشمی»خۆمان بسپێرینە دەستی مێهرەبانی» لە سێ ڕۆژدا بەروە سەلاس بەڕێ کەوت و بە مەحکووم کردنی توندوتیژی دژ بە ئاژەڵان، هەست و خۆشەویستی خۆی بەرانبەر بە ئاژەڵان، ژینگە و مرۆڤایەتی بە گوێی هەموان گەیاند تا ویژدانە خەوتووکان لە خەو ڕاچڵەکێنێ. باجوەر دەنگی کۆڵبران، مامۆستایان، کرێکاران و تەوای چینە چەوساوەکان بوو و لە خەرمانانی ١٣٩٦ بە دووچەرخە و دیسان مانگرتن لە خواردن بە دروشمی «نەبوونی توندوتیژی ڕێگەی سەرکەوتنی مرۆڤەکانە» بەرو تاران بەڕێکەوت و لە لایەن چالاکوانانی مەدەنی پێشوازی لێکرا وهەروا خەڵاتی لە لایەن بنکە یاساییەکان پێشکەش کرا و دوایی سەردانی بنەماڵەی ئەتنا دائمی و ڕەزا شەهابی چالاکوانانی مەدەنی کرد. لە بومەلەرزەی ٢١ی خەزەڵوەری «ئەزگڵە» هەر لە یەکەم ساتەکانی ڕوداوەکە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی یارمەتییەکانی خەڵک لە مەریوان و شارەکانی دیکەی  پارێزگای کوردستان و بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئەزگڵە بێ ماندووی یارمەتی خەڵکی ئەو ناوچەیەی دەدا.

«ئومید کۆنەپۆشی» کوڕی حاجی ئەحمەد و حاجیە هەنار لە ساڵی ١٣٦١ هەتاوی لە شاری مەریوان لە دایک بوو. هەر لە کاتی هاتنە دونیای بە هۆی شەڕی نێوان عیراق و ئێران لەگەڵ بنەماڵەکەی تا ماوەیەکی زۆر تامی تاڵی ئاوارەییان چێشت. لە ساڵی ١٣٨٩ بوو بە ئەندامی ڕێکخراوەی سەوزی چیای مەریوان. کاک ئومید لەگەڵ کاک شەریف و هاوڕێیانی دیکەی چیای سەوز ڕۆڵێکی گرینگیان لە کوژراندەوەی ئاگری دارستانەکانی مەریوان هەبوو لە هەر جێگایەک کە باجوەر هەبوو بە دڵنیایەوە شەهید ئومیدیش هەبوو دوستی و خۆشەویستی نێوان ئەو و کاک شەریف هەروا قارەمانی و خۆشەویستی بەرانبەر بە ژینگە وای کردبوو کە هاوڕێیانی ئەو بە جێگری کاک شەریف-ی بناسن. شەهید ئۆمیدی قارەمان و کارناس، لە درووست کردنی کومیتەی ئاواییەکانی ئەنجومەنی سەوزی چیا، ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو بە شێوەیک کە ١٢٠ ئاوایی مەریوان و ناوچەی هەورامان کومیتەی تایبەت بە خۆیان بە مەبەستی بەرنگار بوونەوە بەرانبەر هەر جۆرە قەیرانێکی ژینگەیی لە ژێر سەرپەرستی ئەو شەهیدە سەرقاڵی  کار و چالاکی بوون.لە ئاواییەکان نەریتێکی جوانیان بەڕێوە دەبرد، هەموو ساڵێک بە پاک و خاوێن کردنی ئاواییەکان بە سرووشتێکی پاک و خاوێن بەرەو پێشوازی نەورۆز دەڕۆیشتن. کۆنە پۆشی هاوکات لەگەڵ چالاکییەکانی لە ئەنجومەنی چیای سەوز لە ئەنجومەنە مەدەنییەکانی دیکەی شاری مەریوان بەشداری دەکرد وهەر کات لە هەر جێگەی نیشتمان خەوەرێکی ناخۆشی دەبیست، ڕۆحی پاکی ئازاری دەچەشت و وەک پێشمەرگەیەک هەوڵی دەدا و تا بە ئەنجامێکی نەگەیاندبا، ئارامی نەدەگرت.


«بیلال ئەمینی» کوڕی کاک ئیرەج و خاتوون تووبا لە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لە شاری جوانڕۆ لە دایک بوو. بیلال هۆگری سرووشتی وڵاتەکەی بە تایبەت سرووشتی ناوچەی مەڕەخێڵ بوو. شەهید بیلال هۆگری زۆری بە کاری وێنەگری و وێنەگرتن لە دیمەنە جوانەکانی کوردستان بوو. هەر بۆیە لێنزی کامێراکەی بەردەوام ڕووی لە مەڕەخێڵ و سروشتی جوانی ئەو دەڤەرە بوو. خۆشەویستی وڵات و مەڕەخێڵ ببوو بە بەشێک لە شوناسی ئەو، هەر بۆیە کاتێک هەواڵی ئاگرگرتنی دارستانەکانی مەڕەخێڵی پێگەیشت  خۆی گەیاندە ناوچەی مەڕەخێڵ و بە گژی ئاگرو نەیارانی ژینگە و نیشتمانی داچوو. خۆشەویستی بیلال بۆ مەڕەخێڵ، چارەنووسی بیلالی هەر بە مەڕەخێڵەوە گرێدابوو و لە کاتی ململانێ لەگەڵ ئاگری ناوچەی مەڕەخێڵ گیانی بەختی ژینگە و ئاوەدانی وڵات کرد. شەهید بیلال ئەمینی مرۆڤێکی ڕۆح سووک و ژینگە دۆست بوو کە ماوەی یەک ساڵ پێش لە شەهید بوونی ببوو بە ئەندامی ڕێکخراوەی ژینگە پارێزی ژیوای پاوە.

«یاسین کەریمی» کوڕی کاک ئەحمەد و خاتوو گوڵشەن لە ساڵی ١٣٥٤ لە ئاوایی شمشێر لە دایک بوو. یاسین هۆگری سرووشت و کەشەوانی بوو. خۆشەویستییەکی تەواوی بۆ نیشتمان و وڵات هەبوو. هەر بۆیە پارستن و پارێزگاری ژینگە و نیشتمانی بە ئەرکی خۆی دەزانی. شەهید یاسین کەریمی مرۆڤێکی ژینگە دۆست بوو و پێش لەوەی ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی ژیوای سەرقاڵی کار و چالاکی ژینگەیی بوو و لە چەند ساڵی پێش لە شەهید بوونی ڕاستەوخۆ بەشداری ئاگر کوژاندنەوەکان و چالاکییە ژینگەیەکانی دەکرد و بۆ ماوەی چەند ساڵ ئەندامی ئەنجومەنی ژینگەپارێزی «ژیوای» بوو. کاتێک هەواڵی ئاگر گرتنی شوێنێکی پێدەگەیشت وەک مرۆڤێکی دەروەست لە ئاستی ژینگە و نیشتمان خۆی دەگەیاندە شوێنی مەبەست. بەداخەوە گیانی شیرینیشی هەر لە ئەم ڕێگەیەدا فیدای ژینگە و نیشتمانی کرد.

«موختار خەندانی» کوڕی کاک محەممەد و خاتوو سەعادەت ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە شاری نەوسوود لە دایک بوو. بە دەسپێکردنی شەڕی ئێران و عێراق موختار و بنەماڵەی شاری خۆیان بەجێهێشت و لە شاری پاوە نیشتەجێ بوون. خاڵی وەرچەرخان لە کەسایەتی و ژیانی موختار چالاکی، بەدواداچوون و بەرگری لە ویست و داخوازییەکانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان بوو کە لەم نێوەدا دەتوانین ئاماژە بە نەخۆشییە تایبەتەکان، کۆڵبەران، ژنان و منداڵان و هەروەها ڕێکخستن و هاوڕایی لەگەڵ بزاڤە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ناوچەی هەورامان و دەرەوەی ئەم ناوچەیە بکەین. پارێزگاری لە سروشت و گیان لەبەرانی بەردەوام لە سەر زار و بەردی بناغەی چالاکییەکانی بوو. بەشداری لە بزاڤە ژینگەپارێزیەکان لە کۆتایی هەشتاکاندا لەگەڵ ئەنجومەنی چیای مەریوان و هەروەها بەشداری لە دامەزراندنی ئەنجومەنی ژینگە پارێزی ژیوای لە شاری پاوە و ئەندامێتی لەم ئەنجومەنە سەرەتای نەوەدەکاندا بەشێکی بەرچاو لە کارو چالاکییەکانی موختاری، بە ژینگە پارێزگاری لە ژینگە گرێ دا. چالاکی و ئامادەیی موختار لە کونترۆڵی ئاگرکەوتنەکانی زاگرۆس لە درێژایی ساڵەکانی ڕابردوو نیشاندەری ئیرادەی ماندوویی نەناسی شەهید موختار بوو. بە داخەوە لە ٨ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی لە کاتی بەرەنگاری لە ئاگر گرتنی دارستانەکانی «بۆزێ» و «مەڕەخێڵی» ناوچەی باینگانی سەر بە شاری پاوە لە گەڵ دوو هاوڕێی دیکەی «بیلال ئەمینی و یاسین کەریمی» کەوتنە ناو بازنەی ئاگر و ڕۆحی پاکیان بەخشی بە ئاوات و ئامانجی بەرزیان.

یادی شەهیدانی پارێزەری ژینگەی ڕۆژهەڵات هەرمان و ڕێگەی سەوزیان پڕ ڕێبوار

# بەرتەسککردنی مافی ژن، بەرتەسککردنی مافی کۆمەڵگەیە



زانیار حوسێنی

پێموانیە کە لە سەدەی ئێستادا، بەو هەموو ئاڵوگۆڕەی کە لە هەموو بوارەکانی زانست، تێکنۆلۆژی و هتد لە ئارادایە و بە جۆرەی وتوویژ لەسەر شێوە بیرکردنەوەکان لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت زانکۆ و میدیاکان دەکرێ، بە پێویستی دەزانم شیکاری لەسەر مرۆڤ و مافەکانی و جۆری هەڵسوکەوت و بوارەکانی ژیانی تاکەکەسی و بەکۆمەڵی بکەین. هەر ئەوەندە بەسە کە کۆمەڵگە پێکهاتەیەکە لە دوو چەمکی مرۆڤ بە نێوی ژن و پیاو و ئەوەش قاعیدە و ڕەوشتی سروشتە کە بۆ هەر گیانلەبەرێک دوو چەمک و جۆرەی داناوە. جگە لە مرۆڤ و ئاژەڵ و گیا، ئەو مەسەلەیە لە زۆربەی شتەکانی ئەو جیهانەدا سدق دەکات. چوونکە ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە بەشی هەرە زۆری شتەکان بە دوو چەمک و جۆر جێگای وەسف و ئاماژە پێ کردنی هەیە.

کۆمەڵگەش کە پێکهایەتەیەکی ئینسانییە بۆ بەرەو پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤ و دابین کردنی پێداویستیەکان، بۆیە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەش لە بواری کۆمەڵایەتی پێویستیمان بە نەزم و دیسیپلینە و بۆ ئەوەش نەزم حاڵەتی یاسا و ڕێسا بەخۆیەوە دەگرێ و مەسەلەی ماف لە بوار و جۆرەکانیدا دێتە پێش و بەپێی پێشکەوتووی کۆمەڵگە و تایبەتمەندییەکانی، مافەکان وردتر، ڕوونتر و پێشکەتووانەتر، پێناسە دەکرێن و بە درووستی دادەڕێژرێن بۆ پتەوکردنی ئەو کۆمەڵگەیە یان باشتر وایە بڵێین ئەو میللەتە کە یاسا و ڕێسای بۆخۆی داناوە و چۆنیەتی تەعاموول و پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئەو وڵاتە لە چوارچێوەی ڕەشنووسێکدا بۆخۆی دیاری کردوە.

کەوایە ماف دیارە و مافەکان پێناسەکراون و پێموایە زۆرینەی کەسانی جیهان تەنانەت کەسانی نەخوێندەواریش کە ڕێژەیان لە سەردەمی ئێستادا زۆر کەمە، هەر لە ڕاگەیاندنەکان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان لەگەڵ ئەو مافانە ئاشنان و بەپێی لێکدانەوەی خۆیان پێناسەیان دەکەن و دەیانناسن. بەڵام ئێمە لەم سەدەیەدا دەبینین کە ئێستاش هێندێک وڵات بۆ مافی مرۆڤ لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی یان ئیدئۆلۆژیکانەی هەیە کە بەپێی ژیانی ئەوڕۆیی مرۆڤ و پێداویستی و خواستەکانی نەگوونجاو دواکەوتووانەیە و خەسار و زەرەرێکی یەکجار زۆری بۆ سەر کۆمەڵگە و نەوەکانی داهاتوو هەیە و لەباتی ئەوەی بێتە هۆی پێشکەوتنی ئەو وڵاتە و ئەو کۆمەڵگە و ئەو نەتەوەیەی کە لەو وڵاتەدا دەژین، بۆتە هۆی دواکەوتوویی، شکاندنی کەرامەتی ئینسانی، چەوساندنەوە و زەبر و زۆری. هەرچەند کە لەو سەردەمەدا کەم و دەگمەنن ئەو وڵاتانە بەڵام کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو دەسەڵاتانەیە کە لە ئێراندا پێشەنگی ئەو جۆرە یاسا و داب و نەریتەیە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تیئۆری ویلایەتی فەقی ( ولایت فقیە ) کە لە یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتەدا ڕەنگی داوەتەوە و دواتریش شۆڕی کردۆتەوە سەر یاساکانی سزادانی گشتی و مەدەنی هتد. هەڵوێستی ئیدئۆلۆژیکانەی خۆی بەرامبەر بە ژن و مافەکانی بە ڕوونی شی کردۆتەوە و پێناسەیەکی جیاواز و بەدوور لەبۆچوونی سەردەمیانە و حقووقیانەی داوە بەو بابەتە. ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە ژن لە ئێران لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا تووشی گرفت و کێشە و زەبر و زەنگ بێتە و چەوساندنەوەی ژن لە نێو دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە ببێتە بە عورف و داب و نەریت. تەنانەت ئەو ژنانەی کە پەروەردەی خۆیشیانن زۆر جاران توند و تیژتر لەوان ڕووبەڕووی ماف و پێداویستیەکانی ژن وەک مرۆڤ دەبنەوە. بە واقعبینییەکی دروست لە ڕوانگەی حقووقییەوە دەبێ بڵێین کە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک شێوە و ڕەوتێکی یاسایی دروست لە ڕووی ڕۆحی ماف، بەڵکوو لە دەلاقەیەکی بچکۆلە لە ڕواڵەتدا هێندێک بابەتی وەک ماف بۆ ژنان پێناسە کردوە. ئەگەر بمانهەوێ هێندێک لەو خاڵانەی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی لە هێڵەک بدەین، ڕووخساری دژە ژن و دژە ژیانی ئەو دەسەڵاتە بە ڕوونی دەردەکەوێ. یەکەم دژایەتی ئەو دەسەڵاتە لە خاڵی چوارەمی یاسای بنەڕەتییەکەیدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێ تەواوی یاسا و ڕێسای مەدەنیی، سزایی، ماڵی، ئابووری، ئیداری، کلتووری، سەربازیی، سیاسی و هتد دەبێ بەپێی چوارچێوەی ئیسلامی ( موازین اسلامی ) بێ. لە درێژەی ئەو خاڵەدا هاتووە کە ئەو خاڵە یان ئەو ئەسڵە بەسەر گشت خاڵەکانی یاسای بنەڕەتی و یاسا و ڕێساکانیتردا زاڵ و حاکمە و لێکدانەوەی ئەو بابەتە بەئەستۆی شارەزاکانی ئایینیی شۆرای نیگەهبانە ( فقهای شورای نگهبان). ئەوە دەقی خاڵی یاسای بنەڕەتییە و بە ڕوونی تێیدا ئاماژە بەوە کراوە کە گرینگترین خاڵ یان ئەسڵی ئەو یاسایەیە. هەر ئەو خاڵە بە تەواوی سیمای کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەمبەر ژن دەردەخات و تەنیا ئەو خاڵە بەسە کە نیشان بدات دەسەڵاتی ئێران بەرانبەر بە ژن و مافەکانی چۆن بیر دەکاتەوە و ژن چۆن دەبینێ. چوارچێوەی ئیسلامی ( موازین اسلامی ) کە ئەساسی پێکهاتەی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت فنداسیۆنی ئیدئۆلۆژی ئەو دەسەڵاتەیە، ژن و مافی ژن لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا لەو چوارچێوەیەدا دەبینێت؛ لەو چوارچێوەیە بەدەر هەموو بابەتەکان و مەسەلەکانی پێ دژی ئایین و دەسەڵاتە و بە مەترسی لەسەر خۆی و بنەمای فکرییەتی و کۆمەڵگە دەزانێ و بە هەموو شێوەیەک بەرپەرچی دەداتەوە و مۆرکی دژی ئایین و دژی ئینسانی و زۆرجارانیش بە هێرشی کلتووری دوژمنانی دەزانێ. بەپێی تەنیا ئەو خاڵە، ژنێک لە ئێران دەبێ هەموو ژیانی خۆی بە ئەندازەی ئەو چوارچێوەیە بچووک کاتەوە و لەو چوارچێوەیەشدا مافەکانی دەستەبەر بکات. پرسیار لە نووسەران و داڕێژەرانی ئەو خاڵە ئەوەیە، کە ئەگەر کۆمەڵە مافێکی ژن لەو چوارچێوەیەدا جێگیر نەبێ و پێناسەی پێ نەکرێ، ژن دەبێ چبکات؟

دەبێ ژیانی، خواستەکانی، مافەکانی کە هەموو جیهان و گەلاڵەکان و یاساکانی مافی مرۆڤیش پێناسەیان کردوە تا کۆتایی ژیانی لەبەر بیر و بۆچوونی ئێوە وەپشت گوێ بخات؟

ئەی ئەگەر ویستی ئەو مافانە دەستەبەر بکات و ئەوەی کۆمەڵە مافەی کە بۆ هەر مرۆڤێک هەیە و زۆریش ئاساییە کە بە مافی خۆی بزانێت و لە ژیانی خۆیدا لە هەر ئاستێکدا کە بتوانێت جێبەجێی بکات، چۆنی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەکرێ؟

ئەی ئەگەر ژنێک بیهەوێ وەک مرۆڤێک یاسا گشتییەکانی مرۆیی خۆی بپارێزێ، دەبێتە تاوانبار و سزای قورسی بەسەردا دەسەپێت؟ دنیایەک پرسیاری دیکە کە لەو خاڵەدا هەیە و وڵامی هەر هەمووشیان دیارە و لە یەک ڕەستەدا دەگوترێ. چکۆلەترین



هەڵوێست یان هەڵسوکەوت بۆ وەدەست هێنانی مافی سرووشتی و مرۆیی ژن بەرانبەر بەخۆی بەپێی ئەو چوارچێوە ئیسلامییەی کە لە یاسای سزادانی گشتی‌دا دیاری کراوە وڵام دەدرێتەوە..

پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە ژن بۆ دەبێ بەهۆی هەڵکەوتنی ژینگەی لە ئێران و لە سەدەی ئێستادا مافەکانی خۆی کە بەشێکە لە مافی مرۆڤ و مافی ئینسانی و ئاسایی و سرووشتی، دەبێ هەوڵی بۆ بدات و لە پێناو وەدەست هێنانی ببێتە تاوانبار و سزا بدرێ؟

لەلایەکی دیکەوە هەر بەپێی ئەو خاڵە یاساییە گرینگەی کە خۆی ئاماژەی پێ دەکا، لە بواری کلتووریش ئەو هەول و تیکۆشانەی ژن بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی بە مۆرکی بێعاری و بێ ئابڕوویی و زۆر جارانیش دژە ئایینی بەرپەرچ دەداتەوە و هەوڵی سازکردنی ڕوانگە و بۆچوونێکی ناحەز و دژە یاسایی بەرانبەر ئەو کەسانەی دەبنە ڕەچەشکێن و تێکۆشەری مافی ژنان ساز بکا و ئەوەش دەکاتە بەرنامە و پلان لە پەروەردەی منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران. هەر ئەو خاڵە شاهیدی ئەو قسەیە دەدا، چوون پەروەردە دەچێتە خانەی کلتوور و هتد کە ئاماژەی پێکراوە. ئەوەی کە لەو خاڵە یان ئەسڵەدا زۆر گرینگە ئەوەیە کە وا داڕێژراوە کە هەموو بواری ژیانی کۆمەڵگەی ئێران دەگرێتەوە بە پیاو و ژن. بە زمانێکی سادەتر هیچ ڕەوتێکی ژیانی نەهێشتۆتەوە کە لە دەرەوەی ئەو خاڵە بێت، دیارە لە زۆربەی خاڵەکانی ئەو یاسا بنەڕەتییەدا هێندێک مافی دیکەی ژنی بەپێی ئەو چوارچێوەیە دیاری کردوە. ئەگەر بمانهەوێ لە ڕوانگەیەکی حقووقی و یاساییەوە چاو لەو مەسەلەیە بکەین، هەرچەند ژنانی تێکۆشەر و کۆڵنەدەر لە نێو ئێران‌دا تێدەکۆشن بۆ دەستەبەر کردنی ماف و داخوازییەکانیان بەڵام نە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئیزن دەدا کە ئەو یاسا سرووشتی و مرۆییە جێگیر بن، نە کۆماری ئیسلامی کە داهێنەر و داڕێژەری ئەو یاسایەیە ڕێگە بەو شتە دەدا. هەر بۆیە ئەو هەوڵ و تێکۆشانە پیرۆزەی ژنانی پێشکەتووی ئێران بۆتە گوشار لەسەر ڕێژیم و دەبنە گوشاری زیاتر بەپێی پەرەسەندنی تێکۆشەرانی ژن بۆ وەدیهاتنی ماف و داخوازییەکانیان؛ بەڵام کۆماری ئیسلامی جگە لە گرتن و تۆمەتبار کردنی ئەو تێکۆشەرانە و بە تاوانبار ناساندیان لە دادگاکانیان و سەپاندنی سزا، زۆر جارانیش یاسا دژە مرۆیی و ئەوڕۆییەکانی خۆی پێشێل دەکا و بە شێوەی سەرکوت و هەڕەشە وڵامیان دەداتەوە. زۆربەی ئەو ژنانەی کە پێشەنگی ژنانی مافخواز لە نێوخۆی ئێرانن دانیان بە ئەشکەنجە جەستەیی و ڕۆحی و توندوتیژی سێکسی و زۆرجارانیش هەڕەشەی کوشتینان هێناوە.

دەسەڵاتێک کە لە یەک چواچێوەی دیاری کراوی بچووکی ئیدئۆلۆژیک لە چەشنی ئایینی، ئەویش بە پێناسەیەکی تایبەت بەخۆی لە نێو دڵی بیرۆکەیەک بە ناوی ویلایەتی فەقی ( ولایت فقیه ) کە تەنیا لە خاڵێکی یاسای بنەڕەتی خۆی‌دا هەموو ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە و میللەتانی نێو قەوارەی ئێرانی لە ڕەستەیەکدا شی کردۆتەوە و لەوی بەدەر بە تاوان و گوناح بەرانبەر بە باوەڕی کۆن و بیرۆکەی پاوانخوازی خۆی دەزانێ، ژنان سێ جار دەچەوسێنێتەوە و زوڵمیان لێ دەکا؛ یەکەم لە مافە سەرەتاییەکان بۆ مرۆڤ، دووهەم لە مافە سەرەکییەکان بۆ مرۆڤ، سێهەم لە مافە تایبەتە مرۆییەکان بۆ ژن. بەڵام ئەو دۆخە بۆ ژنی کورد قورستر و دژوارترە. ژنی کورد جگە لەو سێ جار چەوسانەوە و سەرکوتە، ژنی کورد جاری چوارمیش بەهۆی کوردبوونیەوە سەرکوت و ئەشکەنجە دەکرێ..

ئاساییە دیکتاتۆرەکان بە تایبەت دیکتاتۆر و پاوانخوازە ئایینییەکان زۆربەی کاتەکان دژی مافی ژنان بوون و ئەوەشیان وەک یاسا و ڕێسا داناوە. پێناسە نەکردنی مافی ژنان یان بەشێک لە مافی ژنان و بەدیل گرتنی ئەو مافانە. لاواز کردنی کۆمەڵگە و داگیرکردنی مافی نیوەی کۆمەڵگەیە کە جگە لە ژنان، داوێنی پیاوانیش دەگرێتەوە. ئەوە حاشا هەڵنەگرە کە پێشێل کردنی مافی ئینسانی جا چ بە مافی ژنان ناو ببردرێ یان هەر ناوێکی دیکە، پێشێل کردن و داگیرکردنی مافی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتەیە بە ژن و پیاو و بەوجۆرە، دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر باشتر و ڕاحەت‌تر دەتوانن کۆمەڵگە و خەڵک لە هەمبەر داخوازی مافەکانیان سەرکوت بکەن؛ لە لایەکی دیکەوە بە شێوەی کلتووری و پەروەردەیی بە داگیرکردنی هەموو هێز و پتانسییەلی مەوجوود لە دەسەڵات‌دا جگە لە ڕێگەی یاسایی خۆیانەوە لە بوارەکانی دیکەشەوە هەوڵی لاواز کردن و پێشێل کردنی مافە ڕەواکانی ژن، کە مافی مرۆڤە بکەن.



# ژنی کورد و پێناسەی نەتەوەیی

جەمیل سەرمەستی



یەک لەو گرینگترین پێوەرگەلەی کە پێناسەی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و ئازاد و زیندوو دەکا، پێوەری ئازادیی ژنان و یەکسانیی مرۆڤە، واتە لە هیچ ماف و ئەرکێکدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نەبێت وژن و پیاو شانبەشانی یەکدی و بێ جیاوازی ئەرکی کۆمەڵگە ڕاپەڕێنن وەکوو یەکیش مافیان هەبێت.

سەرەڕای چەوساندنەوە و کۆیلە کردن و پشتگوێ خستنی مافەکانی ژنان لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بەهۆی ئایین، فەرهەنگ و نەریت و هەموو ئەو هۆکارانەی کە دەسەڵاتدارە توتالیتێر و دیکتاتۆرە کۆن و نوێیەکان بۆ مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا بەردەوام هەوڵی هێشتنەوەی مرۆڤەکانیان لە بازنەیەکی داخراو و خەیاڵیدا داوە ، بەڵام کەم نەبوون و نیین ئەو ژنگەلەی کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی هونەری، زانستی، کۆمەڵایەتی،سیاسی و ئابووری وبەتایبەت لە بواری پەروەردەدا بوونەتە مەشخەڵی ڕێگەی ژیانی مرۆڤایەتی و هەر وەکوو ئەستێرەی پرشنگدار لە ئاسمانی کۆمەڵگە تاریکەکاندا دەدرەوشێنەوە.

بێگومان کۆمەڵگەی کوردەواریش دوور نەبووە و نییە لەم هەڵاواردنە ڕەگەزییە و کپ کردنی دەنگ و توانای ژنان وبیری پیاوسالارانە.

نامانەوێ ئاماژە بە مێژوو و هۆکارە مێژووییەکانی ئەم هەڵاواردنە لە کۆمەڵگەی خۆمان بکەین کە خۆی باسێکی تایبەتی دەوێ، هەربۆیە دەچینەسەر دەور و نەخشی ژنان لە ئەمڕۆدا،بەتایبەت لەماوی دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامی بەسەر ئێراندا.

دوابەدوای ڕووخانی حکوومەتی حەمەڕەزاشا، خومەینی هەلەکەی قۆستەوە و دوای سەرکوت و دەمکوتی نەیارانی، دەسەڵاتی ئێرانی بەدەستەوە گرت و یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی کە پڕاوپڕە لە هەڵاواردن ودواکەوتوویی مەزهەبی و بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا ناگونجێ، بەسەرخەڵکی ئێراندا سەپاند. یەک لەو یاساگەلە جیاوازیی ڕەگەزی یان هەڵاواردنی ڕەگەزییە دژ بە ژنان.

بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هاوکات لەگەڵ سەرکوتی گەلانی ناڕازی، سەرکوت ودەمکوتی ژنانیش بەشێوەیەکی سیستماتیک و یاسایی و بە تایبەت لە ڕوانگەی ئایین و مەزهەبەوە بە هەمووشێوەیەک دەستیپێکرد و بەردەوام لەڕێگای پەروەردەوئایین و دەزگا حکوومەتییەکانەوە هەوڵی لاوازکردن و بچووککردنی کەسایەتیی ژن و کۆیلەکردنی دراوە و ویستوویانە ژنان کە بەشی کاریگەر و نیوەی کۆمەڵ و تەنانەت بزوێنەری کۆمەڵگەشن بێدەنگ بکەن، کە تاڕادەیەکی زۆریش لەم بوارەدا سەرکەوتوو بوون بەڵام بە هەول و ماندووبوونی ڕووناکبیران و چالاکانی بوارە جیاجیاکان و بەتایبەت پاش ئەوەیکە تێکنۆلۆژی و ئینتێرنێت جیهانی چکۆلە کردەوە و تۆرەکۆمەلایەتییەکان توانییان سنوورەکان نەهێڵن و زانست و زانیاری بە شێوەی زیندوو و بەربڵاو تەقە لە دەرگای مێشکە خوازیارو تەنانەت مێشکە خەوتووەکانیش بدا و بیرە کۆنەکان تێکبشکێنێ و کۆمەڵگە بە گشتیی و ژنان بە تایبەتی زۆرتر خۆیان ناسی و زۆرتریش هاتنەمەیدان و داوای مافەکانیان کرد، ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان پەرەیان سەند ودەسەڵاتی کۆنەپەرەستان ڕۆژبەڕۆژ زیاتر کەوتە مەترسییەوە.

دیارە کۆماری ئیسلامی سەرچاوکەی زوڵم و زۆرداری و دزی و گەندەڵی وشەڕ و ئاژاوەیە و دەسەڵاتێکی دژەمرۆیی و خوێنمژە و بۆ مانەوەی خۆی وەکوو دوومارەکۆڵ ( دووپشک) تەنانەت بە خۆیشییەوە دەدا چ بگا بەوەیکە خەڵکێک لە بەرانبەریدا ڕاوەستێ و داوای مافەکانی خۆی بکا، سەرەڕای ئەوەش هەمیشە کەسانێک هەم بە تاک و هەم بە کۆمەڵ نەیانتوانیوە لە ئاست زڵم و زۆری دەسەڵاتدارە ملهوڕەکاندا بێدەنگ و پاسیڤ بن وبە هەموو شێوەیەک هەوڵیانداوە ئازادی بۆ خۆیان و کۆمەڵگەکەیان دەستەبەر کەن و لەم ڕێگەیەشدا گیانی خۆیانیان کردۆتە قوربانی ئامانجە پیرۆزەکانیان و هەوڵیانداوە کە کۆمەلگە زیندوو کەنەوە وبە گژ دیکتاتۆرەکاندا چوونەتەوە. نموونەی کوردستان و ئەو دەیان هەزار شەهیدەی کە لە پێناو ماف و ئازادی نەتەوە و خاکەکەماندا بوونەتە پێشەنگی مافخوازی و ئازادی و بەدەیان ساڵ خۆڕاگری و بەرگری لە مافەکانیان لە بەرانبەر زاڵمترین ودواکەوتووترین حکوومەتەکانی دونیادا واتە پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی.

دیارە لەماوەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا زۆرجار خەڵکی

ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی لە مەدەنیانەترین شێواز بۆ داخوازی و مافەکانییان کەڵکیان وەرگرتووە و لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا تێکگیراون، هەرچەند کە ژنانی کورد لە بوارە جیاجیاکاندا بە تایبەتی لەم ساڵانەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا خۆیان بە باشی دەرخستووە و جێگەی دەستیشیان بە ناوچاوانی کۆمەڵگەوە دیارە و خەوی شەمشەمە کوێرەکانیان زڕاندووە و دەور و نەخش و بوونی ژنانی ئازا و بوێر و مافخوازبووکە شانبەشانی پیاوان و لە هێندێ شوێنیشدا وەکوو پێشەنگ و شکێنەری ترس و دڵەڕاوکێ هێز و وزەیان بە پیاوانیش دەدا و بە دەستی بەتاڵەوە بەڵام بە ئیرادە و باوەڕێکی قووڵ بە ئازادی و ڕزگاری وڵاتەکەیان لە ژێر چنگی دەسەڵاتدارە ملهوڕ و خوێنمژەکانی جەماران و قومدا سینگیان کردەقەڵخانی گوللەی داگیرکەران و چەندین کەسیشیان لەو ڕێگە پیرۆزەدا گیانیان بەختی ئازادی و سەربەستی وڵاتەکەیان کرد و بوونەتە پێناسەی ژنی کورد و پێناسەی نەتەوەکەشیان.

بەڵام بە پێچەوانەوە هەر لەو کۆمەڵگەشدا هەن کەسگەلێک کە نەک هەر هیچ خزمەتێکیان بە نەتەوە و نیشتمانەکەیان نەکردووە و ئامادە نەبوون هیچ نرخێک بۆ ڕزگاریی خۆیشیان بدەن، بەڵکوو بە ئاگا و بێ ئاگا بوونەتە هەوێن و ئامیانی سووککردنی هێما نەتەوەیی، فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی گەلەکەشیان.

ئەوە ڕوونە کە ڕێژیمە یەک لەدوای یەکەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بە هەموو شێوەیەک کە بۆیان کرابێ ویستوویانە و دەیانهەوێ کە بمانتوێننەوە و هەموو ڕێگایەکیشیان تاقی کردۆتەوە و دەیکەنەوە، بەڵام تەنیا کاتێک توانیویانە کێشەمان بۆ دروست بکەن و ئازارمان بدەن کە کەسگەلێک لە نەتەوەکەی خۆمان بووبێتە داردەست و کۆیلەی ئەوان و بەدژی نەتەوەکەی خۆی کەڵکیان لێوەرگرتووە، نموونە زۆرن بەڵام تازەترین نموونە لە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی مەجلیسی ڕێژیمدا بوو کە هەرچەند بازاڕی ڕێژیم تێکشکابوو و ساردوسڕیی و بەشدارینەکردنی خەڵک نایەکی گەورە بە کۆماری ئیسلامیی بوو، هەندێک ژنی چەوساوەی دەستی هەر ئەو یاسا مەزهەبی و بەرچاوتەنگە، ئەویش لە نەتەوەی کورد کە چەند قاتی دیکە لە لایەن ئەو یاساگەلەوە چەوسێندراوەتەوە بە جلی ڕازاوەی کوردییەوە خۆیان بۆ ئەو شانۆی هەڵبژاردنە بەربژێر کردبوو و وێنەی خۆیانیان بە جلوبەرگی کوردییەوە بڵاو دەکردەوە( هەر ئەو جلوبەرگەی کە ڕۆژانە لە لایەن دەسەڵاتداری تارانەوە بێڕێزیی پێدەکرێ و هەوڵی سڕینەوەشی دەدرێ.

لێرەدا دەبێ بڵێین کە ئەوژنانەی کە بە کەڵک وەرگرتن لە جلوبەرگی کوردی بۆ بەناو هەڵبژاردنی ڕێژیم ویستیان قازانج بکەن چەند قات زیاتر لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێڕێزییان بە خۆیان کردووە.

بە دڵنیاییەوە هەرچۆن جاشەکانیش جلوبەرگی کوردی لەبەردەکەن و دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە سوورە و بوونەتە کۆیلەی دوژمن، پێناسەی نەتەوەیی ژنی کورد تەنیا جلوبەرگی کوردی نییە، بەڵکوو پێناسەی نەتەوەیی ژنی کورد، وریایی، زانایی، نیشتماندۆستی، هەڵوێست، بوێری، ئازایەتی، گیانبازیی لە پێناو گەل و نیشتمانەکەی وتێکۆشان بۆ مافی یەکسانیی و هتد

سەرەڕای هەمووی ئەمانە جلوبەرگ و زمان بەشێکی گرینگن لە بوونی ئێمە و ئێمەش جلوبەرگ و زمانی خۆمان خۆشدەوێ و بە گیان و دل دەیپارێزین و ئەم پیلانەش ناتوانێ جلوبەرگەکەمان لەبەرچاو بخات.


# قارەمانێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵاتەکەی پێشکەش بە دایکی شەهیدێکی کوردستان کرد

مام عەلی پیرۆتی قارەمانی وەرزشی بۆکس و خەڵکی بۆکان، پاش بردنەوەی خەڵات، سەردانی ماڵی شەهید محەممەد عەلیزادەی کرد و خەڵاتەکەی پێشکەش بە دایکی شەهید محەممەد کرد.

محەممەد عەلیزادە کە لەم دواییانەدا بۆ ناڕەزایەتیی دەربڕین بە کوژرانی کوڕێکی کورد بەدەستی یەکێک لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە شاری نەغەدە بەشداریی خۆپیشاندانەکانی ئەو شارەی کردبوو و بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی گیانی لەدەستدا .

شایانی باسە کە وەرزشوان و کەسایەتییە وەرزشییەکانی کورد هەرچەند بە کەمترین ئیمکانات و بە تێچووی خۆیان تێدەکۆشن و وەرزش دەکەن بەڵام لە ئاستی ئێران و دنیاشدا خاوەن ناو و پلەی تایبەتن و لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە بە هەڵوێستی کوردانە و نیشتمانپەروەرانەی خۆیان وزە و هێزێکن بۆ ورووژاندن و هەستی نەتەوایەتیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.





# بێ ئاسۆیی ژنانی ئەفغانستان

وەنەوشە کەریمزدە

سەرهەڵدانی سەرلەنوێی تاڵیبان لەئەفغانستان بۆ جارێکی‌تر سەرنجی هەموو جیهانیی بۆ ئەفغانستان ڕاکێشا و کۆمەڵگەی جیهانیی نیگەرانە لەهەمبەر باردۆخی مافی مرۆڤ و دیموکراسی بۆ دانیشتوانی ئەو وڵاتە کە لەو هەلومەرجەدا دۆخ و داهاتووی ژنان و منداڵان زیاتر لە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگە ڕووبەڕووی مەترسیی بوەتەوە و چاوەڕوان‌دەکرێ کە بە سەرهەڵدانی تاڵیبان ژنان زیاتر لەڕابردوو لەمافی کۆمەڵایەتیی و سیاسی بێبەش بن بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە کە ئایا بارودۆخی ژنان پێش لە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لەلایەن تاڵیبانەوە لە ئەفغانستان باشتر بوو؟

ئایا ئەوەیکە بارودۆخی ژنان لەو وڵاتە چۆن بووە کە ئێستاکە بەهاتنی تاڵیبان دەبێ نیگەران بین؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەبێ بچینەوە بۆ ڕابردووی ژنانی ئەفغانستان و شیکردنەوەیەکمان هەبێ لەسەر بارودۆخی ڕابردوو و داهاتووی ژنانی ئەو وڵاتە.

بارودۆخی مافی ژنان لە ئەفغانستان لە دەورانی حکوومەتە جۆراوجۆرەکاندا جیاواز بووە، بۆ یەکەمین‌جار بەپێی یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٦٤ی زایینیی مافی ژنان بە شێوەی یاسایی و بەرامبەر ڕاگەیێندرا هەرچەند ئەو ماف و ئازادییە مەدەنییە لە دەیەی ١٩٩٠ لە لایەن دەسەڵاتدارانی کاتی و بە تایبەت لە دەورانی دەسەڵاتداری تاڵیبان، ژنان لەهەموو مافێک بێبەری کران. بەم پێیە بە سەرنجدان بە ڕۆڵی تاڵیبانیسم بە سەر دۆخی ژنان، دەتوانین بارودۆخی ژنان لە ئەفغانستان بە دوو دەورەی سەرهەڵدان و داکەوتنی تاڵیبان دابەش بکەین. لە دەورانی دەسەڵاتداری تاڵیبان ژیانی ژنانی ئەفغانستان لە خراپترین دۆخی خۆیدا بوو لە ساڵی ١٩٩٦ تا ٢٠٠١ مافی دەنگدان، فێرکاری و کار کردن لەلایەن تاڵیبانەوە بۆ ژنان قەدەغە کرابوو. لە ساڵی ١٩٩٧ تاڵیبان بەپێی یاسایەک ڕایگەیاند کە خوێندی ژنان لە قوتابخانە گشتییەکان قەدەغەیە. هەروەها کارکردنی ژنان لە شوێنە گشتییەکان قەدەغە کرا. قەدەغەبوونی کارکردنی ژنان بەسەر ژیانی ژنانی ئەفغان بەتایبەت ئەوانەی کە خوێندەواریان بوو و یا سەرپەرەستی بنەماڵە بوون کاریگەری نەرێنی زۆری دانا. لە ساڵی ١٩٩٨ ژنانئێزنی دەسپێڕاگەیشتن بۆ نەخۆشخانە گشتییەکانیان لێوەرگیردرایەوە و ئەو کارە لەسەر باری تەندروستی ژنانی ئەو وڵاتە زۆر کاریگەری هەبوو. تاڵیبان حیجابی زۆرە ملێی لەسەر ژنان قورستر لە جاران‌کرد. ئەویش لێدانی زۆرەملێی دەمامەک بۆ ژنانی خوێندەوار بوو و هەروەها بەپێی یاسا ئێزنی بەتەنیا ڕێگا ڕۆیشتن لە شەقامەکانیان نەبوو مەگەر ئەوەیکە هاوسەر یا پیاوێک کە ئەندامی بنەماڵەکەی بێ لەگەڵی بێ، تاڵیبان بنەماڵەکانی هان دەدا بۆ هاوسەرگیری کچەکانیان لە تەمەنی خوارەوە. ئەوانە بەشێکی بچووک بوون لە بارودۆخی خراپی ژیانی ژنان لە دەورانی حکوومەتی تاڵیبان. بەڵام لە سەردەمی شکستی حکوومەتی تاڵیبان و لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١ی زایینیی مافی ژنان بەرەبەرە باشتر بوو و ژنان دووبارە بە شێوەی یاسایی لە ژێر یاسایی بنەڕەتی ساڵی ٢٠٠٤ لەگەڵ پیاوان مافی بەرانبەریان پێدرا لە ئەو سەردەمەدا ژنانی ئەفغانستان توانیان بە سەرکەوتنێکی زۆر لە بواری دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان بگەن بۆ نموونە: لە ساڵی ٢٠٠١ دەوڵەتی کاتیی ئەو وڵاتە ١٠ میلیۆن دۆلاری بۆ بەهێز کردنی جێگەو پێگەی ژنان لە کۆمەڵگە و دابینکردنی کار بۆ ژنان تەرخان کرد. لەو دەورەیە ژنان بە بەراوەرد لەگەڵ دەورەی دەسەڵاتداریی تاڵیبان کەوتنە نێو بارودۆخێکی باشەوە و ژنان لە پارلمانی ئەو وڵاتەدا ئامادە دەبن و ٢٣ لە سەدی ڕێژەی مامۆستایان، تەرخان دەکرێ بۆ ژنان و تەنانەت ڕێژەی پارێزەرانی ژن دەگەتە ٢٤٠کەس و دوو ژن لە کابینەی دەوڵەتدا، ١٠ ژن وەکوو ڕاوێژکارانی سەرۆک‌وەزیر و دوو ژن وەکوو باڵوێز هەڵبژێردراون. ژنان کە لەسەردەنی دەسەڵاتداریی تاڵیباندا تەنانەت مافی خوێندنیان نەبوو لە دەورانی نوێ و بە ئامادەبوون لە کۆمەڵگە توانیان لە هێندێک لە چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەشداربن، بەڵام ژنان لەو وڵاتە لەگەڵ هەڵسوکەوتی زۆر قورس ڕووبەڕوو بوونەتەوە، چۆن پیاوسالاری بەردەوام کولتووری ئەو وڵاتەیە و بەشێکی زۆری قوربانیانی توندوتیژی بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی سەبارەت بە ژنانە، سەرەڕای بوونی تێکۆشانی بزووتنەوەی ژنان لە ئەفغانستان و یارمەتی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ باشتربوونی ئەو ڕەوتە ڕادەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئەفغانستان زۆر لە سەرترە، کە بەردەوام دەبێتە هۆی نیگەرانی نێونەتەوەیی.

ئێستاکە بە دوای هێرشی تاڵیبان و ڕووخانی دەوڵەتی ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٢١ نیگەرانییەکن سەبارەت بە داهاتووی خەڵکی ئەو وڵاتە و بەتایبەت ژنان و کچان چۆتە سەری.

ئەو پێشەکییە کورتە لەسەر بارودۆخی ژنان لە سەردەمە جیاوازەکاندا لە ئەفغانستان ئێمە بەئەو بەرەنجامە دەگەیەنێت کە دۆخی مافی ژنان هێندە باش نییە و ژنان بەردەوام لە و وڵاتە کەوتوونەتە بەرجیاوازی، هەڵبەت دەبێ ئاماژە بەئەو خاڵەش بکەین کە ٢٠ ساڵ پاش حکوومەتی تاڵیبان و دامەزراندنی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، لە ئەفغانستان تارادەیەک دۆخی ژنان باشتر بووە بەڵام ئەوە بە مانای لەبەرچاوگرتنی هەموو مافەکانی ژنان نەبووە، چۆنکە هەرلە ماوەی ئەو ٢٠ ساڵەشدا هەستیان بە سێبەری قورسی سانکای پیاوسالاری لەسەر خۆیان کردووە سانکایەک کە ئێدئۆلۆژی ئیسلامی و بیروباوەڕی نەریتی لەپشتە و بەرفراوانی بەشداری ژنان بۆ چالاکیی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی تەنگەبەر کردوو بەڵام دەبێ ئاماژە بەو خاڵەش بکەین کە تەنیا هۆی لاوازکردنی پێگەی ژنان و بێبەری لە مافەکانیان، تاڵیبان و ئێدئۆلۆژی ئیسلامی نەبووە بەڵکوو هۆکاری دیکەش لەسەر ئەو دۆخە وەکوو نەریتی هزری بەجێماو لەسانکای پیاوسالاری و باب‌سالاری یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی باشتر نەبوونی دۆخی ژنان لە ئەفغانستانە بەتایبەت لە گوندەکان و ژیانی

بەرەباب کە ئێستاکەش لە سەر هێزی خۆی ڕاوەستاوە و بوونی هەیە، بۆ نموونە پیاو بەناوی کاسبکاری بنەماڵە و کەسێک کە خاوەنی کار و ئادایە لە شوێنی سەرتری ژن‌دا دەبێ جگەلەوە ئێستاکەش زۆربەی پیاوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە کچان و ژنان پێویستیان بەخوێندەواری و فێرکاری نییە چۆنکە سەرەنجام دەبێ لە سووچی ماڵێک مێرداری بکەن و هێندێکیش بەرهەڵستن لەگەڵ ڕاهێنانی کچان لەلایەن مامۆستایانی پیاو و ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە ئەفغانستان لەگەڵ کەمی مامۆستای ژن ڕووبەڕوون و بەوهۆیە زۆربەی ژنانی ئەفغانستان لە خوێندەواری بێبەشن.

نزم‌بوونی ئاستی زانست و زانیاریی ژنانیش کە دەتوانین بڵێین میراتی دەورانی تاڵیبانە هۆکارێکی دیکەیە بۆ دەستەبەر نەکردنی مافی ژنان لە ئەفغانستان، زۆربەی ژنان هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە مافی خۆیان و هەلومەرجێک کە ژیانی تێدا دەکەن نییە و ناڕەزایەتی دەرنابڕن، لاواز بوونی یاسا لە دادگاکانی ئەفغانستانیش وێڕای کێشەکانی تر بۆتە هۆی ئەوە کە ژنان بەردێک لەسەر ویست و مافەکنایین دابنێن، چۆنکە یاسا و دادگاکانی ژێر دەسەڵاتی پیاوان ئێزنی سەرکەوتن بەژنان نادا لە تەنیشت ئەو هۆکارانە، ئاڵۆزی و لاوازی حکوومەت لە جێگەوپێگەی دۆخی ژنان لە ئەفغانستان بێ ئاسەوار نەبووە، تاڵیبان بەردەوام لە زۆربەی شوێنەکانی ئەفغانستان بوونی هەبووە و بۆتەهۆی دروستکردنی ڕەپۆشێکی مەترسیدار بۆ ژنان، لەبەر ئەوەیکە تاڵیبان زۆجار قوتابخانەی کچانی بۆ هێرشی خۆکوژی خۆی هەڵدەبژارد و مەترسی پڕژاندنی تیزاو بەرامبەر بە ژنان لە شوێنە گشتییەکان بوونی هەبووە، لاوازبوونی حکوومەتی ناوەندی لە ئەفغانستان بەردەوام بە زەرەری ژنان تەواو بووە.

بەتێپەڕبوونی نزیک بە ٢٠ساڵ لە ڕووخانی حکوومەتی تاڵیبان دەورانێک کە ژنان هەڵگری قورسترین جیاوازی و خستنە ژێر گوشارەوە لەلایەن ئەو حکوومەتە بوون، ژنانی ئەو وڵاتە توانیان تا ڕادەیەک دۆخی خۆیان بەرەوباشی پێش ببەن کە لەو نێوانە ڕۆڵی ڕێکخراوە نێونەتەوەیەکان و بزووتنەوە جیهانییەکان کاریگەر بووە، بەڵام بە هاتنەوەی دووبارەی تاڵیبان جێگەوپێگەی ژنان زیاتر لە جاران کەوتوەتە مەترسییەوە و ئاشکرا نییە دۆخی کار و خوێندەواری ژنان دەبێ بەچی، ئایا دەبێ ژنان دووبارە حیجابی زۆرەملێی بپۆشن و لە ترسی تاڵیبان دەبێ خۆیان لە نێو ماڵەکانیان‌دا بەند بکەن و تەنانەت لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەش بن.

لەماوەی ڕابردوودا زۆر هەواڵ سەبارەت بە کردەوەکانی تاڵیبان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراوە کە ناخی هەر مرۆڤێکی هەژاند کە چۆن ئافرەتان کەوتوونەتە ژێر گۆشاری بێ بەزەیی و دڕندانەی تاڵیبان کە تەنانەت بەزەییان بە کچوڵەی تەمەن ١٢ ساڵانەکانیش‌دا نایەت و ماڵ بەماڵ بۆ دۆزینەوەی ئەو کچانە دەگەڕێن و دەیانبەن تاکوو لەخۆیانی مارەبکەن یان ئەوەیکە دایکەکان کورپەکانیان‌دەدا بە سەربازە ئەمریکاییەکان تاکوو داهاتوویەکی باشتریان هەبێ وێنەهایەکی خۆفناک کە نیشانەی ئەوە بوو کە ژنانی ئەفغان دەبێ لەگەڵ مافی ڕاستەقینەی خۆیان لە ژیانی ئازادی کۆمەڵایەتی ماڵاوایی بکەن نموونەی ئاشکرای ئاسەوارەکانی شەڕە کە تەڕ و ویشک بە یەکەوە دەسوتێ و زوڵم لە هەر نەتەوەیەک دەکرێ و بە پیر و گەنج و منداڵ لە شەڕ دا دەبنە قوربانی کە تا ساڵیانی ساڵ قەرەبوو ناکرێتەوە، و هیچ ئاشکرا نییە کە لەو دۆخە زەبروزەنگەدا ژنانی ئەفغان




چۆن دیان‌هەوێ بۆ وەدی‌هێنانی مافی خۆیان ململانێ بکەن و گرینگتر ئەوەیە کە چۆن توانایی ململانێ یان دەبێ؟

بێ‌گومان لە بنەمای هزری تاڵیبان ژنان هیچ پێگەیەکیان نابێ، هەرچەند کە بۆ خۆیان دەڵێن تاڵیبان، تاڵیبانی ٢٠ ساڵ لەمەوبەر نییە و جیاوازە بەڵام ئایا بیر و باوەڕێک کە بناغەکەی سەرچاوەی لە کولتووری قێزەون گرتبێ گۆڕانکاری تێدادەکرێ، دەبێ بەباشی بزانین کە ئەو جیاوازیە تاکوو ئێستا بۆ ژنان و کچان بەردەوام لە ئارادایە، بنەمای کۆمەڵایەتی کە بەپێی پێوەر و شەریعەتی ئیسلام پێناسەی پێکرابێ، ژنان زۆرتر لەبەر بەهرەی زاووزێ و ئامرازی سێکسی پیاوان دەبیندرێ و نموونەی هەرە ئاشکرای هەمان بردنی کچە ١٢ ساڵەکانە کە نیشانەی ئەوەیە کە لە بواری سێکسی چەندە تامەزرۆن کەوایە بێ‌هۆ نییە کە بە هاتنی تاڵیبان خۆف و سامێکی وەسف نەکراو داوێنگیری ژنانی ئەفغانی بۆ ژنانێک کە ڕۆچینکیان بۆ ڕزگاری لە زۆرداری پیاوسالاری ئایینی دۆزیبۆوە بەڵام ئێستاکە لە بارودۆخێکی بێ ئاسۆیی دان.

بەسەرنج دان بە بارودۆخی زاڵ بەسەر ئەفغانستاندا، بێدەنگی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و بزووتنەوە جی‌هانییەکانی مافی مرۆڤ هیچ شیاو نییە و ئەگەری هەیە ئەو بێدەنگیە زۆر شتی لەپشت بێ کە بەڵکوو لە داهاتوودو دەرکەوی چۆن لە پشت هەر بێدەنگییەکی بەمجۆرە سیاست خۆی شاردۆتەوە و سیاسەتی دەوڵەتە بەهێزەکان شێوازی وایە بۆ ئەوەی بە زۆر ئامانج بگەن زۆر مرۆڤ دەکەنە قوربانی و بۆیان گرینگ نییە کە منداڵ بێ یا گەورە و یا وێران کردنی وڵاتێک، گرینگ ئەوەیە کە بە ئەو ئامانجەی دیان‌هەوێ بگەن.

جا هەر بۆ ئەو مەبەستە چالاکوانانی مافی مرۆڤ دەتوانن بەشێوازی جۆراوجۆر زەخت بخەنە سەر بەرپرسە سیاسییەکان تاکوو بۆ باشتربوونی دۆخی ژنان لە ئەفغانستان بەشێوەی ڕامیاری و یا سەربازیی هەنگاوێکی ئەرێنی بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە و بە تایبەت منداڵان و ژنان هەڵێنن، هەرچەشنە ململانێی ژنان لە نێو ئەفعانستاندا بۆ دەستەبەرکردنی مافی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی توندوتیژی دژ بە ژنان، کەوابوو تەنیا ڕێگەی گۆڕینی ئەو بارودۆخە گۆشار خستنە سەر تاڵیبان لە دەرەوەیە و دەبێ ناوەندەکانی مافی مرۆڤ ئامادەکارییەک بۆ ئەو بارودۆخە بکەن و دەبێ وڵاتانی ئازادیخواز و دێموکرات چارەسەرێک بۆ مافی ژنانی ئەفغانستان بدۆزنەوە.

# کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبی هەڵاڵە سۆهرابی



**ئامادەکردنی:تریفەفاتیحی**

خاتوو هەڵاڵە سۆهرابی، شاعیر، نووسەری لێکۆڵەر وچالاکی مەدەنی بەتایبەت لە بەستێنی مافەکانی ژنان، لە ڕێبەندانی ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و پێنجی هەتاوی، لە شارە جوان و فەرهەنگپەروەرەکەی بۆکان، لە بنەماڵەیەکی فەرهەنگیدا هاتە دونیاوە و هەر لە سەرەتای منالییەوە لە شارە مێژوویی سەقز پەروەردە بوو وگەشەی کرد و هەنووکە دانیشتووی سنەیە.

ئەو کە لە بنەماڵەیەکی فەرهەنگی و هونەرپەروەر و ئەدەبدۆستدا چاوی پشکووتبوو، بەهرەمەند لە هەبوونی باوکێکی وانەبێژ و خاوەن قەڵەم، هەر لە سەردەمی منالییەوە لە ژێر کارتێکەریی ڕاهێنان و وانەبێژیی باوکیدا بوو و بە هۆی ڕاگوێزرانی باوکی بۆ دێهاتە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکە، لەگەڵ سروشتی دەژی کوردستان ئاشنا بوو و هاوڕێ لەگەڵ سەیران و گەڕانەکانی مندالانە لە داوێنی ئەم سروشتە بێخەوش و ڕەسەنەدا گەشەی کرد.

ئەو بە مندالی لەگەڵ ڕێزمان و نووسینی زمانی شیرین و پاراوی کوردی ناسیاریی پەیدا کرد و ئەم ناسیارییەی وامداری بنەماڵەی باوکییەتی کە کاتەکانی سرەوتنیان بە خوێندنەوەی شێعرەکانی هێندێ لە مامۆستایانی مەزنی ئەدەبیاتی کوردی وەکوو هێمن، هەژار، قانع، گۆران و ... دەگەیاندە لووتکە.

هەر بەوجۆرە کە پێشتر باسکرا، خاتوو سۆهرابی لە تەمەنی منداڵیدا، بەهۆی پیشەی باوکییەوە لە شارە جوانەکەی بۆکانەوە کۆچیان کردە شاری مێژوویی و کەونارای سەقز، وە ئەو شارە هەوەڵین ماڵی خوێندن و دەسپێکی فێرەزانستبوونی ئەو بوو. ئەو مندالی و تازەلاویەتیی خۆی لە بێئۆقرەیی، ورووژان، ترس، کایە و شەڕدا تێپەڕ کرد، وە لە ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتا لە تەمەنی پازدە ساڵیدا هۆندنەوەی هەوەڵین شێعری خۆی تاقیکردەوە، وە هەر لە هەمان سەردەمەوە کاتەکانی لەکاربوونەوەی خۆی تێکەڵ بە خوێندنەوەی شێعرگەلێ لە مەزنانێ وەکوو فرووغ فەڕڕوخزاد، فەرەیدوون موشیری وزۆرێ لە شاعیرانی نوێخواز کردبوو، وە هەروەها لە کاری نووسیندا بە چڕ و پڕی خۆی بە راهێنانەوە سەرقاڵ دەکرد.

ئەو کە لە ساڵی هەزار سێسەد و حەفتا هۆندنەوەی شێعری بە زمانی فارسی دەسپێکردبوو، لە ساڵی هەزار و سێسەد وحەفتا و شەش، وێڕای ئەندامیەتی لە ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکان، بە شێوەیەکی چالاک چووە نێو دونیای بێسنوور و ئاستەمی شێعر و ئەدەبیاتەوە، وە ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتا و هەشت، بۆ ئەو دەسپێکی چوونە نێو بواری هەتاهەتایی نوسین بە زمانی پاراو و بەنرخی کوردییە بە شێوەی پیشەیی، ئەم شاعیرە خۆش  زەوق و بەتوانایەی کورد، کە لە درێژایی ئەم ساڵانەی دواییدا، یەکێ لە ئەندامانی بەرچاوی کۆڕگەلی ئەدەبیی گەورە مەڵبەندی کوردستان، لەوانە، ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکان، ئەنجومەنی مەولەوی سەقز، ئەنجومەنی مەحوی سەقز، ئەنجومەنی مەولەوی سنە وئەنجومەنی ئادان سنە بووە، ساڵیانێکە لە شارە فەرهەنگپەروەر و خاوەن ڕەسەنایەتییەکەی سنە دەژی، وە بەڕاستی یەکێ لە نووسەران و شاعیران و چالاکانی مەدەنیی دیار و ئاکارجوانی ئەم مەڵبەندە دێتە ئەژمار.

لە کۆی شانازییەکانی خاتوو هەڵاڵە سۆهرابی، چاپ و بڵاوکردنەوەی دوو کۆمەڵە شێعری کوردی زۆر بەنرخ و



بەوەجن لەژێر سەردێڕی *من ئێستا دۆزەخە* (ئامادەبووی هەزار و سێسەد و نەوەد و شەش)، وە *پیاڵەیەک ئۆقیانووس نیم بمڕێژی* (ئامادەبووی هەزار و سێسەد و نەوەد و حەوت)، کە هەر دوو کتێبەکە لە ساڵی هەزار و سێسەد و نەوەد و هەشتی هەتاویدا لە لایەن بڵاوکەرەوەی گوتار بڵاو کراوەتەوە.

شاعێر، شێعرەکانی ئەم دوو کتێبەی لە درێژەی ساڵەکانی نەوەد هەتا نەوەد و شەش هۆندۆتەوە، وە بۆخۆی سەبارەت بەمە لەسەر ئەم بڕوایەیە کە، *شێعر بەرهەمی ئەزموونەکانی ڕەنجی شاعیرێکە، هەندێجار لەم ڕەنجانەدا لەگەڵ خوێنەرانی شێعرەکانی شەریکە و هەندێجاریش بە تەنیایی شانی داوەتە بەر ئەم ڕەنجانە*.

شیاوی باسە، ئەو جگە لە چاپی ئەم دوو بەرهەمە شێعرە، بەرهەمگەلی زۆری بەگشتی لە شێعر، وتار و کورتە چیرۆک و وت و وێژ لە بڵاوکراوەکانی جۆراوجۆری کوردیدا بە چاپ گەیاندووە، کە لەوانە، بریتین لە حەوتەنامەی ڕەسەد بۆکان(حەفتا و هەشت)، گوڵبژێرێ لە شێعری شاعیرانی کورد(حەفتا و نۆ)، حەوتەنامەی هەواڵ کەرکووک (نەوەد و چوار)، حەوتەنامەی سیروان(نەوەد و چوار)، حەوتەنامەی بەیان سنە(نەوەد و شەش)، ماڵپەڕی ئینتێرنێتیی قەڵەم(نەوەد)، حەوتەنامەی بانە شار(نەوەد و شەش)، حەوتەنامەی کوردەواری (نەوەد و شەش)، حەوتەنامەی سیروان (نەوەد وشەش و نەوەد و حەوت)، وت و وێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردوستان(هەولێر) تایبەت بە بیست و پێنجی نوامبەر ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئازاری جنسیی ژنان، وە ... وتووێژی حەوتەنامەی ئەدەب و کلتووری (هەولێر )سەبارەت بە ناسنامەی کتێبەکان ( نەوەد و هەشت)

ئەم خاتوونە شاعێرە بەرهەمێکی چاپ نەکراوی بە زمانی فارسی هەیە و کتێبی سێهەمی بە زمانی کوردی ئامادەی چاپ و بڵاوبوونەوەیە.

# تابلۆی زێڕین



دەشتێک هەڵاڵە و خەرمانێک لە ژین

چەپکێک گوڵباخی، باخێک پێکەنین

زەریایەک ئاوات، ئامانجی شیرین

خوڕخوڕ هەناسە، دنیایەک ئەوین



تەمەنێک تاسە، وەرزێک هەڵپەڕین

شەپۆلێک هیوا،ئاسمانێک شین

بزەی سەرلێوی سوهەیلا و نەسرین

پۆلێک کۆتری سپی و باڵ بەفرین



کرانە نەخشی چەن تابلۆی زێڕین

بوون بە ملوانکە و دەسڕێزی دەسچین

بوونە ژیلەمۆی تۆڵەی ئاگرین

هێمان بۆ واتای سەر لە نوێ ڕوین

جەمیل سەرمەستی

# گوڵان...



لەیلا قادری/ساکار

بانگێشتی سەیرانی ڕەفیقم بووم، دە دوازدە کەسی دیکەشی دەعوەت کردبوو، یەکیان ژنێکی بەلەباریکەی زەردەڵە و شەرمێون بوو، جووتێک چاویلکەی شووشە ڕەشی تێکردبوو، بەتەنێ لە سووچێک لارەمل دانیشتبوو.

گۆرانیمان دەگوت، لەبەر خۆیەوە دەیگوتەوە و نارەی دەهات، قسەی خۆشمان دەگێڕاوە، بەحاڵ بزەی دەهاتێ.

لێی چوومە پێشێ و وەقسەم هێنا، ئەوجار هەموو دەورەمان دا و تێی وەرووکاین؛

+ لە داوەتی شەوبۆی ڕەفیقم، عاشقی بووم، لە سەربان و بنبانەوە، نێر و مێ سەیریان دەکرد، لاوچاکێک بوو، نەزەری حەرام بوو، جا ڕانک و چۆغەیەکی شینکی لەبەردا، کراسی ڕەش و پشتێندی تۆڕی ڕەشی لەسەر بەستبوو، تەنکە ڕیشێکی هێشتبۆوە، دەتگوت لاسەشۆڕی باڵەکییە.

بە پاڵەپەستۆ خۆم گەیاندە قەراغ داوەت و هەر گەیشتە حاندی من، گورجێک چوومە دەستییەوە، تەواو شانم وە شان و شەپیلکی خشاند، لەبەر خۆمەوە گوتم: لە منت کەوێ گوڵان، ئەگەر کچی بابی خۆت بی، ناهێڵی کەس دەست لەو گەردنەی وەربێنێ:

ڕانک و چۆغە بۆر، نێوقەد شمشاڵی
بەژنی من و تۆ، بۆ یەک دەناڵی
ڕەشە ڕیحانە شین بوو لە باغی
خۆ تۆ تریاک نی لە من قاچاغی

چوار گەڕان هەڵپەڕین، چاوەڕێی دەست گوشینێک شتێک بووم! هیچ خەبەر نەبوو، غیرەتم وەبەر خۆم نا، توند توند دەستیم گوشی، بزەیەکی هاتێ و دوو جار پەنجەی گوشیمەوە، بە ئانقەست خۆم لێ دەخشاند، ئەو چۆغە مەرەزەی دەتگوت هاوریشمە، پڕ بەدڵ هەستم بە تینی لەشی دەکرد، ئەویش سەگە سەگەی بوو، دەنا دڵی بۆم دەکورکا و بەزمەکەی بەکەیفێ بوو.

بە هیچ کلۆجێ دڵمان نەدەهات داوەتەکە بەردەین، خەڵک دەستە دەستە دەهاتن و چەند پێیەکیان پێدا دەدا و دەڕۆیشتنە دەرێ، ئێمە کەوتبووینە گاوانییەوە، سێ ڕمەکی و سێ جرتەکی، هەڵماندەخستەوە. کەس نەبوو بە مۆنەمۆن شاییم پێ بەردا و بمکێشێتە دەرێ.

ژمارە تەلەفۆنمان گۆڕییەوە و لە سبەینێرا، دەستمان کرد بە باوباوێن، حەزەحەزە و نامە و دیاری گۆڕینەوە و حەوتووی چەند جاریش دەخوشاین بۆ ژوانێ.

وەلحاسڵ، بە جیران و دەرکوبان و کەلێن و کەلەبەری خشت و بلووکەکانیماڵەکەشیان عاشق ببووم و دڵم پێیان دەکراوە. بۆ هەر جێیەک چووبایەم، ڕێگام بەلای ماڵی یاردا لار دەکردەوە، ئەو شارە بەرینە، هەر کۆڵانێکی تێدا بوو، ئەو کۆڵانەش هەر ماڵێکی لێ هەڵکەوتبوو.

بە زۆرەملێ و پێچەقێنی خۆم، بابم ملزەم کرد، دەنا دەیگوت بە هەزار کوێرەوەری و چەرمەسەری منداڵم هێناوەتە حاسەڵاتێ، کەسێک شوناس و دیوناس نەبێ، قەت کچی نادەمێ.

هەر دووک لاقم لە کەوشێک کرد و گوتم: «هەموو نێرینەی دونیایەم لێ حەرام بێ، جگە لە سۆران.»

هەرچۆنێک بوو، ئەو شۆڕەلاوەم داگیر کرد، شەوانە تێرتێر بۆنم بە سینگییەوە دەکرد و لە دڵی خۆمدا هەزار ئافەریمم بۆخۆم دەنارد؛ حەک رووت سپی بێ ڕۆڵە گوڵان، بۆ نێچیرت.

ساڵی تێوەرسووڕاوە، کچێکی جوانم بوو، لەسەر ماڵی خەزوور بووم و بۆ زۆر شت ملکەچ و چاولەدەست. بە شەرمەوە لەسەر سفرە دادەنیشتم و دەستم بۆ پێخۆر دەبرد، دەتگوت عالەم قامکم بۆ ڕادەدێرێ، وەختایەکی بە بەرچاوی خەزوورمدا، لە حەمام دەهاتمە دەرێ.

ئەو سۆرانەی بەقەد هەموو دونیا جانبی منی دەویست، بەینێک بوو، یەک شەویش وچانم نەبوو بە دەستییەوە، وەها چڵێس و چاوبرسی ببوو، لە سووڕی مانگانەشدا نەیدەهێشت پشوو بدەم و بە پەلەقاژە خۆ ڕاپسکاندنیش، دەربازبوونم نەبوو.

ئەسڵاوئەبەدا زەوت نەدەبوو، هۆڕهۆڕ دەگریام بە دەستییەوە.

وام لێ هاتبوو، بە سەت بیانوو خۆم لێ دەدزییەوە و هەفتەی یەک دوو شەو دەچوومەوە ماڵی بابم. وەبیرم نایە ئاخرجار کەنگێ بۆنم بە سینگییەوە کرد، نازانم.

خەڵک سێ دەستی خەو کردبوو، ئەو هەر چاوی داقڵیشاندبوو بە دیار فیلمی پیسەوە و هەرچی ئەوان دەیانکرد، دەبوو منیش بۆم بکردایە، دەنا بە گاز و نەقوڕینچکان گۆشتی لێ دەکردمەوە، نەیدەهێشت یەک چرکەش چاو گەرم کەم، دەیگوت ئاوا نەبێ ئۆخە لە دڵم نایە.

ئەخت و چارم کرد، لە ڕووم هەڵنەهات لەکن خەسوو و هێوەرژن و دشەکانم بیدرکێنم، دەمگوت تازە دەیکنە شووژنێک و هەر پەل ببزێوم، بە چاومی دادەکەن، ناچار پەنام بردە بەر دەروجیران و دەستەخوشکان، هەرکەس بە گەزی خۆی پێوای، یەک دەیگوت:

«جا قەت ئەوە قسەیە! کچێ لەسەر دمی دانێ هەتا پیشی هەڵدێ، یەکی دی دەیگوت بڕێنە بە کەللە سەری بابی بابە سەگیدا، بۆ یانی تۆ بەشەر نی! ئەوی دی دەیگوت بەینێکی چاک خۆتی لێ بدزەوە و برسی و توونی ڕایگرە بزانە چۆن دەبێ، حاجیژن دەیگوت: گیرفانی پاتۆڵەکەی بگەڕێ، بزانە حەبی ئیشتیای تێدا نییە، ئەوە حاجیش بەینێک فێری ئەو فیعلە ببوو، هەتا درەنگانێک پێم نەزانی، گڵ خەبەری بۆ نەبا!»

+ قسەی هیچیان پەناباتێکی ڕەشی نەدێنا، خۆ گیام

بە کێوییەوە نەخواردبوو، دەمزانی سۆران پیاوەکەی جاران نییە، بەلام خۆ دڵ سفرە نەبوو هەڵیرێژم.

دوو حەوتوو دەبوو زێڕەکانی بووکێنیم دیار نەبوون، وڵاتم سەنگ و سووژن دا، هەتا وەدەنگ هات:

« لە گاوسندووقی دووکانم خستوون، براژنم دەستپیسە، زەفەریان پێ ببا، هەروا دەچێ، ئەوەنێ پێشینیان فەرموویانە:ماڵی خۆت توند بگرە و کەس بە دز مەگرە.»

منداڵەبەر بووم و بەو ڕۆژگارە منداڵ دەیمژتم و خەسووش وەک هەلووک هەڵیدەسووڕاندم، شەویش دادەهات بۆ حاڵی من، خۆ روحم تێدا نەبوو لە ترسی کابرای دۆستی نێوگەڵم.

بەو سەگمەرگییە ساڵێکم بردە سەر.

سۆران کەیفی لە جودابوونەوە بوو، پرسە گورگانەیەکی بە بابی کرد و بارگەوبنەمان پێچاوە.

حاشای لێ ناکەم، زۆرم دڵ بە دیزەی تەنیاییەوە بوو، بەڵام دۆخەکە هەو نەبوو، هەتا بڵێی نالەبار و لێڵ بوو، دڕدۆنگ بووم، بەڵام لەگەڵی کەوتم.

مەگیرانیم دەکرد، هەرچییەکم خواردبایە، گەرم نەدەبوو، بە هێڵنجان دەمهێناوە.

وەک قانگەلاشکم لێ هاتبوو، دوو میتر پشتێن، شەش دەورم تێ دەهالا، سوور لێم عەیان بوو، زێڕ و زەمبەرەکەشم وەک تۆوی هەرزنی لێ هاتووە و میرزا لە ئاوی کردووە، دەمگوت ڕەنگە زەرەرخورد بووبێ و لە ڕووی هەڵنەیە خۆی بشکێنێ، ئەو سۆرانەی من بیناسم، کل لە چاوان دەڕفێنی و جێی پڕ دەکاتەوە

تەگبیروڕایەکیشم بە ماڵی بابم کرد؛ بابم یەکبەخۆی هەڵبەزییەوە، لێم هەستا سەر چۆک، زۆرم بەسەردا هات و سەرکۆنەی کردم، دەیگوت:

« ئەوە فیتی تۆیە نەرمەبڕ! تۆ ئەو هەتیوە دەبەیە قوون دەرکان، من تۆ دەناسم، تۆ دەتهەوێ بەرت بەرەڵڵا بێ، دەنا وەتاغی خۆت عەلاحیدە و بەلاوەیە، خەسوو و خەزووریشت وەک هەتاوی دەمکەڵ، عومری پیرە مەڕێکیان ماوە. ئەگەر بە من دەکەی، لەسەر ماڵ و حاڵی خۆت دانیشە و مەترازێ و شڕەوشمەکت وەک قەرەچی بە کۆڵ مەگێڕە، سۆران دەست و پێ سپیلکەیە، خۆی پێ بەخێو نابێ».

+ خەزوورم هاتە ڕەدایە و پێمل بوو، پووڵی ڕەهنی خانووی بۆ داین و ماڵێکی خۆشمان پڕ فەڕش کرد، ماڵ دەتگوت کۆشکی شایە، سەد لەشی ماندووی تێدا دەحەساوە.

---

پاش سێ چوار مانگ، ئەو سۆرانە چڵێس و بەگڕە، بەجارێ کەفوکوڵەکەی دامرکا و لە مڕە کەوت. پێومانگی خۆم بوو، هاتەوە گوتی:

« گوڵان! مامڵەیەکم کردووە و زەرەدێکی زۆرم هاتۆتە پێ و ئێستاش دەبێ پووڵی ڕەهنی خانووبەرەکە وەرگرینەوە و بچینە ژێرخانی ماڵی فایەقی شەریکمەوە.

دڵی خۆت تەنگ نەکەی! شەرت و قەرار بێ، مەگین بمرم، دەنا ساڵێکی دی ئەودەمانە، خانووبەرەیەکت بۆ دەکڕم، دوو قەرەواش وەک داشە هارە، لەبن دەستتدا بێن و بچن، بۆخۆشت خانم و خاتوون، سووراوسپیاوی خۆتی بۆ بکە و دەستووریان بەسەردا لێدە.»

+ «کەرە مەمرە بەهارە، کورتانت بۆ دێ لەو شارە!ئادی سۆران گیان! تۆ ئەسپەکە بکڕە جا ئاخوڕی بۆ هەڵبەستە! کوڕە تۆ بۆ بوویەتە چەلومل! لە داخانت وەزگم دا، وەرهەمم هەڵێنا، منداڵی دۆینێم، حەیاتی ڕەشت لێ بڕیم، زێڕەکەت لێ کردمە کڵاوی بووکێ، زەرداییت بەو تفڵەوە نەهێشت، ئەگەر شاشوبێش پێتدا دەدا، دەبوو بمزانیایە ئارەقەت پێوە نەکردووە! ئەرێ چ ماوە نەیدۆڕێنی! بەینەڵڵا هەر من ماوم، بزانە نامفرۆشی، خۆت یەکچاو کەیەوە!

نۆ دانە مانگە دەزوو وە دەموچاوی من نەکەوتووە، وەک گورگی بۆرم لێ هاتووە، حەیا بتگرێ بە خۆت دەڵێی»پیاو».

لە جەنگەی وادا، وەبیری ئەو پەندەی بابم دەهاتمەوە:

[دەرد و مەینەتی دونیات بەسەرێ
قۆڵت لە کراس نەهێنییە دەرێ]

بەدەم گریانەوە حاجەت و حوجەتم پێچاوە و بە چاوشۆڕی ڕووم لە ژێرخانی ماڵی کابرای نەناس کرد.

کابرایەکی چوختی و ڕووبازاڕی، دەتگوت دە ساڵە شەڕە پارووم لەگەڵ دەکا. چاوی لەسەر سینگ و بەرۆکم هەڵنەگرت، زەیستان بووم، حەوتەم نەچووبوو، دڵم غایلەی کرد:

« ئەیەڕۆ! ناکا عوزر لە قەباحەت خرابتر بێ و ئەو گورپەنەڕەیە مرخی لێ خۆش کردبێتم و تەماحی تێ کردبێتم..»

ڕێک لەسەر ساجی عەلی دانیشتین، گیرفانێکی بەتاڵ و حەتاڵ، بۆنی نان و چێشتی سەرێ، بە پلیکانانددا دەهاتە خوارێ، لەوانەبوو ئەستوور بم، شەوانە تا درەنگانێک ئۆیەی دەسماڵم دەهۆندەوە و بەشی نەوسی منداڵەکانم دەردێناوە، سۆران پەندێکی پێ کردین، سەرما بە هەتیو و با بە دەواری شڕی ناکا.

تەواو لە پیاوەتی کەوتبوو، شەوانە وەک دەستەخوشک لەگەڵم دەخەوت، هەتا جەنگەی نیوەڕۆ لەو جێگاوبانەدا خۆی دەگنخاند، پاش نیوەڕۆش هەتا تەنگەی شێوان خۆی شەرت و ون دەکرد، حانێ دەهاتەوە یان لە من بەردەبوو یان هەتیومەتیوی وەسەر دەگێڕام، دادەنیشتن چەند بە چەند، سیغاریان بە سیغار هەڵدەکرد، لەنێو ئەو چەقە دووکەڵەدا قانگ درابووین، هەتا خەو شل شلی دەکردم دەبوو بەدیاریانەوە دانیشم، خۆ نەدەکرا لەکن ئەو بەڕێوجێیانە ڕاکشێم.

دەمزانی چ باسە و ئەو چاوخومارە ڕەشیدە، چۆن خۆی پێوە کردووە و کۆڵەی خۆی کوتاوە!


کەس نەما ڕووی لێ نەنێم بۆ کار، چەند کارێکم تاقی کردەوە، دەتگوت لەسەر ئاورم، ناچار لە گەڕەکی خۆمان، هەر قوڕەکارییەک دەبوو، وەک فاعلە خشتەم هەڵداویشت، سیمانم دەگرتەوە، خیزم دادەبێژت، دۆغاوم دەگرتەوە، چاوم بەسەر کچۆڵەکانیشمەوە بوو.

کابراش هەر لێی دەبڕا، دەهاتە جەستەی وەستا و تێرجنێوی دەکرد و لەسەر کارەکە هەڵیدەپچڕیم، ڕۆژێک وەستا حەسەن، ماڵەیەکی چاکی ڕێ هاڵاند. سۆران پێی وابوو دایک و بابی خەڵک وێنجە بەرەڵڵایە، یان لەسەر من پەکیان کەوتووە! ئەمن نا، یەکی گورجوگۆڵتر!

بۆ تاق تمەنییەک دامابووین، لە قوونی سەگ سواڵمان دەکرد، کەس دەستقەرزی نەدەداینێ.

---

نەورۆز بوو، نوێنوبانم وەبەر با دابوو، لە حەسارێ تەشتێکی روحم دانابوو، خەریکی شیووکوڵ بووم، کچە چکۆلەکە خەوتبوو،



سۆران قژی گەورەگەی داهێنابوو، دەستی گرت و گوتی:
« تا دووکانی تەیموور دەچم، شتێکی بۆ دەکڕم.»
به لالووتێکەوە: باشە.

هەر دەرگای داخست، هەستم بە سێبەرێکی قورس کرد، وەرسووڕامەوە، فایەق بوو. نوتقم بەسترا، ڕایکێشام بۆ لای ژێرخان، گوتم: ئەیڕو کاک فایەق! ئەوە چییە! سۆران بزانێ ئەلێرە ونجڕونجڕت دەکا، تۆ لەجێی کاکمی، حەیا بتگرێ، هەرای براژن دەکەم.

« کچێ وەرە هەی جرپن، ئەو ئۆین و ئەدایە چییە دەینوێنی! وەرە ئەو قەرزە و قۆڵەیەت پاک کە، ئەگەرچی بە حەیاتم ژنی ماڵەلێدراوم ماچ نەکردووە، گولیش نەبم چاکە.

سۆران قوڕمساغ، بەئانقەست ماڵی بۆ چۆڵ کردووین، پێت وایە من حەمباڵی شەیتانم! یانی لە جوملەی ئەو چەند مانگەدا، نەتگوتووە سۆرانە خوێڕی بە چی کرێماڵ و ئاو و برق و گاز دەدەی؟

خەمت نەبێ، ژن و منداڵیش لە چاوەرچین-ن. فایەق هەڵەباش، هێندە فوو لە دۆ ناکا، تامت لێ نەکەم، ئەوشۆ شڕەوبڕەت بۆ دەخەمە دەرێ، ئەگەر بە کەیفیشم بی، ئەوە ماڵی خۆتە، هەتا پێم ڕازی بی، چ چاوم لەو چکە پووڵەش نییە، ماڵێکی زۆروزەوەندم هەیە، جاروبارە چاوێکت لێم بێ، بەسە.»

لە بەینی چاڵان و ماڵاندا مابوومەوە، ئەوەی سەگ گووی نەدەخوارد، دەرپێی پێ داکێشام و تێم ڕۆهات.

هەرچی لینگەفرتێم کرد، فایدەی نەبوو. کابرا بەقەد لادیوارێک دەبوو، لە تەنیشت لانک و لۆرکی کچەکەم، بە مرازی دڵی خۆی لەگەڵ کردم. بە پەڕۆ و پاڵی کچەکەم، خۆی خاوێن کردەوە و گوتی: «ئەو بایە لەو کونەوە بێ، ئاخر جارم نابێ، ناڵێم هەموو ڕۆژێ، بەڵان روحمی خێرت بێ و گۆشە چاوێکت لەو میوانە چارەگرانەشت بێ».

دەکرێ ژن بی و دەستدرێژیت بکرێتە سەر و نەبێتە مۆتە

و شەوانە سواری سەرت نەبێ و پشووت لێ نەبڕێ!!

بە هەناسەساردی و سەرشۆڕی، چوومەوە حەساریێ، بێزم نەدەهات بەو لەشە پیسەوە، مەمک لە زاری کچۆڵەکە نێم، خوێواوکێکم گرتەوە و گۆی مەمکم پێ شوشتەوە و لەبەر شێرەی حەساریێ، ئاوێکی ساردم بە سینگ و بەرۆکمدا کرد، لەو جەنگەیەدا سۆران گەواد کلیلی لە دەرگا نا.

زۆرم پیش خواردەوە هەتا لەکن ئەو منداڵە ئاوقای نەبم، کەچی ڕق و کین، وەک پەڵە هەورێکی ڕەش، بەری چاوی گرتم، جڵەوی خۆم پێ نەگیرا، هەڕڕام کردێ، سەد شەقم هەر شەق تێهەڵدا، بە چنجرۆک هەموو سەر و سەکتیم تێ کردەوە، کەچی ئەو سەرە حیزەی دایخستبوو، یەستاش هەڵینەهێنا.

فایەقە نێفەک پیسیش، بە چەقەنەلێدان و بزەبز هاتە حەساریێ، پزووی پاتۆڵەکەی ڕاست کرد، پەڕۆیەکی تەڕی بە کەوشەکانی داهێنا و چاوێکی لێ داگرتم و ڕۆیشت.

بە لەشێکی پیسەوە، وەبن کۆشکی دارماوی ئاواتەکانم کەوتبووم، بەحاڵ نووزەم دەهات و نەدەهات، ئەویش لەبەر ئەو کچانە بوو، بابەکەیان بە ڕۆژی ڕوون بۆ چەند مسقاڵ هێرۆیین و حەشیش، بە گانی دەدام، چۆن ئەو کچۆلانەی ڕۆژێ دە جار نەدەفرۆشت!

تەمەشا دەکەم، گەوادەکە وەک مەکۆکی جۆلا دێت و دەچێ، نوێنوبان دەباتەوە ژووریێ و شیو هەڵدەخا و منداڵ دەلاوێنێتەوە.

لەوەتا لەوێدا بووین، وەک گولی دووراوا، کەس تخوونمان نەدەکەوت، پێیان کەسری شان بوو.

تکا لە تکاکار بڕا، بابم وەخۆی نەکردمەوە، گوتی قسەی منی لە عەرزی داوە و لێی بێبەریم، بۆخۆم تکای خوێنێکم لە دایکم کرد،

+» دایە! تاقە وەتاغێکم لە حەساریێ بە بلووک و دار بۆ ساز کەن، هەر ئەوەندەی سەری خۆم و ئەو دوو تفلەی تێدا بشارمەوە، سواڵم کردبێ ناهێڵم کەمایەسی بکێشن و بەرمنەتی کەس بن، دەبمە کەوڵی سارد و گەرم بۆیان، کچێ دایە قسەیەکی لێ بکە، هەرچی تۆ بیڵێی، بابم نای تێ ناخا، کچێ دایە، ژنی چاک بە! کچێ هیچ ئەنوایەکی دیکەم نییە، با خەڵک تەماحم تێ نەکا»

کەچی دایکم هەر بە کێوی ڕەشی داکردم، وادەکا:

«ئێ لیچ بەربەنە! بۆ ڕەنگە لەبیرت چووبێتەوە چۆن ئاوت لە ئاوەڕۆیە دەرکردبوو! چۆن چوارقوڕنەی ئەو شارەت لەگەڵ دەکرد و ئێمەت پێ سەرنەوی کرد! ئەها ڕۆژەکە چۆن لە بەرامبەر بابتدا ڕاوەستای و گوتت پێی دەکەم! دەی ئەلحانیش گووی خۆتە، دەبێ بیشێلی.»

ویستم سەری خۆم و منداڵم هەڵگرم، لە کەسێکم ڕاسپارد، ئاوەژووی ئەودیومان کاتەوە، ئەویش بەینێکی چاک خەنەی لەبەری دەستم دا و بێنەوبەرەی پێکردم.

بەیانییەک هێشتا شەبەقی نەدابوو، سۆران هەستا بەپەلە شلێپێکی بە دەموچاوی دادا و خۆی لە دەسک نا و ڕۆیشت، دوابەدوای ئەو، فایەق هاتە نێو دەرگاکە و فەرمووی پیاوێکی کرد بۆ ژووریێ و بە کوتەکوت چۆوە سەریێ.

کابرا، یەکی منداڵکارەی جوانچاک بوو، حەپەسابوو، لەو گەدوگیپاڵەی منی دەڕوانی، چاوێکی لە کچەکان کرد، گوتی ڕاخەرەکەتم پێخوست کردووە، گەردنم ئازا کا.

زۆری لەبەر پاڕامەوە و خۆم بەسەر کەوشەکانی دادا، سینگم دادڕی، گوتم منداڵی بەرمەکانم هەیە، مێردی خوێڕی و موعتاد دەمفرۆشێ، پیاوی چاک بە، ویژدانت بێ و وەک خوشکی خۆت، دەستم بگرە با هەستمەوە.

× خوشکی من! من نە پیاوی زیناحم، نە قەت دۆخینم بە حەرامی کردۆتەوە، بۆ یانی من ئەوەندە خوێڕی و بێویژدانم، بۆ چرکەیەک هەوەس و لەزەتی تیژتێپەڕی خۆم، تۆ سەرشکستە کەم! من دەمزانی چ باسە، لەگەڵ فایەق و سۆران، قسەی دووسەد هەزارم کردووە، یەکی سەت، سۆران لەبن دەرکێ ڕاوەستابوو، هەتا لێی وەرنەگرتم، نەیهێشت بێمە ژووریێ، هانێ خوشکی خۆم، ئەوە پێنسەد هەزار و دەنگێ مەکە، بیدە لە دەردی خۆت، مەهێڵە کەس تخوونت کەوێ.

گنجم لە خۆم بڕی، هێندەم خۆ بە قوربانی ئەو جوامێرە کرد،

---

لەو جەنگەیەدا کاکم لە زەنگی ماڵی فایەق دەدا، وادەزانن سۆرانە، لێی دەکەنەوە، بەو بەیانییە هاتبوو بمباتەوە، هەر هاتە خواریێ، کاکم نێو دەرگا و کوڕەش نێو دەرگا، تێک گیران، پیاوێکی شیک و بۆنخۆش، منیش بە ئارەقگیرێکی کۆن و بن دەرپێیەکی کودەرییەوە، سەر و قژێکی هاڵۆز دەتگوت سیمی قاپانە، جێگاوبانی سۆران هەر لە گۆڕێ بوو، لە کاکم وایە کابرا شەوی دۆنێ شەوێ لە پاڵمدا بووە و ئەلحان هەستاوە و دەیهەوێ بڕوا، منیش پێنج چەکەی سەت هەزاری بە دەستەوە، هیچ ماڵی شاردنەوەش نەبوو. کوڕە وەیزانی مشتەرییە و سۆران ناردوویەتی، ئەلەمبازی کاکم بوو، گوتم: هەڵێ، خۆت دەرباز کە، کاکمە.

---

کاکم لەسەرەخۆ کێردەکەی هەڵگرت، چەند جار بە بنی ناڵبەکییەکەی داهێنا، دەمزانی بۆ منی تیژ دەکا، لە تاو کچەکان هێزی ئەژنۆم نەبوو هەڵێم، دەمگوت نەکا لە خەودا سەریان ببڕێ، گوتی: « مەترسێ! کارم بە تۆ نییە، خۆم لەو قوڕمساغە(سۆران) مات داوە»

منیش کەوتمە وڵات هەڵوەژاردن، یەکناگا دونیام بە چاوی خۆم دیت، بە چەقۆ تێم بەربوو، شیتاڵ شیتاڵی کردم.

ئەو چاوەم(چاوی ڕاستەم) کوێر بووە، لێوم کەت بووە، شان و نێو سینگیشم ئاوا عەیبدار بووە. سێ مانگی عەلەن تەواو، لەسەر تەختی نەخۆشخانە کەوتم، دەستیان لێ شوشتبووم، دایک و بابم و کاکم ئیمزایان کردبوو،» لەسەر نامووس و شەرەف بووە، شتێکیشی لێ بێ، ئێمە شکایەتمان لە کەس نییە.»

ئەوەنێ ڕەنگی ڕوخسار و تەرح و دیدارم، ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو ئازارانەیە وا بە سەرم هاتوون.

ڕێک دە ساڵی بەسەردا هاتۆتەوە، ماڵی بابم و ماڵی خەزوورم، گوللە بە سێبەرەکەمەوە دەنێن و بە خوێنی سەری خۆم و منداڵم توونین، سۆران بە مادەی هۆشبەرەوە گیراوە و هەشت ساڵە لە زیندانە، منیش تەڵاقم لێ وەرگرتووە و خەریکی دروومانم، بەزیاد بێ سەری خۆمم پێ ڕاگرتووە و ئاتاج و موحتاجی نامەرد نیم.

پەکوو چۆنم قرماغەی ئەو برینە کۆنە هەڵگرت، برین هەروا تەڕە و زنچکاوی لێ دێ!

# دەستدرێژی سێکسی چییە؟

کۆمار



هاهیلز دەروونناسێکە لە بارەی دەستدرێژیەوە لێکۆڵینەوە دەکات دەڵێت:
هۆکار و ئەنگیزەی دەستدرێژکەر لە دەستدرێژی بۆ سەر کەسێکی نەناسراو و بێگانە دوو شتە:
تورەیی و دەسەڵات)

تورەیی: لەم دەستدرێژیەدا کە دەستدرێژکەر جەستەی لایەنی بەرانبەر ئەشکەنجە دەکات، مەبەستی ئەوە نییە کە لە لایەنی جینسیەوە خۆی ڕازی بکات بەڵکوو ئەو هەڵسووکەوتانە دەگەڕێتەوە بۆ کاتێک کە لەگەڵ ژنێک پەیوەندی سێکسی هەبووە، ئەو ژنە کەسایەتی ئەو پیاوەی ورد کردوە و ئێستا دەیەوێ بەو شێوەیە خۆی خاڵی بکا.

دەسەڵات: لێرەدا دەستدرێژکەر دەیەوێ هێز و دەسەڵاتی خۆی نیشان بدات بەو کارە

کاتێک لەڕێگەی توندووتیژی و لێدان و زۆر یان لە ڕێگەی هەڕەشە کردن کەسێک ناچار بە پەیوەندی سێکسی یان هەڵسووکەوتگەلێ کە پەیوەندەی بە ڕەگەزەوە بێ بکرێ، ئەوە دەستدرێژی دێتە ئەژمار.

ئەگەر کەسێک لە لاوازبوونی کەسێکی دیکە کەڵکی خراپ وەرگرێ و پەیوەندی سێکسی یان هەڵسووکەوتێکی سێکسی لە گەڵی ئەنجام بدات ئەویش هەر دەستدرێژی دێتە ئەژمار.

ئەو کەسەی کە دەستدرێژی دەکرێتە سەری لەوانەیە بێهۆش، خەوتوو، مەست یان بەهۆی بەکار هێنانی مادەی هۆشبەر ئاگای لە خۆی نەبێ، کەم ئەندام یان بریندار بێت.

هەروەها پەیوەندی سێکسی کەسێکی گەورە لەگەڵ کەسێکی کەم تەمەندا تەنانەت ئەگەر منداڵەکەش ڕازی بێ، دەستدرێژی دێتە ئەژمار.

دەستدرێژی لەوانەیە لە نێو کوڕانی منداڵ یان مێرمنداڵ یان کچان و ژناندا ڕوو بدا.

زۆربەی ئەو ژنانەی کە دەبنە قوربانی دەستدرێژی سێکسی تووشی نارێکی( ئێختلال) هەیەجانی و دەروونی دەبن و تەنانەت ئەگەر تێبکۆشن درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیان بدەن ئەم نارێکیە دەروونیە هەر دەبینرێت و ئازاریان دەدات. بڕێک جار ئەو ژنانەی کە دەبنە قوربانی، هەست بە شەرمێکی زۆر، بێنرخ بوون، گێل بوون و سەرلێشێوان، ترس، تورەیی، نەبوونی ئەمنیەت، دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و بێخەوی و مۆتەکە (کابووس) و بێزاربوون لە پەیوەندی جینسی و هەست بە نەبوونی دەسەڵات بەسەر جەستەی خۆیاندا دەکەن. ئەم دیاردە لەوانەیە چەند مانگ یان تەنانەت چەند ساڵ پاش دەستدرێژی، درێژەی هەبێ.

قوربانیانی دەستدرێژی کێشەگەلێک وەک ترس لە شەقام و جادە، هەستێکی نەرێنی بەرانبەر بە پیاوێکی نەناسراو، پەیوەندی ئاڵۆز و نارێک لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەر، هەست بە نائەمنی و ترس لە تەنیا بوون لە ماڵەوە و ناکۆکی لە ژیانی ژن و شوییان بۆ دروست دەبێ.

زۆرێک لە ژنان تووشی نارێکی "دڵەڕاوکێی دوای ڕووداو" دەبن و ژیانی جینسیان تا ئاستێک لێک دەترازێ و ترس لە پەیوەندی سێکسی پەیدا دەکەن و توشی نارێکیەک دەبن کە کاتی پەیوەندی جینسی جەستەیان دژایەتی لەگەڵ پەیوەندیەکەدا دەکا و ئەمەش دەبێتە هۆی ئاڵۆزی لە ژیانی ژن و شویی.

لە لایەکی دیکەوە هەر شتێک یان هەر ڕوداوێک کە دەستدرێژی سێکسی لە مێشکی ژندا دروست بکاتەوە یان ئەو کارەساتە بیهێنەتەوە بیری دیسان ئەو هەست و نارێکیە دەروونیانە کە باسمان کرد دروست دەبێتەوە بۆی.

زۆرێک لەو ژنانەی کە دەکەونە بەر دەستدرێژی وا بیر دەکەنەوە کە خۆیان بەجۆرێک تاوانبارن لەو ڕووداوەدا و هەست بە عەزاب ویژدان و تاوانبار بوون و بێ نرخ بوون دەکەن کە ئاکامەکەی دەبێتە خەمۆکی لە دەروونی ئەو ژنەدا.

ژنانی قوربانی تێدەکۆشن ئەو بابەتە لەگەڵ بنەماڵەیان باس نەکەن، چونکە بەهۆی نائاگاییەوە لەوانەیە بنەماڵەش ژنەکە بە تاوانبار بزانن و ئەو کێشانەی کە بۆ ژنەکە پێش هاتووە لەبەر چاوی ناگرن کە وایە زۆرتر کچ یان ژن سەرکوت دەکەن و لەم کاتەدا ژن هەست بە بێپشتیوانی و بێکەسی دەکا و ئەمەش ئاکامی مەترسی دار(کە یەکێک لەوانە خۆکوژییە) بۆ ژن دەبێت.

ئەگەر دەستدرێژی جینسی کرایە سەرم چیبکەم؟

شوێنێکی ئەمن بۆخۆتان پەیدا بکەن، شوێنێک کە دوور لە دەستدرێژکەر بێ.

داوا لە هاوڕێیەکتان کە متمانەی پێدەکرێ بکەن ئارامشی دەروونیتان پێبدات و هێمنتان بکاتەوە و لەلاتان بمێنێ. بەڵگەی دەستدرێژیەکە مەسڕنەوە، خۆتان مەشۆرن، ددانتان مەشۆرن و مسواک لێمەدەن، تەواوی وردەکاریەکانی هێرش و ئەو کەسەی دەستدرێژی کردوە و چۆنیەتی ڕووداوەکە، لە چکۆلەترین بابەت تا گەورەترین، لەسەر کاغەزێک بنووسن

لەگەڵ بنکەیەکی پاڵپشتی لە ژنان یان ڕێکخراوێکی مافی ژنان پەیوەندی بگرن.

دەبێ لە ژێر چاودێری پزیشک دابن، تەنانەت ئەگەر جەستەتان بریندار نەبووبێ دەبێ مەترسی نەخۆشیە جینسیەکان و دووگیانبوونتان لەبەرچاو بێ. بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی یاسایی داوا لە نەخۆشخانە بکەن چەند تاقیکردنەوە سەبارەت بە دەستدرێژی لە ئێوە بگرن. ئەگەر شکتان هەیە کە مادەی هۆشبەرتان پێدراوە، داوایان لێبکەن تاقیکردنەوەی میز (ئیدرار) تان لێبگرن. ئەم بەڵگانە لەوانەیە لە دادگا دا بە کەڵکتان بێت

ڕاوێژکار دەتوانێت ئێوە لە قۆناغەکانی دادگا ئاگا بکاتەوە

لە کۆتاییدا ئەوە بزانن کە ئێوە هیچکات تاوانبار نین و خۆتان سەرکوت مەکەن. ئاگادار بن کە چاک بوونەوەی برینەکانی دەستدرێژی چ دەروونی و چ جەستەیی و ئاکامەکانی کات دەبا و مۆڵەت بدەن بە خۆتان .

ئەوەش بزانن کە هیچکات بۆ ئەوەی ڕابگەیەنن کە دەستدرێژی کراوەتە سەرتان و بۆ داوای یارمەتی کردن درەنگ نییە تەنانەت ئەگەر چەندین ساڵ تێپەڕ بووبێت. بڕیک لە قوربانیان نازانن تاکوو چەند مانگ یان چەند ساڵ دوای دەستدرێژی پێویستیان بە یارمەتیە.

# بیرۆکەکانی ڕۆژانەی ژنێکی ئێرانی

#یاوەر
و: ڕووبار

چەن زۆر ئەو دایکە تەنیاگەلە کە بەهۆی قسەی خەڵکەوە حۆشەویستی بۆ هەتاهەتایە لەناخی خویاندا دەکوژن.
ئایا خۆشەویستی یەکێک لە مافە ڕەواکانی هەر مرۆڤێک نییە؟
هەر مرۆڤیکی لاواز یان بەهێز، هێزەگەلیکی تێدا بەدی دەکرێ، بەڵام کاتێک کە بڕیاردەدەن دایکێکی تەنیا و ڕەبەن بن، دەبێ دوو جەستەت هەبێ و جەستەکانت بۆ خۆت و منداڵەکەت بەهێز بکەی.
دایکێکی تەنیا ڕەبەن، دوو هێندە کار دەکا، دوو هێندە ستریسی هەیە، دوو هێندە فرمیسک لە چاوەکانی دێتەخوارەوە و هەروەها دوو هێندە باوش دەکاتەوە بۆ منداڵەکەی، دوو هێندە خۆشەویستی دەبەخشێ و دوو هێندە متمانەی بەخۆیە.
هیچ مرۆڤێک لە جیهاندا بەهێزتر لە دایکانی بەتەنیا و ڕەبەن بوونیان نییە، سەرەڕای هەموو ئەوانەش لە ئەشق و خۆشەویستی نیوەیەکیان بەر ناکەوێ، لەبەر ئەویکە کۆمەڵگە و بنەماڵە دژی ئەوانن، لەبەر ئەوەیکە هیچ مرۆڤێک خۆشەویستی بە مافی سرووشتی ئەوان نازانێ.
زۆر لە ژنان دەناسم کە بەهۆی عادەتی مانگانەوە و خوینبەربوون بە لەتکە پەڕۆیەک خویانیان ڕاگرتووە تا وەکوو هاوسەرەکانیان بێنەوە و بڕۆن لە دوکانەکان نەواری بێهداشتییان بۆ بکڕن، لەبەر ئەوەیکە لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئێمەدا شەرمە ژن بڕوات و پێداویستییەکانی خۆی بکڕی.
زۆر لەو کچانە دەناسم کە ساڵانێک بە دەس ئازار و چڵکەوە دەیانناڵاند و تەنیا لەبەربوونی شتێک بەناوی پەردەی کچێنی، ئێزنی چوون بۆ لای دوکتوری ژنانیان پێنەدراوە.
زۆر لەو ژنانە لە کۆمەڵگەی ئێمە بوونی هەیە کە هەموو مانگێک لە بەر ئازار و ژان دەبێ وەکوو مار لە دەور خۆیدا بهاڵێ، بەڵام لە شوێنی کار، خوێندن و شەقامەکان دەبێ پێبکنێ بڵێ هەموو شتێک باشە تەنیا لەبەر ئەوەیکە شەرمە ئەگەر کەسانێک بزانن کە ئەو ئافرەتە نەخۆشینی مانگانەی هەیە.
زۆرن ئەو ئافرەتانەی کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ هیچ زانیارییەکیان لە سەر جەستەی خۆیان نییە، لەبەر ئەوەیکە ساڵانێک پێیانیان وتووە کە قسەکردن لەسەر ئەو بابەتانە شەرمە، عەیب و عارە، عەیب و عار و شەرم ئێوە ژن و پیاوگەلێکن کە شتێکی سرووشتی جەستەی ئافرەتێکتان کە بۆ خۆی لە بوون وهاتنی چووکەترین دەور و نەخشی نییە و هەموو ئەوانەی کە بووە و هەیە تەنیا و تەنیا کاری خودایە، بەوجۆرە دەیکەنە ئامرازێکی سەرکوت و لۆمەکردن.



لایەکی تاریکتری چەوساندنەوە و بە کۆیلەکردنی ژنان، چەوساندنەوەی ژنانی کرێکارە، ژنانێکی زۆری کرێکار لە ئێستادا سەرقاڵی کارکردنن لەو دوکانانەی کە کەرەستەی جوانکاری و بێهداشتی دەفرۆشنەوە و زۆر جاریش کاتژمێرەکانی کارکردنیانیان لە هەشت کاتژمێر لە ڕۆژێکدا تێدەپەڕێ و نیوەی ئەو پارە وەردەگرن کە بە کرێکارێکی دەدەن و تەنانەت زۆربەی لە خاوەنکارەکان ژنانی کرێکار بۆ ماوەی مانگێک تا شەش مانگ بەخۆڕایی و لە ژێر ناوی دەورەی تاقیکاری و ئەو کارانەی کە دەبێ دوو کەس جێبەجێی بکا بە ژنێک جێبەجێی دەکەن و بەو شێوەیە ژنانی کرێکار دەچەوسێننەوە.



**بەپێی هەواڵی بڵاوکرایەوە، مێهری جەعفەری یەکێک لە شاخەوانانی خاوەن پێشینە و ئەندامی یاریگەی شاخەوانانی ئارەش لە شاخەکانی تیان شان بێ سەروشوێن بوو.
ئەو ئێستا دانیشتووی بریتانیایە کە بەپێی داریێژەرێک بۆ چوونەسەر لە لوتکەی پۆبدا بە بەرزایی ٧٤٣٩ میتر نێوان ئوردووگای سێ و چوار لە چوونەسەر دواکەوت و لەکاتی هاتنەخوار بۆ ئوردووگای سێ بەداخەوە لە ڕەوگە بێ سەروشوێن بۆ.
هەوڵی گرووپەکانی یارمەتیدەر بۆ گەڕانی دووبارە درێژەی هەیە.
ناوبراو ١٠ ساڵ لەمەوبەر لە لوتکەی خانتانگەری ناوچەی تیان شان پامیر بە بەرزایی ٧٠١٠ میتر و بە تەنیا سەرکەوتبوو.**

## بۆ یەکەمجار لەمێژووی نۆرویژدا دوو کورد دەبنە ئەندام پەرلەمان



ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نەرویج بۆ ساڵەکانی ٢٠٢١ ـ ٢٠٢٥، تەنها دوای سێ کاتژمێر لەدوا وادەی دەنگدان ڕاگەیندران

دوای ژماردنی لە ٩٩٪ دەنگەکان، ڕێگەیەندرا کە بەرەی چەپ، بە ڕابەری پارتی کرێکارانی نەرویج، زۆرینەی ڕەهای کوردسییەکانی پەرلەمانی بردوەتەوە. بەرەی چەپ لەکۆی ١٦٩ کورسی پەرلەمان، ١٠٠ کورسی بەدەست هێناوە.

ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی بەرەی چەپ، کۆتایی بە دەسەڵاتی حوکمداری هەشتساڵەی بەرەی ڕاست هێنا.

ڕێژەی بەشداری دەنگدەران لەم هەڵبژاردنەدا گەیشتوەتە ٧٦،٦٪

بە پێی ڕیزبەندی کاندیدی پارتە سیاسییەکان بۆ پەرلەمان، هەریەک لە مانی حسێنی کاندیدی پارتی کرێکارانی نۆرویژ و سەحەر ئایدار کاندیدی پارتی سوور دەنگی پێویستیان بەدەست هێناوە.

مانی حسێنی کوردی ڕۆژئاوای کوردستانە. مانی پێشتر سەرۆکی گەنجانی پارتی کرێکارانی نۆرویژ بووە. لەڕیزبەندی ٢٥ کاندیدی هەرێمی ئەکەرشوس، پێنجەمین کاندید بوو.

سەحەر ئایدار کوردی باکوری کوردستانە. پێشتر ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی گەنجانی پارتی سوور بووە. کاندیدی ژمارە دووی هەرێمی ئۆسلۆ بوو. پارتەکەی سەحەر یەکێک لەبراوەترین پارتەکانی ئەم هەڵبژاردنەیە، پێشتر پارتی سوور تەنها یەک کورسی پەرلەمانیان هەبوو، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا توانایان هەشت کورسی بە دەست بێنن.

## بەدمینتۆنی ئێران لە بەشی ژنان بۆ یەکەمجار توانی پشکی ئامادەبوون لە ئۆلەمپیک بەدەست بهێنێ

**ئۆلەمپیک بەدەست بهێنێ و لە تۆوکیو نوێنەرێکی دەبێ.**

**"سورەیا ئاقایی" ئەندامی پۆلی بەدمینتۆن توانی بە پێی "ڕەنکینگ"پشکی ئامادەبوون لە ئۆلەمپیک بەدەست بهێنێ و بە نەبوونی ١٣ ساڵەی ئێران لە کایەی بەدمینتۆن لە کێبەرکێ ئۆلەمپیک کۆتایی بهێنێ.**

**فەریبا مەدەدی جێگری یەکەمی فیدراسیۆن بەدمینتۆنی ئێران ڕایگەیاند: سورەیا ئاقایی نەفەری دووهەمی پاشەکەوت بۆ وەرگرتنی پشکی کێبەرکێی ئۆلەمپیک بوو کە لە دوایین سات و بە پێی شوێنی خۆی لە "ڕەنکینگ" فیدراسیۆنی جیهانی ڕێباری تۆکیو بوو.**

**لە مێژووی ٥٥ ساڵەی بەدمینتۆنی ئێران بۆ یەکەمجار وەرزشوانێکی ژنی ئێرانی توانی کە پشکی ئەو ڕشتەیە لە کێبەرکێ کانی ئۆلەمپیک بەدەست بهێنێ.**

## بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە ناوچەکانی سنە، دیواندەر و گاوەرە





لە یادی کارەساتی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات، ئەویندارانی نیشتمان لە شارەکانی دیواندەرە، سنە و ئاوایی گاوەرە، پشتیوانی و هاوخەمی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان دووپات کردەوە.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژی سێشەممە ١٦ی خەرمانانی ١٤٠٠ی هەتاوی، دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارەکانی سنە، دیواندەرە و ئاوایی گاوەرە، لە ٣هەمینساڵیادی کارەساتی مووشەکبارانی قەلای دێموکرات کە لەلایەن سپای تێرۆریستی پاسدارانی یەوە ڕووی دا، بە چالاکیی تەبلیغی و بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆ بەو بۆنە خەمناکەوە، هاودەردی و پشتیوانی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕی.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوچەکانی دیواندەرە، سنە و گاوەرە لەنێو قووڵایی دڵی دوژمنی داگیرکەرەوە بە چالاکیی تەبلیغی، کردەوەکانی سپای تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم کرد و بەبۆنە خەمناکەوە پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی کوردستان نوێ کردەوە و بە گوێی دوژمنیان هەڵدا کە خەڵکی کوردستان بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ کارەساتێکدا ناچێتە ژێر ڕکێفی کۆماری ئیسلامی و بەردەوام لەسەر وەرگرتنی مافە ڕەواکانی خۆی.



## ڕێگا بە بەشداریی ژنان لە ڕێوڕەسمی یادی کیمیابارانی شاری سەردەشت نەدرا



بەرپرسانی بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمی سی و چوارەمین ساڵیادی قوربانیانی کیمیابارانی شاری سەردەشت لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، ڕێگایان بە بەشداریی ژنان لەم ڕێوڕەسمەدا نەدا.

ڕۆژی دووشەممە ٧ی پووشپەڕی ٢٧٢١ (٢٨ی ژوئەنی ٢٠٢١)، بە بۆنەی ڕێز گرتن لە یاد و بیرەوەریی قوربانیانی کیمیابارانی شاری سەردەشت لە ساڵی ٢٦٨٧ی کوردی (١٩٨٧ زایینی)، ڕێوڕەسمێکی تایبەت لە مزگەوتی جامیعەی شاری سەردەشت بەڕێوە چوو.

بە گوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، بەرپرسانی ئەمنی و بەڕێوەبەرانی ئەم ڕێوڕەسمە، بە فەرمانی ئەقسا نەخشیپور، فەرمانداری شاری سەردەشت، ڕێگایان نەدا ژمارەیەک لە چالاکانی ژن کە بە مەبەستی بەشداری لە ڕێوڕەسمەکەدا چووبوونە شوێنەکە، بچنە ناو مزگەوتەکەوە.

ڕۆژی یەکشەممە ٧ی پووشپەڕی ٢٦٨٧ی کوردی (٢٨ی ژوئەنی ١٩٨٧ی زایینی)، فڕۆکە جەنگییەکانی حکومەتی بەعسی عێراق، شاری سەردەشتیان کیمیاباران کرد. لەم کیمیابارانەدا ١١١ کەس گیانیان بەخت کرد و زیاتر لە ٨٠٠٠ کەسیش بریندار بوون کە تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆریان بە هۆی کاریگەرییەکانی کیمیاییەوە تووشی ئازارن.

## ڕێپێوانی ژنانی نۆدشە بەبۆنەی حەوتووی بەرەنگاربوونەوە دژی ماددە هۆشبەرەکان



ڕۆژی هەینی ١٠ی مانگی پووشپەڕ، کۆمەڵێک لە ژنان و کچانی شاری نۆدشە، بەبۆنەی حەوتووی بەرەنگاربوونەوە دژی ماددە هۆشبەرکان، ڕێپێوانێکیان لە گۆڕەپانی "نەورۆز" هەتا "گۆڕستان"ی ئەو شارە، بەڕێوەبرد.

بە پێی ڕاپۆرتەکان، ئەو ژنانە بە دروشمی "وەرزش گارانتیی تەندروستییە"، ئەو مەودا چەند کیلۆمیترییەیان، بڕیووە. جێی ئاماژەیە کە ئەو ڕێپێوانە لەلایەن یاریگەی "تۆندەر"ی ژنانی نۆدشەوە ڕێکخرا و کۆمەڵێک لە خەڵکی مەدەنیش بەشدارییان تێدا کرد.

## کچێکی کورد پلەی یەکەمی کێبەرکێیەکانی ڕاکردنی ئێرانی بەدەستهێنا

کچێکی کورد بە ناوی ئەژین قادری لە پارێزگای سنە ڕیکۆردی کێبەرکێیەکانی ڕاکردنی کچانی ئێرانی تێپەڕاند و پلەی یەکەمی لەو بوارەدا مسۆگەر کرد.لە کێبەرکێیەکانی ڕاکردنی کچانی تازەلاوی ئێراندا کە ١٨٦ وەرزشوان لە هەموو پارێزگاکانی ئێرانەوە تێیدا بەشداربوون و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە "شاری کورد" لە پارێزگای چوار مەحاڵ و بەختیاریی بەڕێوە چوو، ئەژین قادری لە پارێزگای سنە توانی بە تێپەڕاندنی ڕیکۆردی پێشووتری ڕاکردنی ئێران، ڕیکۆردی تازەی ئەو ڕشتە وەرزشییە بۆ خۆی مسۆگەر بکا و پلەی یەکەم بە دەستبێنێ.



**نازەنین مەلایی، میللی پۆشی بەلەمەوانی ئێران سەبارەت بە پێداویستییەکانی وڵاتان ئامادە بوو لە ئۆلەمپیکی تۆکیۆ وتی:**

**وەرزشوانانی وڵاتانی تر جلیسقەی سەهۆڵیان هەیە و کاتی کۆتایی پێهاتنی کێبرکێی ڕاهێنەرەکان خێرا ئەو جلیسقانە دێنن تا لەبەری کەن و جەستەیان لەو هەوا گەرمە خێرا ڕێکاوری بکرێ(پاش پرۆقەی دژوار جەستە هێز و توانای خۆی بگرێتەوە) بەڵام ڕاهێنەرەکەی من ناچارە کە خاولی لە نێو ئاوی سارد تەڕ بکا و پێم بدا.**



نازنین ملایی قایقران المپیکی ایران:

# چاپی کتێبی «گزینگ» (بیرەوەری ژنە پێشمەرگەیەک) لە نووسینی مەعسوومە بەرزنجی




ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی جوڵانەوەکانی کوردستان بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ژنان هەمیشە لەپشت جوڵانەوەکان بوون، هەم لە نێو ڕیزەکانی تێکۆشان و هەم پشتوپەنای شۆڕش.

یەکجار زۆرن ئەو ژنانەی کە ڕۆڵەکانیان بە بیر و باوەڕ پەروەردە کردووە و پێشکەش بە بارەگای ئازادیان کردن زۆرن ئەو کچ و ژنانەی بۆ خۆیان بوون بە خاوەن بڕیار و چەکی دیفاع لە خاک و نەتەوە و نیشتمانەکەیان کردە شان، شەهید بوون و یان تا سەر لە سەر ئەو ڕێبازە مانەوە و بۆ مێژوو بۆ گەلی خۆیان قارەمانەتیان خوڵقاند.

بەڵام بەداخەوە زۆر کەم لەو ژنانە بواریان بۆ ڕەخساوە کە بتوانن ژیان و سەربردە و قارەمانەتی خۆیان لە توێی کتێبێک دا بنووسنەو بیکەن بە سەنەدێکی هەرمان بۆ مێژووی پڕ لە سەروەرییان.

خاتوو "مەعسومە بەرزنجی" یەکێک لەو ژنە چالاک و شۆڕشگێڕانەیە کە توانیویەتی بیرەوەری و ئەزموونەکانی خەباتی خۆی بنووسێ و بەچاپی بگەیەنی.

"گزینگ" ناوی کتێبەکەی خاتوو "مەعسومە بەرزنجی"یە، کە بە خۆشیەوە چاپو بڵاو کرایەوە و پێشکەشی کردووە بە ئەویندارانی ڕێگای ئازادی.

وێڕای پیرۆزبایی و دەست خۆشی لە خاتوو مەعسومە بەرزنجی، بەو هیوایەن خاتوونانی دیکەی نێو ڕیزەکانی شۆڕشیش بەو کارە پیرۆزە هەستن و نەهلێن ڕابردووی ئەو خاتوونانە کە ساڵانێکە لە نێو ڕیزەکانی شۆڕشدا هاوڕێ لەگەڵ پیاوان خەبات دەکەن و قوربانی دەدەن بچێتە خانەی فەوتانەوە.

وێڕای پیرۆزبایی دووبارە لە خاتوو مەعسوومە و بەهیوای سەرکەوتنی هەرچی زیاتر بۆ بەڕێزیان.

ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
٢٨ی پوشپەڕی ١٤٠٠هەتاوی

# دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئۆێبروو ـ سوید

دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لەئۆرێبروو - سوید

لە ڕێکەوتی ٢٠٢١.٠٧.١٧ بەشێک لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید و لەشاری ئۆرێبروو کۆبوونەوە.

لەو کۆبوونەوەدا کە بە بەشداری بەشێک لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان و بنەماڵەکانیان بەڕێوەچوو باس لە کاراتر کردنی چالاکییەکان، بەتایبەتی لە وەرزی هاوین‌دا کرا.

سەرەتا بەرپرسی کۆمیتەی ئۆرێبروو، خاتوو شوعلە قادری وێڕای بەخێرهاتنی میوانەکان باسی لە مەبەستی پێکهێنانی ئەو کۆبوونەوە کرد.

دواتر خاتوو ڕووپاک مرادڕەسووڵی یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ئۆرێبروو بە کورتی باسی لە بەرنامە و ئەساسنامە و کار و چالاکییەکانی کۆمیتە و بەگشتی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی لە سوید کرد.

دواتر خاتوو فەریبا وەیسی بەرپرسی تەشکیلاتی کۆمیتەی ئۆرێبروو زانیاری وردی سەبارەت بە چۆنیەتیی بە ئەندامبوون لە نێو ڕێکخراوی



یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دا بۆ ئامادەبووان باسکرد.

لە تەنیشت ئەو دیدارەدا لەسەر بابەتە پێوەندیدارەکان بە دۆخی ژنانی کوردستان و ئێران ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا و کۆبوونەوەکە پاش چەند کاتژمێر کۆتایی پێهات.

**یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان – سوید**

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی بەدژی هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری ستۆکهۆڵم



# ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات پشتیوانی لە ناڕەزایی خەڵکی خوزستان دەکات

جەماوەری خەڵکی کوردستان...
ژنانی ئازدیخواز...
نەتەوە بندەست و ئازادیخوازەکانی ئێران...
ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ...

ماوەی هەفتەیەکە لە چەندین شارو ناوچەی پارێزگای خوزستان خۆپیشاندان و ناڕەزایی دژی نەبوونی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان وەک ئاو و بەرق دەستی پێکردوە و ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی ئەمجارەش سەرەڕای شەق شەق بوونی پەیکەرەی خۆی هەوڵی سەرکوتی ئەو دەنگە مافخوازانەی خەڵکی نارازی داوە و تا ئێستا بە پێی هەواڵەکان ڕێژەیەکی زۆر بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنیەکانی ڕێژیم بە داخەوە گیانیان لەدەستداوەو ژمارەیەکی زۆریش دەستگیر کراون.

ئەگەرچی خۆپیشاندانەکان دژ بە نەبوونی خزمەتگوزاری و نەبوونی ئاوو و بەرق دەستی پێکرد، بەڵام لە بەردەوامی ئەو خۆپیشاندانانە دروشمی خەڵکی نارازی تەنیا ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و کۆتاییهاتن بەو هەموو نەهامەتییەیە کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمەوە بەسەریاندا سەپاوە.

کۆماری ئیسلامی کە بە درێژایی تەمەنی خۆی هەموو ناڕەزایی و خۆپیشاندانێکی خەڵکی بەشێوەیەکی دڕندانە سەرکوت کردوە، ئەمجاریش لە ڕێگەی زەبرو زەنگو تەقەکردن هەوڵ بۆ بێدەنگ کردنی دەنگی ناڕەزایی خەڵک دەدات.

بەرپرسانی ڕێژیم کە هەمیشە ژیان و خزمەتگوزارییەکانی نەتەوەکانی ئێرانیان پشتگوێ خستوە، لە بری چارەسەری کێشەکان و دابینکردنی پێداویستیی سەرەتاییەکان، سەرکوتی ناڕەزاییەکان دەکات.

لەئێستادا نارەزایەتییەکان گەیشتۆتە شارەکانی کرماشان، ئیسفهان و بوشێهەر و پشتیوانییەکی زۆریش لە خەباتی خەڵکی خوزستان دەبیندرێ و ڕۆڵی بەرچاوی ژنانی خوزستان و چالاکانی ژنی ئێرانیش حاشا هەڵنەگرە و ئەمەش لە ڕەوتی خەباتی ئێستادا گرنگ و چارەنووس سازە.

ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، پشتیوانی خۆی لە ئاخێزی خەڵکی نارازی پارێزگای خوزستان و سەرجەم داوا ڕەواکانیان دەکاتو داوا لە ژنان و پیاوان و سەرجەم نەتەوە بندەستەکانی ئێران و بەتایبەت جەماوەری هۆشیاری خەڵکی کوردستان دەکا پشتیوان و هاودەنگی ئەو ناڕەزاییانە بن و دژ بە سیاسەتە نائینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی بێدەنگ نەبن.

ناوەندی ژنانی هەروەها داوا لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ دەکات بە هانای خەڵکی ستەملێکراوی خوزستانەوە بێن و ناڕەزایی خۆیان دژ بە سەرکوت و کوشتاری خۆپیشاندەران لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەرببڕن.

مەرگو نەمان بۆ دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلانی ئێران

ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات

٣١ی پوشپەڕی ١٤٠٠ - ٢٢ی جولای ٢٠٢١

## سەردانی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بۆ ڕێکخراوەی پێگەیاندنی ئافرەتان-WRO- لە کۆیە



سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ٩ی خەرمانان ١٤٠٠ی هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سەردانی ڕێکخراوەی پێگەیاندنی ئافرەتان-WRO-یان کرد.

لەو سەردانەدا هەیئەتی یەکیەتیی ژنان تیشکی خستە سەر گرینگەییەکانی بواری پەروەردەی گشتی وبەتایبەتیی ژنان کە دەتوانێ ڕۆڵی بەرچاو بگێرێ لە هۆشیاری و بەرەوپێشچوون لە بوارە جیاوازەکان لە کۆمەڵگادا.

هەیئەتیی یەکیەتیی ژنان سپاسی ڕێکخراوەی پێگەیاندنی ئافرەتان -WRO-یان کرد کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بە چالاکی هاوبەش لە بواری پەروەردەیی بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنان هاوکار بوون و هەر لەم پێوەندییەدا لەوحی ڕێزلێنانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێشکەش بە ڕێکخراوەی " WRO " کرا.

ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە یاد و ناوی شەهید مووسا باباخانی
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بۆ ڕێز گرتن لە یادو ناوی تازەترین شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید"مووسا باباخانی" ڕێورەسمێکی لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات بەڕێوەبرد.
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کورستان، ڕۆژی هەینی ٢٢ی گەلاوێژ، بۆ دووپاتکردنەوەی بەڵێنی وەفاداری و درێژەدانی ڕێگای شەهیدانی کوردستان و ڕێزگرتن لە یاد و ناوی نوێترین شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کوردستان شەهید"مووسا باباخانی"ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە بەدەستی جەلادە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری هەولێر تێرۆر کرا ڕێورەسمێکی بەشکۆیان بەڕێوەبرد.
جێگای ئاماژەیە کە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە بە ئامادەبوون لە سەر گڵکۆی پیرۆزی شەهید مووسا و هەڵکردنی مۆم و دانانی تاجەگوڵینە لە سەر گڵکۆی شەهید مووسا پەیمانی وەفاداریی ودرێژەدانی ڕێگای شەهیدان تاگەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی شەهید مووسا و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستانیان دووپاتکردەوە.

**یاد و ناوی سەرجەم شەهیدانمان هەرمان**



## کچی هونەرمەندی نەمر"ماملێ" کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا



بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵمان پێگەیشت کە خاتوو "ڕووناک مەولوودیان" (ماملێ) کچی خاتوو ئامینە ماملێ بە هۆکاری نادیار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.
خاتوو ڕووناک پەروەردەی دەستی دایکێکی نیشتمان پەروەر وگەورەبووی بنەماڵەیەکی هونەرمەندو بەناوبانگ بوو کە بە یارمەتیدانی هەژاران و بەتایبەت وەرزشکاران وای کردبوو کە خاتوو ڕووناک کەسایەتییەکی تایبەت و خۆشەویستی لە نێو کومەڵگەدا هەبێ.
لە دەستدانی خاتوونێکی ئاوا نیشتمان پەرور و خەمخۆر ،خەمی خستە نێو دڵی هەموو نیشتمان دۆستان و خەمخۆرانی شاری مهاباد بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی.
لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی گەورەی ماملێ وئەمیری دەکەین و خۆمان بەشەریکی خەمیان دەزانین، بەو هیوایە دوا خەمی بنەماڵەتان بێ.

**دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**٢٤گەلاوێژی ١٤٠٠هەتاوی**

# بەڕێوەچوونی خولێکی پەروەردەیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ناوەندی سێ

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاری ناوەندی سێی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕۆژانی ٢٩ی جۆزەردانەوە هەتا ٢٨ی پووشپەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی خولێکی پەروەردەیی بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی ناوەندی سێی کوردستان بەڕێوەبرد.

لەم خولەدا ١١ ماددەی دەرسی جۆراوجۆر وەک، مێژووی حیزب، بزووتنەوەی ژنان، ڕایەڵەکۆمەڵایەتییەکان، ئەمنییەت، ئەساسنامە، کۆمەڵگای مەدەنی، مافی مرۆڤ، چەکوچۆڵ، تەشکیلاتی نهێنی و زمانی کوردی لەلایەن ماموستایانی(کادرەکانی) ناوەندی سێ گوترانەوە.

دوای کۆتایی هاتنی ئەم دەورەیە، ڕۆژی شەممە ٢ی گەلاوێژی ١٤٠٠ لەلایەن بەشی ئامووزشی ناوەدنی ٣وە کۆبوونەوەیەک بۆ سەرجەم ئەندامانی یەکیەتیی ژنان بە بەشداری کادروپێشمەرگەکان و ماموستایانی دەورەکە بەڕێوەچوو کە تێیدا وێڕای دەستخۆشی لە یەکیەتیی ژنان و بەشدارانی دەورەکە هەروەها هاوکاری ناوەندی سێ، سپاسی ماموستایان و ئەو ژنانە کرا کە بەشێوەیەکی چالاک و جدی بەشداری ئەم خولە ببوون.









## ئارمینا سادقیان میداڵی زێڕی وەرگرت




ئارمینا سادقیان تیروانی ئێلامی، لە کێبەرکێ جیهانی کرواسی توانی کە میداڵی زێڕ وەربگرێ

# یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، سمینارێکی «پەروەردەیی-کۆمەڵایەتیی» لە ناوەندی سێی کوردستان پێک هێنا

دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٠ هەتاوی لە درێژەی کاروچالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سمینارێکی "پەروەدەیی کۆمەڵایەتیی" بۆ خاتوو شلێر مەحموودی ئەندامی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان و هەروەها ئەندامی ڕێبەری حیزب لە ناوەندی سێی کوردستان پێک هێنا.

سەرەتای سمینارەکە بە ساتێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، دواتر خاتوو شەهلا کاوە ئەندامی بەرێوەبەری یەکیەتیی ژنان وێڕای بەخێرهاتنی بەشداربووان تەوەری سمینارەکەی "زەواج و تەڵاق لە یاسا و ئایینی ئیسلام" ڕاگەیاند.

پاشان خاتوو شلێر مەحموودی بە ئاماژەدان بە زەرووڕەتی پێکهێنانی ئەو سمینارە، باسەکەی بەم شێوەیە دەست پێکرد.

هەروەک لەکۆنەوە گووتراوە هاوسەرگیری سوونەتی ژیانە و هەریەک لە کوڕ و کچ مافی خۆیانە بە شێوەیەکی تەندروست هاوسەرگیری بکەن، بەڵام مەرجە ئەو هاوسەرگیرییە بنەماکان یا ڕوکنەکانی هاوسەرگیری تێدابێت و بەشێوەیەکی ڕەمەکی نەبێت. خێزان و بەرپرسیاریەتی خێزان پیرۆزی خۆی هەیەو دەبێ بۆ بەردەوام بوونی ئەو پەیوەندییە خۆشەویستی، مێهرەبانی و بەرپرسیاریەتی هاوبەش هەبێ، بێ گومان ئەگەر یەکێک لەوانە نەبێ خێزان لێک هەڵدەوەشێت و هاوسەرگیری کۆتایی پێ دێ و دەبێتە هۆی جیابوونەوە (تەڵاق).

تەڵاق، واتا کۆتایی هێنان بە گرێبەستی هاوسەرگیری و هەڵوەشاندنەوەی خێزان بەهۆی نەگونجانی هاوسەرەکان لەگەڵ یەکتر ئەمەش هۆکاری زۆرە و لە ئێستادا بەداخەوە ڕێژەکەی زۆر لەسەرێیە و هەر یەکێک لەخێزان بەتایبەت منداڵ قوربانی سەرەکی تەڵاقە. بۆ کەمکردنەوەی ئەو ڕێژەیە دەبێ هاوسەرگیری لەسەر بنەمای هۆشیاری تاک وە بەرێگەیی یاسایی ئەنجام بدرێت. ئەو باسانەو چەند باسێکی تری وەکوو فرەژنی، جۆرەکانی تەڵاق و چەند بابەتێکی دیکەی کۆمەڵایەتی کە زەرور و پێویستن لە





گۆمەڵگا دا لەبەر چاو بگیرێن لە لایەن کۆڕ گێڕەوە خرانە بەرباس.

پاشان لەلایەن ئامادەبوانەوە تاوتوێی زیاتری باسەکە کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارەدا ئاماژە بە هاوکاری و پاڵپشتی ناوەندی سێ لە بەڕێوەچوونی کاروچالاکییەکانی یەکیەتیی ژنان لەو کەمپە بەتایبەت لە کۆتا چالاکی کە بەرێوەچوونی خولێکی یەک مانگەی پەروەدەیی بوو، کرا و لەوحی ڕێزلێنانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو موژگان عەلیپوور سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێشکەش بە کاک لوقمان موئمێنی بەرپرسی ناوەندی سێی کوردستان کرا.

---

# بەشداری هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە کۆڕی سەکۆی بەشداری گشتیی کۆیە

پاش نیوەڕۆی پێنجشەممە ١٤ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی، هەیئەتی یەکیەتیی ژنان، بەشداری لە سمیناری "هۆکار وچارەسەری بۆ گرفت وکێشە کۆمەڵایەتییەکان" کە بۆ خاتوو " "کوردۆ عومەر" بەڕێوبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی خێزان پێک هاتبوو، کرد.

ئەو کۆڕە کە لە چوارچێوای پڕۆژەی " هۆشیاری تاک و چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان"دابوو، پێکهاتبوو لە ئەندامانی ڕێکخراوەکانی ژنان و چالاکی ژن لە کۆیە.

سەرەتای ئەو کۆڕە خاتوو "کوردۆ عومەر" بە وردی باسەکەی خۆی پێشکەش کرد و لەو نێوانەشدا کەیسە جۆراوجۆرەکانی بە نمونە هێنایەوە.

پاشان بەشداربووان لەگەڵ کۆڕگێر ڕا و سەرەنجی خۆیان باس کرد و تەوەری باسەکەیان تاوتوێ کرد.



## بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی ساڵانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی سوید



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٧-٨-٢٠٢١ی زایینی و پاش هێور بوونەوەی دۆخی کۆرۆنا، کۆمیتەی سویدی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان فێستیڤاڵێکی یەک ڕۆژە و هەمەڕەنگی بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی ئەو ڕێکخراوە و بنەماڵەکانیان، لەشاری لینشۆپینگی وڵاتی سوید پێک هێنا.

سەرەتا خاتوو فەریبا وەیسی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆمیتەی سوید، بەخێرهاتنی بەشدار بووان بەتایبەتی خوشکە سەکینە جەوانمەرد، ئەندامی لە مێژینەی یەکیەتیی ژنان و یەکەمین بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی ڕێکخراوەکەمانی کرد و پاشان ڕیزی بەرنامەکانی پێشکەش بە ئامادە بووان کرد.

دواتر لە لایەن بەرپرسی کۆمیتەوە خاتوو لەتیفە جەباری کورتە باسێک لەسەر مێژووی یەکیەتیی ژنان لە سەرەتای دامەزراندنی تاکوو ئێستا و هەروەها مێژووی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان لە سوید و شێوەی چالاکییەکانی لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ پێشکەشی میوانان و بەشدار بووان کرا.

دواتر لە لایەن بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانەوە خاتوو کەژال ئەحمەدی چەند پرسیارێک کە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کار و چالاکییەکانی کۆمیتە و هەروەها وەرگرتنی ڕای بەشداربووان لە سەر شێوە کاری داهاتوومان ئامادە کرابوو، لە شێوەی وۆرکشۆپ پێشکەش کرا و بەشدار بووان بە گەرمی پێشوازییان لێ کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی فێستیڤاڵدا چالاکی یەک بۆ منداڵان ئامادە کرابوو(tipspromenad) کە لەگەڵ پێشوازی گەرمی منداڵان بەرەوڕوو بوو و بە بەشداری هەموو منداڵەکان لە تەمەنە جیاوازەکاندا بەڕێوەچوو و پاشانیش منداڵان بە کتێب و شیرنی خەڵات کران.

پاش خواردنی نانی نیوەڕۆ و تا کۆتایی ئێوارێ، نێواخنی بەرنامەکە بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ ڕازاندرایەوە و پاشان بە ماڵئاوایی کردنی بەشداربووان کۆتایی بە فێستیڤاڵەکە هات.

**ناهید کەیانی، وەرزشوانی ڕستی تەکواندوی ئێران بە بڵاوکردنەوەی پۆستێک لە ئینستاگرامی خۆی سەبارەت بە ململانێ مێژوویی و تاڵی بەرامبەر بە کیمیا عەلیزادە نووسیی: هاونیشتمانانی من، ئەمن هاوچەشنی ئێوەم، هاوچەشنی خەڵکی ئاسایی، و هاوچەشنی دەردی ڕاستەقینە، ببورن ئەگەر نەمتوانی خۆدی خۆم بم، نەمتوانی لە نێوان دەردی بێ ئاوی و دەردی وشکەساڵی، دڵخۆشییەکی چکۆڵەتان بە دیاری بدەمێ، ببورن ئەگەر ڕووبەڕووبونەوەی من و هاووڵاتێکەم دڵی ئێوەی ڕەنجاند.**



## ژنانی بۆکسۆر لە ئێران بەردەوام چاوەڕوانی مۆڵەت نامەن



وەرزشی بۆکس بۆ ژنان لە ئێران قەدەغەیە، ئەو ژنانەی ئەو ڕستەیە وەرزشییە دەکەن ناچارن کە بە نهێنی پڕۆڤە بکەن و خولی ڕاهێنان تێپەڕ بکەن لەبەر ئەوەیکە یاریگە وەرزشێکان ئێستاکەش بۆ ڕاهێنان و پڕۆڤەی ژنان مۆڵەت نامەیان نییە.

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان: کۆماری ئیسلامی ئێران ماوەی ٤٠ ساڵە بەردەوام بە شێوازی جۆراوجۆر زۆلم لە خەڵکی ئێران دەکات و بە تایبەت ژنانی وەرزشوان کە هەمووکات بە شێوازێک بەرد دەخاتە سەر ڕێگەیان و پێش لە پێشکەوتنی ژنان دەگرێت.

# بەرهەمی وەرگێڕێکی کورد بووەتە وانەی قوتابخانەکانی وڵاتی نۆروێژ

وەرگێڕانی کۆمەڵەشێعرێکی مامۆستا شێرکۆ بێکەس، شاعێری بلیمەت و ناوداری کورد لەلایەن خاتوو عیسمەت / عاسیمە سۆفییە بۆ سەر زمانەکانی نۆروێژی و ئینگلیسی، بوونەتە وانەی قوتابخانەکانی وڵاتی نۆروێژ.

خاتوو عیسمەت/عاسیمە سۆفییە، وەرگێڕ و چیرۆکنووسی کورد و خەڵکی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دانیشتووی وڵاتی نورویژ، کۆمەڵێک لە شێعرەکانی شێرکۆ بێکەس، شاعێری ناودار و بلیمەتی کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانەکانی نورویژی و ئینگلیسی و ئەمساڵ لەو ناو وەرگێڕانەکانیدا هەندێک شێعری مامۆستا شێرکۆ بێکەس بە هەر سێ زمانی کوردی و ئینگلیسی و نۆروێژی لە کتێبە دەرسییەکانی قوتابخانەکانی وڵاتی نوریژدا چاپ کراون و بە وێنەی مەشخەڵانی نەورۆزی کوردستان ڕازاوەتەوە و وەکوو وانەی ڕۆژانە لە قۆناغە جیا جیاکانی خوێندن لە قوتابخانەکانی ئەو وڵاتەدا دەوترێنەوە.

خاتوو عیسمەت لەم بارەیەوە ڕایگەیاندووە؛ لەم دواییانەدا وڵاتی نۆروێژ کۆمەڵێک وەرگێڕانی ئینگلیسی و نۆروێژی منی لە مامۆستا شێرکۆ بێکەس، شاعێری بلیمەتی گەلی کورد پەسەند کردووە تاکوو لە چەند کتێبی دەرسیدا چاپ بکرێن. ئەمە دەستپێکی کۆمەڵە وەرگێڕانێکە بۆ قۆناغە جیا جیاکانی خوێندن لە قوتابخانەکانی ئەم وڵاتەدا دەستنیشان کراون".

ناوبراو ڕایشیگەیاندووە کە؛ ئەمساڵ وەرگێڕانێکی ئینگلیسی و نۆروێژی لە کتێبێکدا بە ناونیشانی "گریپ_٣ / Grip_٣" چاپ و بڵاو بووەتەوە کە ئەم کتێبە لە پۆلی دەهەمی قوتابخانەدا دەخوێندرێت و بڕیار وایە لە داهاتوودا لە بەرنامەی پۆلەکانی تریشدا بگونجێندرێت.

خاتوو عیسمەت هەستی خۆشحاڵیی خۆی لەم بارەیەوە بەم شێوەیە دەربڕیوە و نووسیویەتی: "منیش وەکوو ژنێکی کورد هەست بە شانازی دەکەم کە توانیومە بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس بە چەشنێک وەربگێڕمەوە کە شانبەشانی سەرچەشنە ئەدەبییەکانی وەکوو شکسپێر، هێنریک ئیبسن، ڕۆناڵد داڵ، ئاگاتا کریستی و مەولەوی، لەلایەن قوتابییانەوە لە نۆروێژ بخوێندرێن"




ئەو وەرگێڕە کوردە لە ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠١٣ی زایینی، کۆمەڵێکی تر لە شێعرەکانی مامۆستا شێرکۆ بێکەسی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی نۆروێژی و لە کتێبێکدا بە ناوی "لە چاوی زریاندا" چاپ و بڵاو بووەتەوە و لە هەمان ساڵدا ئەم کتێبە خەڵاتی ئەدەبیی "ئۆردکناپێن / Ordknappen"ـی پێ بەخشراوە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە سەرەنجی وەزارەتی ڕۆشنبیریی وڵاتی نۆروێژ ڕابکێشێت.

بەپێی ئەوەی کە خاتوو عیسمەت ڕاگەیاندووە؛ پێشوازیی وەزارەتی ڕۆشنبیریی وڵاتی نۆروێژ لەو کتێبە بە چەشنێک ئەرێنی بووە کە گرنگترین دامەزراوەی فێرکاریی ئەو وڵاتە دڵنیایی داوە کە چەندین بەرگی (نوسخە) کتێبەکە لە هەموو کتێبخانەکانی سەرانسەری نۆروێژدا دەبێت لە بەردەستدا بێت.

## هەوڵ ماندوون و شەونەخوونی حەوت ساڵەی خاتوو شیلان گیلانی بە ئاکام گەیشت و بۆشاییەکی گەورەی لە کتێبخانەی کوردی پڕ کردەوە




کتێبی ژنانی کورد

(گوڵبژێرێک لە ژنانی ئافرێنەر لە ئاوێنەی مێژوودا)

ئەم کتێبە ئامانجی بێوچانی حەوت ساڵە لەسەر بیر و هزر و خامەی شیلان گەیلانی.

بەشێکە لە چالاکی و ماندوونەناسی ژنانی ئەوسا و سەردەمی ئێستای چوار پارچەی کۆمەڵگای کوردستان.

باسی ژنانی بەدەسەڵات و فەرموودە بێژ و نەخوێندەوار و هەڵکەوتوانی مەدەنی و سیاسی و فەرهەنگییە، تەنانەت ئەو تەوارە ژنانەی کە بە بێ پشت بەستن بە پیاو بە تاقی تەنیا گەورە کچان و پیاوانێکی ناوداریان پەروەردە کردووە و دەرفەتی خۆدەرخستنیان لە مێدیاکانەوە بۆ نەڕەخساوە و ژیانیان بە قامووسی ئەوین بەڕێ کردووە.

زۆربەی جار بەسەرهاتی ژنانی ئافرێنەری کورد بە دەست پیاوان نەخشاوە، بۆیە بە پێویستم زانی لە دووتۆی دووبەرگدا بیانخەمە ناو کاروانی ژنانی سەرکەوتوو هەتا مێژوو لەبیریان نەکات.

# پێکهێنانی سمینارێکی هاوبەش بۆ بەڕێز حەسەن شێخانی لەلایەن هێزی پارێزگاری و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان







ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە، ١ی خەرمانان، هێزی پارێزگاری و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سمینارێکیان بۆ بەڕێز "حەسەن شێخانی" شرۆڤەکاری سیاسی و ڕێکخەری ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان، لەسەر دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ئێران، پێکهێنا.

حەسەن شێخانی لە بەشی یەکەمی باسەکەیدا کۆسپەکانی بەردەم ئیبراهیم ڕەئیسی بۆ وەدیهێنانی دروشم و بەڵێنەکانی لەمەڕ باشکردنی دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێران شرۆڤە کرد و کاریگەری پرسی ناوکیشی لەم پێوەندییەدا لێکدایەوە. ناوبراو لە بەشەکانی دیکەی باسەکەیدا ڕۆڵی فاکتۆری ناوچەیی و نێونەتەوەیی لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی ئێران شیکردەوە و دوا بەشی باسەکەشی بۆ هەڵوێستە کردن لەسەر کاریگەریی پەرەسەندنی فەقر و هەژاری لەسەر ڕادیکالیزە کردنی ڕەوتی ئیعترازەکانی ئێران تەرخان کرد و ئەمەشی وەک مەترسییەکی جیددی بۆ کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم دا. دوای پێشکەش کردنی باسەکە، ئامادەبوان بە پرسیار و تێبینی بەشدارییان لە باسەکەدا کرد.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٣ی خەرمانان ١٤٠٠ی هەتاوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سیمینارێکی بۆ خاتوو "شلێر مەحموودی" ئەندامی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەژێر ناوی "هاوسەرگیری و یاساکانی و باری کەسایەتی" لە یەکێک لە سالۆنەکانی قەڵا بۆ ئەندامانی شانەی قەڵا پێک هێنا.

لەو سمینارەدا خاتوو شلێر باسێکی لە قۆناغەکانی هاوسەرگیری تا تەڵاق کرد. لە مابەینی باسەکەی کۆڕگێڕیشدا هاوڕێیانی بەشداربوو ڕاو بۆچوونی خۆیان بە نیسبەت باسەکە دەربڕی و لە لاین کۆڕگێڕ وڵامیان درایەوە.

لە کۆتایی ئەو سێمینارەدا بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنان دوای دەستخۆشی کردن لە سەرشانەی پێشوو (کەیوان عەزیز یەمەنی) دوو هاوڕێی دیکە لە ئەندامانی قەڵا وەک سەرشانە و جێگری شانە بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی بەشداربوو هەڵبژێرد.







# کۆچی‌دوایی دوو خاتوونی تێکۆشەر لەیەک بنەماڵەدا



نوسرەت کەریمی، هاوسەری مامۆستا مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی و گەلاوێژ فەلسەفی کچی مامۆستا، بەهۆی تووشبوون بە پەتای کۆڕۆناوە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی ماڵاوایيان لە ژیان کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٧ی پووشپەڕ خوشکە نوسرەت کەریمی، خێزانی مامۆستا مەلا ئەبووبەکر فەلسەفی، تێکۆشەری ناسراوی گەلەکەمان و ئەندامی لە مێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا و چەند ڕۆژ دواتر ڕۆژی هەینی ٣١ی پووشپەر خاتوو" گەلاوێژ فەلسەفی" کچە گەورەی مامۆستا مەلا ئەبووبەکر و هەروەها دایک و خوشکی خاتوو پەخشان فەلسەفی ئەندامی بەوەج و لە مێژینەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا بەهۆی تووشبوون بە پەتای کۆڕۆناوە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی ماڵاواییان لە ژیان کرد.

بنەماڵەی ماموستا مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی یەکێک لە بنەماڵە شۆڕشگێر و ناسراوەکانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتن کە ساڵانێکە سەرەڕای تووشبوون لەگەڵ گەلێک کەند و کۆسپ لەسەر ڕێگای ژیانی سیاسیاندا کۆڵنەدەرانە درێژەیان بە خەباتی سیاسیی و پێشمەرگانەی خۆیاندا داوە و وەفادارانە بە ڕێبازی دێموکرات سەریان بۆ زۆرداریی ڕێژیمەکانی شای پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی دانەنواندوە و هەر لە بەر ئەو هۆکارانەش ساڵانێکی زۆری ماموستا لە بەندیخانەکانی ئەو دوو ڕێژیمەدا تێپەڕاندوە و، لە هەموو ئەو سەردەمانەدا نوسرەت خانمی هاوسەری لەلایەک وەک ژنێکی ئازا و وەفادار هەم سەرپەرەستی ماڵ و منداڵەکانی دەکرد و هەم پشتیوانێکی دڵسۆزی مامۆستا بوو لە بەڕێوەبردنی ئەرکە حیزبییەکانیدا.

جێی ئاماژەیە خاتوو پەخشان فەلسەفی کچی دایە نووسرەت کەریمی لە ژنە هەرە چالاک و ماندووییەسانەی نیو ڕیزەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانە کە ئەویش وێرای بنەماڵەکەی ساڵانێکە لەنێو ڕیزەکانی حیزب و یەکیەتیی ژنان دا چالاکی دەکا.

بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەو دوو خاتوونە ئەزیزە و ئەو کۆستە گەورەی بنەماڵەی فەلسەفی پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی گەورەی فەلسەفی بەگشتی و خاتوو پەخشان فەلسەفی بەتایبەتی، دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین هیواداریین دواخەم و کۆستی بنەماڵەیان بێ.

دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

٢ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی

---

## کۆچی دوایی دایکێکی نیشتمان پەروەر لە ناوچەی مهاباد



ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٦ ی گەلاوێژی ١٤٠٠هەتاوی دایە "پیرۆز قادری " ناسراو بە غریبە ، دایکی خاتوو نوسرەت محەممەدی ،ئەندامی لەمێژینەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ئاوایی گردشیلانی ناوچەی  مهاباد کۆچی دوایی کرد.

شایانی باسە خاتوو نوسرەت محەممەدی ئەندامی چالاک و بەوەجی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانە و ساڵانێکە لە نێو ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

بە بۆنەی کۆچی دوایی دایە پیرۆز لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی  قادری و محەممەدی دەکەین و خۆمان بەشەریکی خەمیان دەزانین.

دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

٧ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی

## دایکی هونەرمەند ناسر ڕەزازی کۆچی دوایی کرد

### شەریفە خان دایکی هونەرمەند ناسری ڕەزازی دوێنێ شەو کۆچی دوایکرد.



# ڕاگەیاندراوی ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە بۆنەی دۆخی کارەساتبار لە ئەفغانستان و هەڵوومەرجی نەخوازراوی ژنان لەو وەڵاتە

لەم ڕۆژانەدا بە ملیۆنان مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهان شاهیدی ڕووداوگەلێکی کارەستابارن کە بەسەر خەڵکی ئەفغانستان، بە تایبەتی بەسەر ژنان و کچانی ئەو وڵاتەدا دێت.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بزوتنەوەی تاڵیبان کۆنترۆڵی زۆربەی ناوچەکانی ئەفغانستانی بە دەستەوە گرت و سەرۆک کۆماری ئەفغانستان بەپەلە وڵاتی بۆ بزوتنەوەی توندڕەوی تاڵیبان جێهێشت.

بە گرتنی هەر شارو شارۆچکەیەک ئەم گروپە توندڕەوە ئیسلامییە دەستیان کردوە بە کوشتن و ئازاردانی خەڵک، بە تایبەت کچان و ژنان.

بە پێی زانیارییەکان چەکدارانی تاڵیبان منداڵانی کچ دەڕفێنن و لە خۆیانی مارە دەکەن وماڵ بەماڵ بۆ نیکاح دەگەڕێن.

ژمارەیەک لە ژنان و کچانی ئەفغانی لەسەر پۆشاک و جلوبەرگ یان چاویان دەرهێنراوە یان کوژراون. ئەشکەنجە و ئازاری ژنان و کچانی خوێندەوار لەوانە نوسەران، دەرهێنەران و شاعیرانو... ڕۆژانە لە هەر سوچێکی وڵاتی ئەفغانستان زۆر ئاسایی بە بەرچاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە ڕوبەڕوی شکەنجەو کوشتن دەبنەوە و لە ترسی گیانی خۆیان لە هەوڵی ڕاکردن و دوورکەوتنەوەن لە وڵاتەکەیان.

دۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە هەبوونی هێزە توندڕەوە ئیسلامییەکان هەر لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە هاندەری سەرەکی توندڕەویی و تیرۆریزمی ئیسلامییە هەتا ئەفغانستان و عێراق و تورکیە و پاکستان... ڕوو لە خراپیە.

بە دەسەڵات گەیشتنی هێزەکانی تاڵیبان لە ئەفغانستان دوا نمونەی ئەو ستەم و ناحەقییانەیە کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە.

ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای مەحکوم کردنی تاوانەکانی چەکدارانی تاڵیبان بەرامبەر بە خەڵکی ئەفغانستان و بە تایبەتی بەرامبەر بە ژنان و منداڵان، داوا لەسەرجەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ دەکات، بە هانای خەڵکی ئەفغانستانەوە بچن.

ئێمە پشتیوانی خۆمان لە مافی ڕەوای ژنانی ئەفغانستان، دەردەبڕین و بڕوامان بەوەیە کە بەهێزکردنی خەباتی ژنان و داخوازیی بۆ مافی یەکسانی ژن و پیاو، مەحکوم کردنی هەرچەشنە هەڵاواردنێک دژ بە ژنان، وەدیهێنەری کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسانە.




ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٢٥ی گەلاوێژی ١٤٠٠ – ١٦ی ئەگۆستی ٢٠٢١

http://t.me/N_Jnani_Rojhalat

ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد
ڕێکخراوی ئافرەتانی خەباتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات
یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان
یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران

## گۆرانیبێژ و هونەرمەندی کورد، "ئاینوور دۆغان" خەڵاتی "وۆمێکس"ی ساڵی ٢٠٢١ی پێ بەخشرا

گۆرانیبێژ و هونەرمەندی کورد ئاینوور دۆغان، بە یەکێک لە باشترین گۆرانیبێژەکانی جیهان هەڵبژێردرا و خەڵاتی وۆمێکسی پێ بەخشرا.

وۆمێکس (World Music Expo) پێشانگەی موزیکی جیهانیی، کە پڕۆژەیەکی نێودەوڵەتییە بۆ پشتیوانی و گەشەپێدانی موزیکی گەلان، سەنتەرەکەی شاری بێرلینە و هەموو ساڵێک لە دوایین حەوتوویی مانگی ئاگۆستدا ئەم خەڵاتە دەبەخشێتە باشترین موزیسیان و گۆرانیبێژ و ئەمساڵ (٢٠٢١) ئەم خەڵاتە بەخشرایە ژنە گۆرانیبێژ و هونەرمەندی کورد، ئاینوور دۆغان.

دەستەی بەڕێوەبەرانی پڕۆژەی وۆمێکس ڕایانگەیاند ئەم خەڵاتە بۆ ئەمساڵ بەخشرایە ئاینوور دۆغان لەپێناوی هەوڵ و خەباتە بەردەوامەکانی لە پێشخستنی هونەری گەلەکەی و زیندووهێشتنەوەی کولتووری گەلی کورد وەک گەلێکی دێرینی جیهان.

ئاینوور دۆغان لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتەکە ئاماژەی بەوەدا، کە موزیک کلیلی دۆزینەوەی کولتووری گەلانە، بە تایبەت کولتووری ئەو گەلانەی کە هەوڵی سڕینەوەیان دەدرێت. هونەر و کولتووری جیاواز، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئێمە گەلی لە یەکتر جیاوازین، بەڵام لە بنەڕەتدا هەموو گۆرانی و نۆت و ئاوازەکانی موزیکی هەر گەلێکی جیهان بەشێکە لە کەلەپووری مرۆڤایەتی.



هەروەها ئاینوور دۆغان وتی، ئەوە شەرەفێکی گەورەیە بە نوێنەرایەتی موزیک و کولتووری گەلێکی گەورە ئەو خەڵاتە دەبەخشرێ بە من، کە تا ئێستها ئەو گەلە خاوەن قەوارەی خۆیان نین و دەچەوسێنرێنەوە، شەرەفێکی گەورەشە کە وەک ژنێک نوێنەرایەتی گەلەکەم دەکەم، ژنانی نەتەوەکەم هەمیشە لەپێناوی ئازادی و یەکسانی و ئاشتیدا خەبات دەکەن.

شایانی باسە کە ئاینوور دۆغان هونەرمەندی بەناوبانگی کورد، لە ساڵی ١٩٧٥ لە پارێزگای دێرسیمی باکووری کوردستان لەدایکبووە.

# ڕاپۆرتێک لە بارووددۆخی سێ مانگەی هاوینی زیندانیانی ژن لە کوردستان و ئێران



ڕۆژی سێشەممە ١ی پووشپەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی "ئازادە زەینەڵی" دەرهێنەری شانۆ کە بە تۆمەتی گەندەڵیی ماڵی سزای بەندکرانی بە سەردا سەپاوە، لەبەر وڵامنەدانەوەی بەرپرسان و پێڕانەگەیشتن بە دۆسیەکەی مانی لە خواردن گرتووە.

ڕۆژی چوارشەممە ٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی، دوو هاووڵاتیی ژن بە ناوەکانی "شلێر قادر نەژاد" و "مەهتاب قادرنەژاد" خەڵکی گوندی نلیوانی سەر بە شاری شنۆ بانگهێشتی ئیتلاعاتی شاری شنۆ کران و چەند کاتژمێرێک لێپرسینەوەیان لێکرا و پاشان ئازاد کران.

ئەنسیە دائیمی، خوشکی بەندکراوی سیاسی #ئاتێنا_دائیمی بارووددۆخی بەندکراوانی لاکانی ڕەشت:

٩بەندکراوی ئێرانی لە ئازەربایجان لە دوای ئاڵووگۆڕی زیندانی بۆ شوێنی دوورخرانەوەی لاکانی ڕەشت گواسترانەوە

ڕۆژی دووشەممە ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی، ئارام فەتحی شاعیر و نووسەر و هەروەها سورەیا حەقدووست چالاکی مەدەنی خەڵکی مەریوان دوای ١١ ڕۆژ دەستبەسەرکران بە شێوەی کاتی و بە دانانی بارمتەی ١٠٠ میلیۆن تمەنی ئازاد کران. ئەوان ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوانەوە دەستبەسەر کرابوون.

مریەم سامقانی دانیشتووی شاری گۆرگان سێ شەممە ٨ی پۆشپەڕ بۆ تێپەڕکردنی ماوەی حوکمەکەی لە ماڵی خۆی دەستبەسەرکرا. ناوبراو بە هۆی پەروەندەیەک کە ساڵی ١٣٩٩ لە لایەن دادگەی ئێنقیلابی تاران و بە سەرۆکایەتی دادوەر ئەفشاری بە تاوانی چالاکی و پڕوپاگەندە دژی حکوومەتی ئێران تۆمەتبار کرابوو بە ٩١ ڕۆژ حەپسی تەمبێیی مەحکوم کرا.

سەرەڕای وەرگرتنی ناڕەزایەتی؛ حوکمی ٨ ساڵ بەند کرانی شەهرزاد نەزیفی هاووڵاتی بەهایی و قارەمانی ماتۆڕکراس دەرکرا بەپێی ئەو حوکمە کە لە نێوەڕاستی جۆزەردان لەلایەن لقی ٢٦ی دادگەی ئێنقیلابی تاران و بە سەرۆکایەتی دادوەر ئیمان ئەفشاری و بە ڕواڵەتی دەریدەکا دەرچووبوو، ناوبراو سەبارەت بە تۆمەتی بەڕێوەبردنی گرووپە نایاسایی کان بە ئامانجی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی وەڵات بە ٨ ساڵ حەپسی تەمبێیی مەحکوم کرا و هەروەها بە خزمەت کردنی زۆرەملێ بە ماوەی ٣ مانگ و ڕۆژانە ٤ ساعەت بە مەبەستی ئاگاداری کردن لە کەم ئەندامانی زێنی و زەوت کردنی مافی دوو ساڵ چوون بۆ دەرەوەی وڵات مەحکوم کراوە.

مودەڕەسی، ڕۆژنامەنووسی ژینگەپارێز بەهۆی ڕیسواکردنی بەشێکی بچووک لە مافیای ژینگەیی ئێران، هەڕەشە و مەترسیی بەندکران و کوشتن لە سەریەتی.

پێنجشەممە ١٠ی پووشپەڕ دۆرسا دێهقانی شارۆمەندێکی بەهایی دانیشتووی شیراز بە بارمتە ئازاد بوو.

سینا کەماڵی شارۆمەندێکی دیکەی بەهایی دانیشتووی شیراز سەرەڕای تێپەڕاندنی ١٧ ڕۆژ لە کاتی دەستبەسەر بوونی هەروا دەستەوئەژنۆ لە شوێنێکی نادیار بەسەر دەبا.

یەکشەممە ١٣ی پوشپەڕ حوکمی سێ گرتوی تر و بهائیدین قاسمزادە منداڵی تاوانبار کە پێشتر بە تاوانی کۆشتن حوکمی سێدارەیان دابوون لە گرتوخانەی ورمێ جێبەجێ کرا.

گوڵڕۆخ ئیبراهیمی ئێرایی، زیندانی سیاسی بەندکراو لە بەندی ژنانی زیندانی ئامۆل بە ناردنی پەیامێک بەرانبەر بە پێشێل کردنی مافی زیندانیان و ئازار و ئەشکەنجەیان بە دەستی زیندانبانان، هەڵوێستی گرت.

بەندکراوێکی ژنی خەڵکی کوردستانی تورکیە کە پاییزی ساڵی ڕابردوو لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستبەسەر کرابوو، لەلایەن دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سزای بەندکرانی بە سەردا سەپا.

دانیشتنی دادگای سنوور تامارا ڕۆژی چوارشەممە ٢ی پووشپەڕی

٢٧٢١ (٢٣ی ژوئەنی ٢٠٢١) بە شێوەی ئەلکترۆنی و بەبێ هەبوونی پارێزەر بەڕێوەچووە و ئەم سزایە ڕۆژی شەممە ١٢ی پووشپەڕ (٣ی جولای) لە بەندیخانەی ورمێ بە فەرمی پێی ڕاگەیەندراوە.

ڕۆژی هەینی ٢٨ی جۆزەردانی ٢٧٢١ (١٨ی ژوئەنی ٢٠٢١)، هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵی هاووڵاتیەک لە شەقامی سەعدی و کچێکی تەمەن ١٦ ساڵیان بە ناوی "ژینا حەسەنی موقەدەم" دەستبەسەر کردووە.

ڕۆژی دووشەممە ١٤ی پووشپەڕ سپێدە فەراهان بەندکراوی سیاسی لە زیندانی قەرچەکی وەرامین ئازاد کرا.

موستەفا نیلی، پارێزەری سپێدە فەراهان لە تویتێری خۆی ڕایگەیاند کە؛ "سپێدە فەراهان بە پێدانی مەرەخەسی بەستراو بە ئازادی لە زیندانی قەرچەک ئازاد کرا"

مریەم سامقانی، هاووڵاتی دانیشتووی گۆرگان ڕۆژی چوارشەممە ٩ی پووشپەڕ، بۆ بەشی قەرەنتینەی زیندانی ئێڤین ڕاگوێزرا، ئەو لە ٨ی پووشپەڕ لە لایەن مەئموورانی ئاسایش لە بۆ تێپەڕکردنی ماوەی حەپسی ٩١ ڕۆژەی خۆی دەستبەسەر کرابوو.

سەبا کوردئەفشاری و دایکی ڕاحیلە ئەحمەدی، چالاکوانانی مافی ژنان و لە ڕەخنەگرانی حیجابی زۆرەملی بەندکراو لە زیندانەکانی قەرچەکی وەرامین و بەندی ژنانی زیندانی ئێڤین لە نارەزایەتی دەربڕین بە نەبوونی ڕەخسانی چاوپێکەوتن و پێوەندی تەلەفوونی نێوان زیندانەکان لە ڕۆیشتن بۆ ساڵۆنی چاوپێکەوتن خۆڕاگریان کرد.

یاسەمەن ئاریانی، چالاکوانی سیاسی و دژی حیجابی زۆرەملێی ڕۆژی سێ شەممە ١٥ی پووشپەڕ ڕەوانەی مەرەخەسی کرا، ناوبراو لە ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٩ لەگەل دایکی مونیرە عەرەبشاهی لە بەندی ژنانی زیندانی ئێڤین بۆ زیندانی کەچوویی کەرەج ڕاگوێزرا.

ڕۆژی دووشەممە ١٥ی پووشپەڕ، "ناهید کەمانگەر" کچی بەندکراوی سیاسی حوسەین کەمانگەر، دانیشتوی شارستانی کامیاران دوای بانگ کردنی بۆ ئیتلاعات دەستبەسەر و پاشان بۆ بەندی ژنانی ناوەندی پەروەردەی سنە گۆزراوە.

هەروەها ناوبراو لە بەفرانباری ١٣٩٧ لەگەڵ هاوسەرەکەی ڕاشید مونتەزێری دەستبەسەر و پاش ٤ مانگ بە دانانی بارمتە ئازاد کرابوو.

ئارەزو ڕەحیم خانی، مامۆستای زانکۆی ئازادی ئیسلامی یەکینەی ئەندیمێشک ڕۆژی سێ شەممە ٨ی پووشپەڕی ١٤٠٠ کاتژمێر ٦ی سەرلەبەیانی لەگەڵ هاوسەرەکەی ڕامین بیرانوەند لە لایەن مەئموورانی بنکەی ئاسایشی ئەبولفەزل عەباسی خۆزستان لە ماڵی خۆیان لە ئەندیمێشک دەستبەسەر و بۆ شوێنی نادیار ڕاگۆزران.

سوهەیلا حیجاب، بەندکراوی سیاسی لە زیندانی قەرچەکی وەرامین، ڕۆژی دووشەممە ١٤ی پووشپەڕ لە ڕێڕەوی زیندان دەستی بە مانگرتن کرد سەبارەت بە بێبەری لە پێداویستیەکان لە زیندان لە بوونی کارتی تەلەفوون و پێوەندی و دیمانە بێبەشە.

ڕێزوان ئەحمەدخان بەیگی لە دەستبەسەرکراوەنی خەزەڵوەری ١٣٩٨ دوای کۆتایی مەرەخەسی گەڕایەوە بۆ زیندانی ئێڤین، ئەو کە بە نەخۆشینی گەشەکە (فێ) گیرۆدەیە لە ٢ی پووشپەڕ لە زیندانی ئێڤین بۆ مەرەخەسی دەرمانی ناردرا.

پێنج شەممە ١٧ی پووشپەڕی ٢٧٢١(٨ی جولای ٢٠٢١)، بەندکراوانی بەندی ژنانی بەندیخانەی ورمێ بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە گواستنەوەی یەکێک لە بەندکراوانی ئەو بەندە بۆ بەندی ئەمنی زندان، ڕاپەڕین.

مریم سامقانی، چالاکی سیاسی، کە ڕۆژی سێشەممە ٨ی پووشپەڕی ١٤٠٠، بۆ بەڕێوەچوونی حوکمی ٩١ ڕۆژ حەبسی تەعزیری لەلایەن هێزەکانی ڕێژیم دەستبەسەرکرا و بۆ قەرەنتینەی زیندانی ئێڤین ڕاگوێزرا.

دایکی ڕاحیلە_ئەحمەدی بەندکراوی سیاسی چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە نەخۆشخانە خەواندراوە و بەبوونی نامەی پزیشکی کە ڕادەستی زیندانی ئێڤین کرابوو بەڵام بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێزنی مەرەخەسییان پێنەداوە کە بۆ دوایین جار لەگەڵ دایکی چاوپێکەوتنی هەبێ تاکوو دایکی کۆچی دوایی کرد.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی، موژگان کاووسی داوای کرد لە بەندیخانەی ئێڤین بۆ بەندیخانەی نەوشەهر ڕای بگوازینەوە.

بەرەبەیانی چوارشەممە ٢٣ی پووشپەڕی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی موژگان کاووسی ڕاگوێزرا بۆ دادسەرای نەوشەهر تاکوو بە فەرمانی بەرپرسانی یاسایی ئەم شارە پاشماوەی حەبسەکەی لەوێدا تێپەڕێنێ، بەڵام بە هۆی ڕێکنەکەوتنی بەرپرسانی بەندیخانەی ئێڤین لەگەڵ بەرپرسانی نەوشەهر لەبارەی گواستنەوەی ئەوان بۆ ناوندیی نەوشەهر، بێ هیچ کردەوەیەکی گەڕاندوویانەتەوە بۆ بەندیخانەی ئێڤین.

ڕاحیلە ئەحمەدی چالاکوانی مەدەنی بەندکراو لە زیندانی ئێڤین بە دوای بیستنی هەواڵی کۆچ کردنی دایکی و ڕەتکردنەوەی مەرەخەسی لە بەشداربوونی بۆ بە خاک سپاردنی دایکی تووشی گوشاری دەماری و توندبوونەوەی ئێشی دیسکی کەمەر بوو کە بە بێ یارمەتی توانای ڕێ ڕۆیشتنی نییە.

ڕۆژی شەممە ٢٦ی پووشپەڕ، سەدرا عەبدوڵلاهی هاوسەری عالیە موتەڵەبزادە، وێنەگر و چالاکوانی مافی ژنان بەندکراو لە بەندی ژنانی زیندانی ئێڤین، بە بڵاوکردنەوەی دەسێنەیەکی دەنگی لە هاوسەرەکەی لە پەرەگرتنی ڤایرۆسی کۆڕۆنا لە ئەو بەندە و نەبوونی چاوەدێری پزیشکی خەبەری نەخۆشی بەندکراوانی دا، بە وتەی عالیە موتەڵەبزادە بە هۆی پەرەگرتنی ڤایرۆسی کۆڕۆنا لانیکەم سێ کەس بۆ قەرەنتینە ڕاگوێزراون و بە قوفڵ کردنی دەرگاکان بێبەشن لە چاوەدێری پزیشکی و وێل کراون و بارودۆخی سێ کەس لەو بەندکراوانە بە ناوەکانی ئارەزو قاسمی و زارا جەماڵی زۆر نالەبارە و هێندێک لە بەندکراوان نیشانەکانی ڤایرۆسی کۆڕۆنایان هەیە کە موژگان کاووسی یەکێک لەوانە و بەوتەی عالیە موتەڵەبزادە بنکەی تەندرووستی زیندان تەنیا کوتانی سێرۆم بۆ ئەو نەخۆشانە بە کار دەبا.

ئەمین زوڵفەقاری، مەحبوبە میساقیان، میترا بەندی ئەمیرئابادی و هیوا یەزدان مەهدی ئابادی، بهاییەکانی دانیشتووی یەزد، لەلایەن بەشی دووی دادگای ئینقلابی یەزد هەرکام بە ٣ ساڵ و ٤ مانگ زیندان مەحکووم کراون. ئەگەر ئەو حوکمە تەئید بکرێ، بە پێی مادەی ١٣٤، توندترین سزا، یانی ٢ ساڵ و هەشت مانگ زیندانی تەعزیری بۆ هەر کام لەوان دەکرێ بەڕێوە دەچێ.

ئایدا نیک سیرەت هاوژینەکەی ئەندامی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان بووە و خۆی و سێ منداڵەکەی بۆ ماوەی دوو ساڵ لە یەکێک لە بەندیخانەکانی ئەفغانستان بەند کراون. لە ماوەی ڕابردوودا بۆ ئێران گوازراوەتەوە و ئەوە ماوەی ١٠ ڕۆژە لە بەندی قەرەنتینەی بەندیخانەی ناوەندیی ورمێ ڕاگیراوە.

بەندکراوێکی سیاسی کورد کە لە بەندیخانەی ئێڤینی تاران ڕاگیراوە دوای ئەوەی کە تووشی کۆڕۆنا بوو، مافی مرەخەسی پێدرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٣٠ی پووشپەڕی ٢٧٢١ (٢١ی جولای ٢٠٢١)، موژگان کاووسی، بەندکراوی سیاسی کورد دوای ئەوەی ڕۆژی ڕابردوو وڵامی تاقیکردنەوەی کۆڕۆناکەی ئەرێنی بوو، مافی مرەخەسی پێدرا.

مانگی ڕەشەممەی ساڵی ٢٧٢١ دانیشتنی دادگای پێداچوونەوەی موژگان کاووسی بەڕێوە چووە و حوکمی بەندکرانی ناوبراو بۆ ٧٦ مانگ و ١٥ ڕۆژ بەندکران زیاد کراوە. ناوبراو مانگی سەرماوەز لەلایەن دادگای بەرایی شاری نەوشەهر بە ٦٩ مانگ بەندکران حوکم درابوو.

موژگان کاووسی بە تۆمەتی "ئەندامەتی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" بە ٣٣ مانگ بەندکران، بە تۆمەتی "هاندانی خەڵک بۆ دروست کردنی بشێوی و تێکدانی ئاسایشی گشتی" بە ٣٦ مانگ بەندکران و بە تۆمەتی " پروپاگەندە دژ بە نیزام" حوکمی ٧ مانگ و ١٥ ڕۆژ بەندکرانی بە سەردا سەپاوە. بە پێی یاسای کۆکردنەوەی حوکمەکان، لەو سێ حوکمە زۆرترینەکەیان واتە حوکمی ٣٦ مانگ بەندکران جێبەجێ دەکرێ.

موژگان کاووسی ڕۆژی دووشەممە ٣٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٠ (١٩ی مەی ٢٠٢٠)، دەستبەسەر و بە مەبەستی تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی ڕەوانەی بەندیخانەی شاری نەوشەهر کرا و ڕۆژی دووشەممە ٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٠ (٢٢ی ژوئەنی ٢٠٢٠)، بۆ بەندیخانەی ئێڤینی تاران گوازراوەتەوە.

نەسرین سوتوودە، پارێزەری دادگا و چالاکوانی مافی مرۆڤ، شەوی ڕابردوو چوارشەممە ٣٠ی پووشپەڕی ١٤٠٠ بۆ ماوەی ٥ ڕۆژ مەرەخەس کرا.

سێپیدە قۆلیان چالاکوانی مەدەنی و مەحبووبە ڕەزایی چالاکوانی سیاسی بەندکراو لە زیندانی بوشێهر ڕۆژی سێشەممە ٢٩ی پووشپەڕ لەلایەن بەندکراوانی تۆمەتبار بە تاوانە توندوتێژیەکان لە بەرامبەر بەرپرسانی زیندان بە توندی کەوتوونەتە بەر هێرش و لێدان.

سێپیدە قۆلیان و مەحبووبە ڕەزایی هەم کەوتوونەتە بەر هێرشی و لێدان و هەم هەڕەشەی کوشتنیان لێکراوە.

منیرە عەرەبشاهی، چالاکی مەدەنی و دایکی یاسەمەن ئاریانی لە چالاکوانانی مەدەنی دژی حیجابی زۆرەملی، کە ئێزنی مەرەخەسی دەرمانی پێدرابوو ١ی گەلاوێژ بە کۆتایی هاتنی مەرەخەسییەکەی گەڕایەوە بۆ زیندانی کەچویی کەرەج.

ناهید تەقەوی کە هاوولاتی ئێرانی_ئەڵمانییە و بۆ تێپەڕکردنی ماوەی حەپس لە زیندانی ئێڤین بە سەر دەبا تووشی نەخۆشی کۆرۆنا بووە و بۆ بەشی قەرەنتینەی زیندان ڕاگوزراوە و باری تەندروستی باش نییە.

ئیدارەی ئیتلاعاتی شنۆ دوو خوشکیان بەناوەکانی "هاجەر ئەرسزادە" تەمەن ٤١ ساڵ و " کولسووم ئەرسزادە" تەمەن ٣٨ ساڵیان بانگ کرد و ماوەی هەشت کاتژمێر لێکۆڵینەوەیان لێ کردن و ئازار و ئەشکەنجەیان داون.

ڕۆژی سێ شەممە ٥ی گەلاوێژی ١٤٠٠ هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران، عەزیمە ناسری، ژنەچالاکی خەڵکی بۆکانیان دەستبەسەر کرد و گواستیانەوە بۆ دەستبەسەرگەیەکی ئەمنی لە شاری ورمێ.

ڕۆژی شەممە ٢ی گەلاوێژ هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی کەژاڵ ئەمینی کچی ڕەسوڵ لە لایەن هێزی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەرکرا ئەو هاووڵاتییە پاش تێکهەڵچوونی هێزەکانی سپای پاسداراڕن لەگەڵ هێزەکانی یەکێک لە حیزبە کوردییەکان لە بۆکان دەستبەسەر و بۆ لێپرسینەوە ڕەوانەی گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سپا لە ورمێ کرابوو.

ڕێزوان ئەحمەدخان بەیگی، بەندکراوی سیاسی پاش تاقیکاری کۆرۆنا کە ئەرێنی بۆ ڕۆژی ڕابردوو ٦ی گەلاوێژ لە زیندانی ئێڤین ڕەوانەی مەرەخەسی دەرمانی کرا. ڕێزوان ئەحمەدخان بەیگی لە دەستبەسەرکراوانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ کە لە ڕەوتی نارەزایەتی دەربرینی سەرانسەری لە لایەن مەئموورانی ئاسایش دەستبەسەر کرابوو.

دۆسیەی شەهرزاد نەزیفی، هاووڵاتی بەهایی و لە قارەمانان و ڕاهێنەرانی ماتۆرکراسی ژنان لە ئێران، بە لقی ٢٦ی دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای تاران ناردرا.

دایکانی خەزەڵوەر پاش کۆبوونەوەی نارەزایەتیی، لە مێترۆی سادقیە دەستبەسەر کران.

دەستبەسەرکراوان بریتین لە؛ دایکی میلاد موحەقەقی، دایکی ئیبراهیم کتابدار، دایکی پژمان قۆلیپور، دایکی فەرهاد مەجدەم، دایکی وەحید دامور و دایکی ڕەزا موعەزەمی گودەرزی. ئەوانەش کە لەگەڵ دایکانی خەزەڵوەر بوونە دەسبەسەر کران.

مەرەخەسیی موژگان کاووسی، نووسەر و لێکۆڵەری کورد بۆ ماوەی یەک حەوتووی دیکە درێژ کرایەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ٢ی ڕەزبەری ٩٩، موژگان کاووسی نووسەر و لێکۆڵەری کوردی پارسانی لە گرتووخانەی ئێڤین، پاش ڕەوانەکردنی بۆ نەخۆشخانەی "تاڵقانی"ی تاران بۆ پشکنینی پزیشکی لە سەر داوای دوکتورەکان، کۆتایی بە مانگرتنەکەی خۆی هێنا.

ئەو نووسەرە کوردە پاش تێپەڕاندنی ١ مانگ زیندانیی کەیفەری لە زیندانی نەوشەهر، بۆ درێژەی ماوەی زیندانیبوونەکەی ڕەوانی زیندانی ئێڤین کرا.

ڕۆژی هەینی ٢٦ی بانەمەڕی ٩٩، "موژگان کاووسی" لە گرتە ڤیدیۆیەکدا باسی لە حوکمی دەسبەسەرکرانی بە جێگای بانگهێشتنامە بۆ جێبەجێکردنی حوکمی زیندانیبوونەکەی دەکا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٨ی سەرماوەزی ٩٨، ئەو نووسەر و چالاکە کوردە ڕەوانەی دادگای ئینقلابی نەوشەهر کرا و دادگا ناوبراوی بە ٦٩ مانگ زیندان مەحکووم کرد و پاش سەپاندنی حوکمی دادگا بە دانانی بارمتەی ١٠٠ ملیۆن تمەنی بەشێوەی کاتی ئازاد کرابوو.

دادگای ئینقلابی شاری نەوشەهر ئەو نووسەرە کوردەی بە تۆمەتی "ئەندامبوون لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئێران"، بە ٣٣ مانگ زیندان، "هاندانی خەڵک بۆ تێکدانی نەزمی گشتی" بە ٣٠ مانگ زیندان و "پروپاگەندە دژی نیزام" بە ٦ مانگ زیندان مەحکووم کرد.

مەریەم ئەکبەری مونفەرد، بەندکراوی سیاسی لە زیندانی سیمنان بە نووسینی نامەیەک لایەنگری خۆی لە نارەزایەتیکانی خەڵکی خوزستان ڕاگەیاند

مونیرە عەرەبشاهی، چالاکوانی مەدەنی ئەمڕۆ شەممە ٩ی گەلاوێژ بەهۆی دژواری و خراپی جەستەیی ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا ئەو کە لە مانگی بانەمەڕ ڕەوانەی مەرەخەسی دەرمانی کرابوو لە ١ی پووشپەڕ دوای نەشتەرگەری و بەتاڵ کردنی ڕژێنی دەرەقی بۆ زیندان گەڕایەوە ئەو چالاکوانە بە بوونی بڕیاری پزیشک لەبابەت پێراگەیشتنی پزیشکی و تاقیکاری حەفتانە تاکوو ئێستا هیچ تاقیکارییەکی بۆ ئەنجام نەدراوە.

موژگان کاووسی لە بەندیخانە تووشی پەتای کۆرۆنا بووە و ئێستا لە دەرەوەی بەندیخانەیە، بۆ بەندیخانەی کەرەج دوور خرایەوە.

ئەم چالاکە کوردە ڕۆژی چوارشەممە ٣٠ی پووشپەڕی ٢٧٢١ (٢١ی جولای ٢٠٢١) بە هۆی تووشوون بە پەتای کۆرۆنا دوای نزیکەی ١٣ مانگ بەندکران لە بەندیخانەی ئێڤینی تاران مافی مرەخەسی پێدرا.

ساناز نوتقی هاووڵاتی بەهایی لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەهواز بە ٥ ساڵ و ٨ مانگ بەندکرانی تەمبیی مەحکوم کرا ئەو هاووڵاتییە بەهۆی بەشداربوون لە ڕێکخراوەکانی ئایینی بەهایی نایاسایی بە ٥ ساڵ و لەبابەت تۆمەتی پروپاگەندە دژ بە ساناز بە ٨ مانگ بەندکرانی تەمبیی مەحکووم کرا.

ئای گۆن ڕەشتبەری، هاووڵاتی خەڵکی شارستانی جۆلفا ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی پووشپەڕ بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ تورکیە لە فرۆکەخانە ئاگادار دەبێت کە مافی ڕۆیشتن بۆ دەرەوەی وڵاتی لێ زەوت کراوە و دەستیان بەسەر پاسپۆرتەکەی لێ وەرگیراوە ئەو لە ١٧ی ڕەشەمەی ٩٩ بۆ بەشداری کردن لە ڕێورەسمی پرسەی دایکی لە وڵاتی تورکیە بۆ ئێران هاتبۆوە و ٣١ی خاکەلێوە بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی جۆلفا بانگهێشت و لە کاتی لێپرسینەوە لە لایەن مەئموورانی ئاسایش هەڕەشەی لێکرابوو.

یاسەمەن ئاریانی، چالاکوانی مەدەنی دژی حیجابی

زۆرەملی ئەمڕۆ سێشەممە ١٢ی گەلاوێژ بە کۆتایی پێهاتنی مەرەخەسیکەی بۆ زیندانی کەچویی کەرەج گەڕایەوە ئەو پێشتر لە ١٥ی پووشپەڕ ڕەوانەی مەرەخەسی کورت خایەن کرابوو.

لە مانگێ جولای ٢٠٢١، لانیکم ٥١ شارۆمەندی کورد لەلایەن هێزی ئیتلاعات ڕێژیم بە تۆمەتی چالاکی سیاسی، مەدنی و مەزهبی دەستبەسەر کراون.

لە مانگی ڕابردوودا ٤ ژنی چالاک، مێرمنداڵێکی ژێر ١٨ساڵ و ٢ خوێندکار دەستبەسەر کراون. هەروەها پێنج کەسیش بۆ جێبەجێ کردنی حوکمی زیندان دەستبەسەر و بەڕێی زیندان کراون.

چالاکێکی ژنی خەڵکی ئیلام کە پاییزی ساڵی ڕابردوو لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانەوە دەستبەسەر کرابوو لەلایەن دەزگای دادوەری حکومەتی ئێران سزای بەندکرانی بەسەردا سەپێندرا.

سومەیە کارگەر چالاکی خەڵکی ئیلام لەلایەن لقی ٢٦ی دادگای شۆرشی تاران بە سەرۆکایەتی دادوەر ئەفشاری بە تۆمەتی "بەشداری لە بەرێوەبردنی گروپی نایاسایی و چالاکی تەبلیغی دژی نیزام" سزای ٦ ساڵ و ٨ مانگ بەندکرانی بەسەردا سەپێندرا.

دانیشتنی دادگای سومەیە کارگەر لە دۆسیەیەکی هاوبەش لەگەڵ "ناهید تەقەوی، بەهارە سولەیمانی، نازەنین محەممەدنەژاد، مێهران ڕەئوف و ئیلهام سەمیمی" بەرێوەچووە و ئەو سزایە لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوو ڕاگەیەندراوە.

بە پێی ئەو سزایە ناهید تەقەوی و مێهران ڕەئوف هەرکام ١٠ ساڵ و ٨ مانگ بەندکران و نازەنین محەممەدنەژاد و بەهارە سولەیمانی هەرکام ٦ ساڵ و ٨ مانگ و ئیلهام سەمیمی سزای ٣ ساڵ و ٦ مانگ بەندکرانیان بەسەردا سەپێندراوە.

سومەیە کارگەر ڕۆژی چوارشەممە ٨ی بانەمەر ٢٧٢١ (٢٨ی ئاوریلی ٢٠٢١) دوای ٦ مانگ بەندکران بە دانانی بارمتە و بە شێوەی کاتی ئازاد کرا.

نوسرەت بەهەشتی مامۆستای خانەنشین و چالاکوانی مەدەنی ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی پووشپەڕ بە بیانووی ڕوونکردنەوەی هێندێک پرسیار لەماڵی خۆی لە لایەن هێزەکانی ئاسایش دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

١٤ی پووشپەڕی ١٤٠٠، ٥ ژنی بەندکراوی سیاسی لە زیندانی قەرچەک کەوتنە ژێر لێپرسینەوە و هەڕەشەی لێکۆڵەرەکان و ئەشکەنجەگەران.

بەندکراوانی سیاسی، زارا سەفایی، فورووغ تەقی پوور، پەرەستوو موعینی و مەرزێ فارسی و سوهەیلا حیجاب ڕۆژی دووشەممە ٤ی پووشپەڕ و بەشێوەی جیا لەلایەن ٥ لێکۆڵەر و ئەشکەنجەگەر لێپرسینەوە و هەڕەشەیان لێکراوە.

ناهید کەمانگەر، هاووڵاتییەکی خەڵکی کامیاران پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ١ مانگ لە دەسبەسەرکرانی، هەروا لە گرتنگەدایە و چارەنووسی لە کانوونی ئیسلاح و تەبییەتی سنە ناڕوونە.

ڕۆژی دووشەممە ١٤ی پووشپەڕ، ئەو هاووڵاتییە پاش بانگهێشتکردنی بۆ ناوەندیی هەواڵی ئیدارەی ئیتلاعاتی کامیاران دەسبەسەر کرا و پاش ڕەتکردنەوەی داواکاریی هاوکاری لەگەڵ هێزە ئەمنییەتییەکان بۆ وەرگرتنی دانپێدانانی تێلێڤیزیۆنی دژی باوکی، حوسێن کەمانگەر، پاش مانەوەی بە شێوەی کاتی لە گرتنگە، دواتر ڕەوانەی کانوونی ئیسلاح و تەربییەتی سنە کراوە.

هەروەها ڕاشد مونتەزێری، هاوسەری ناهید کەمانگەر، ڕۆژی سێشەممە ٧ی بانەمەڕ، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی کامیاران کراوە.

ناوبراو مانگی ڕێبەندانی ٩٩، لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی سنە بە سەرۆکایەتی دادوەر "سەعیدی" بە تۆمەتی "ئەندامبوون و هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئێران"، بە ٥ ساڵ زیندانی هەڵپەسێردراو و ٢ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرابوو.

ئەعزەم شیرئەفکەن لە دەستبەسەرکراوانی ڕاپەڕینی ٩٨ کە بە ٦ ساڵ حەپسی تەمبییی مەحکوم کرابوو بۆ تێپەڕکردنی ماوەی حەپسی خۆی بۆ زیندانی کەچویی ڕاگۆیزرا.

ناوبراو کە بە دانانی بارمتەی ٢٠٠ میلیۆن تمەنی ئازاد کرابوو ڕۆژی شەممە ١٦ی پووشپەڕ بە ڕۆیشتن بۆ بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامی لە بابەت بارودۆخی پڕگەکەی لە دادگا کەوتە بەر لێدانی مەئموورانی سەرکوتکەر و دەستبەسەر کرا و بۆ زیندان ڕاگوێزرا.

زارا جەماڵی، بەندکراوی سیاسی و یەکێک لە ئەوکەسانەیە کە بەیاننامەی ١٤یان ئیمزا کردبوو و داخوازی دەس لە کار کێشانەوەی عەلی خامنەیی بوون ڕۆژی دووشەممە ١٨ی گەلاوێژ بە کۆتایی مەرەخەسیکەی بۆ زیندانی ئێڤین گەڕاوە.

ئەمڕۆ چوارشەممە ٢٠ی گەلاوێژ موژگان کاووسی، نووسەر و لێکۆڵەری کورد دوای کۆتایی هاتنی دەوران مەرخسییەکەی گەڕاوە بۆ زیندانی ئێڤین.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی گەلاوێژی ١٤٠٠ سەبا کوردئەفشاری چالاکوانی مافی ژنان و ڕەخنەگری حیجابی زۆرەملێی بەندکراو لە زیندانی قەرچەکی وەرامین، مەرەخەسی ١٥ ڕۆژەی پێدرا .

حەمیدە( ڕوویا) ئیزەدپەناه بەندکراوی سیاسی ڕۆژی سێشەممە ١٦ی گەلاوێژ، لە زیندانی ئێڤین ڕەوانەی مەرەخەسی دەرمانی کرا. تاقیکاری کۆڕۆنای حەمیدە ئیزەدپەناه ئەرێنی بوو و پاش تێپەڕبوونی ٥ ڕۆژ خراپی بارودۆخی جەستەیی بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ ڕەوانەی مەرەخەسی دەرمانی کراوە.

پشکنینی ماڵی مەهتاب عەلیزادە هەواڵنێری دانیشتووی تاران لەلایەن سەرکوتکەرانی کۆماری ئیسلامی کە لە ڕەوتی ئەو پشکنینە دا دەستیان بە سەر هێندێک لە کەلوپەل وەکوو موبایل و لەبتابی ناوبراو داگرتوو.

عەزیمە ناسری یەکێک لە گیراوانی شاری بۆکان دوو حەوتوو لەوەپێش بە دەست هێزی ئیتلاعاتی ڕێژیم گیرا و بۆ یەکێک لە شوێنە ئەمنییەکانی ڕێژیم گوازرایەوە.

زێنەب جەلالیان، زیندانی سیاسی دوورخراوە بۆ بەندیخانەی یەزد ، لە سێزدەهەمین ساڵی بەندکرانی بە هەمان شێوەی ڕابردوو مەحرוومە لە مەرەخەسی و خەریکی تێپەڕ کردنی ماوەی حوکمەکەیەتی. ئەم بەند کراوە سیاسییە لە ماوەی ٨ مانگی ڕابردوو بۆ ٤ زیندانی جۆراوجۆر دوورخراوەتەوە لە ئێستاش دا هیچ پارێزەرێک بۆ بەدواداچوون بە دۆسیەکەی و یا ناردنی بۆ نەخۆشخانە یا مەرەخەسی، وەکالەتی ناوبراو لە ئەستو ناگرن.

نوسرەت بەهەشتی مامۆستای خانەنشین و بەندکراوی سیاسی کە ماوەی ٧ ڕۆژ لە بۆ لێکۆڵینەوە لە ژووری تاکەکەسی دابوو، ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی پووشپەڕ بۆ بەندی ژنانی زیندانی مەشهەد ڕاگوێزرا.

ناوبراو لە ١٣ی پووشپەڕ لەلایەن هێزە ئەمنییەکان دەستبەسەر کرابوو، تۆمەتی نوسرەت بەهەشتی مامۆستای خانەنشین بەشداری لە کۆبوونەوەی نایاسایی بووە و ئەوە لە حالێک دایە کە بە پێی ماددەی ٢٧ی یاسای بنەڕەتی هەرکۆبوونەوەیەک بەبێ چەک ڕەوایە.

دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای تاران، حوکمی مەرجان ئیسحاقی، خوێندکاری ڕشتەی زانستی سیاسی زانکۆی تاران و یەکێک لە دەستبەسەرکراوانی خۆ پێشاندانەکانی خەزەڵوەری ٩٨ی ڕاگەیاند.

نەسرین کیانپوور تەمەن ٣٤ ساڵ، خەڵکی بیجاڕ و دانیشتووی سنە ڕۆژی هەینی ٢٨ی جۆزەردانی ٢٧٢١ (١٨ی ژوئیەی ٢٠٢١) لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تارانەوە دەستبەسەر کراوە.

مریەم ئێبراهیم وەند، دەرهێنەر، ئامادەکاری سینەما و بەندکراوی پێشوو ڕۆژی یەکشەممە ٣١ی پووشپەڕ لە لایەن هێزە ئەمنییەکان لە بەرامبەر باڵەخانەی وەزارەتی

فەرهەنگ دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا،
ڕاحیلە ئەحمەدی، زیندانی سیاسی، ڕۆژی سێشەممە ٢ی خەرمانان لەگەڵ کۆتایی هاتنی مەرەخەسیەکەی بۆ زیندان گەڕایەوە. ئەو پێشتر لە بەرواری ٢٧ی پووشپەڕ لەبەر فەوتی دایکی بۆ بە خاکسپاردنی مەرەخەسی پێدرابوو.
سوهەیلا حیجاب، زیندانی سیاسی، ڕۆژی سێشەممە ٢ی خەرمانان لەگەڵ کۆتایی هاتنی مەرەخەسیەکەی بۆ زیندان گەڕایەوە. ئەو پێشتر لە بەرواری ٢٣ی مەرەخەسی کورتخایەنی پێدرابوو.
دوای چوار مانگ لە گرتنی «گوڵاڵە مورادی»، کەسێک کە خەڵکی پیرانشارە دەڵێ: «گوڵاڵە مورادی» لە زیندانە و حەقی وەرگرتنی وەکیلی نییە.
ڕۆژی پێنج شەممە ٤ی خەرمانانی ٢٧٢١ (٢٦ی ئاگۆستی ٢٠٢١)، عەزیمە ناسری خەڵکی بۆکان دوای یەک مانگ دەستبەسەر کران لە دەستبەسەرگەی ئیتلاعاتی سپای ورمێ بۆ بەندی ژنانی بەندیخانەی ناوەندیی ئەو شارە گوازرایەوە.
ڕۆژی شەممە ٦ی خەرمانانی ٢٧٢١ (٢٨ی ئاگۆستی ٢٠٢١)، ناهید کەمانگەر، بەندکراوی سیاسی خەڵکی کامیَران دوای ٥٢ ڕۆژ بەندکران بە دانانی بارمتەی ٥٠٠ میلیۆن تمەنی و بە شێوەی کاتی و هەتا ڕۆژی بەڕێوەچوونی دانیشتنی دادگا، ئازاد کرا. ڕۆژی دووشەممە ١٥ی پووشپەڕی ٢٧٢١ (٦ی جولای ٢٠٢١) دوای بانگ کران بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی کامێران دەستبەسەر و بۆ بەندی ژنانی ناوەندی چاکسازی و پەروەردەی شاری سنە گوازرایەوە.
ڕۆژی سێشەممە ٢ی خەرمانانی ٢٧٢١ (٢٤ی ئاگۆستی ٢٠٢١)، هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای جوانڕۆ سەر بە پارێزگای کرماشان سێ کچی مێرمنداڵیان بە ناوەکانی تارا ئەحمەدی ١٦ ساڵ، سونیا کەریمی ١٤ ساڵ و پەریا فەتحی ١٤ ساڵیان بە شێوەیەکی نایاسایی دەستبەسەر کردووە.
ئارەزو قاسمی، بەندکراوی سیاسی، ڕۆژی یەکشەممە ٧ی خەرمانان، پاش تەواو بوونی کاتی پشووەوەرگرتنی گەڕایەوە بۆ بەندیخانەی ئێڤین. ئارەزو لە ڕێکەوتی ٢٩ی پووشپەڕ، پاش پشتڕاستکردنەوەی تووشبونی بە پەتای کۆرۆنا بۆ پشووەرگرتن بانگهێشت کرا.
ڕۆژی سێ شەممە ٩ی خەرمانان، "عەزیمە ناسری" خەڵکی شاری بۆکان بە دانانی بارمتە لە زیندانی مەرکەزی ورمێ تا کاتی مەحکەمە ئازاد کرا. ڕۆژی پێنج شەممە ٤ی خەرمانان لە گرتووخانەی ئیتلاعاتی سپا بە بەندی قەرنتینەی زیندانی مەرکەزی ورمێ نەقڵ کرا.
ڕۆژی یەکشەممە ٧ی خەرمانانی ١٤٠٠ی هەتاوی، سۆنیا کەریمی و پەریا فەتحی هەر دوو تەمەن ١٤ ساڵان لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری "جوانرۆ"وە بانگ کراون و لە کاتژمێر ٨ی بەیانی تا ١ی دوانیوەڕۆ بۆ ماوەی ٥ کاتژمێر لەو ناوەندە ئیتلاعاتییە لە ژێر لێپرسینەوەدا بوون.
مەحبووبە فەرەحزادی لە لایەن لقی ٧ی لێپرسینەوەی فەرمانگەی شەهید موقەددەس#ئێڤین بانگهێشت کراوە. ناوبراو مامۆستای گردەنشینی پەروەردە و فێرکردنی مەڵبەندی ٦ی تاران کە ڕۆژی ٨ی جۆزەردان لە لایەن مەئموورانی ئاسایش دەستبەسەرکرا و پاش چەند کاتژمێر لێپرسینەوە بە دانانی بارمتەی ٥٠ میلیۆنی بەشێوەی کاتی ئازادکرا.
ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی خەرمانانی ١٤٠٠، فوروغ تەقی پوور، پەرەستوو موعینی و مەرزیە فارسی بەندکراوانی سیاسی لە زیندانی قەرچەک لەبۆ لێپرسینەوەی دووبارە بۆ لقی ٧ی دەزگای قەزایی شاری ڕی ڕاگوێزران.
چوارشەممە ١٠ی خەرمانانی ١٤٠٠؛ بەندکراوی سیاسی زارا سەفایی لە زیندانی قەرچەکی وەرامین بەهۆی تێکچوونی کوتوپڕی دڵی ڕۆژی سێشەممە بۆ نەخۆشخانە گوازراوە، بەندکراوی سیاسی پەرەستوو موعینی کە لەگەڵ دایکی لە زیندانە تاکوو ئێستا لە شوێن و بارودۆخی دایکی هیچ زانیارییەکی نییە.
ڕۆژی سێشەممە ١٦ی خەرمانانی ٢٧٢١ هێزە ئەمنییەکانی شاری سەردەشت مێرمنداڵێکی ١٥ ساڵەیان بە ناوی محەممەد فەردانی خەڵکی میراوای ئەو شارە دەستبەسەر کردووە.
زارا سەفایی بەندکراوی سیاسی ڕۆژی شەممە ١٣ی بانەمەڕ بەدوای تێکچوونی کوتوپڕی دڵ لە زیندانی قەرچەکی وەرامین بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.
گیتی زۆلفەقاری، بەندکراوی سیاسی ڕۆژی دووشەممە ١٥ی خەرمانان بە کۆتایی مەرەخەسی گەڕاوە بۆ زیندانی ئێڤین، ئەو پێشتر لە ڕێکەوتی ١١ی گەلاوێژ بە گیرۆدەبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و توندبوونەوەی نەخۆشێکەی بۆ مەرەخەسی دەرمانی نێردرابوو.
پەریزاد حەمیدی شەفەق، بەندکراوی سیاسی کە بە ٥ ساڵ و ٧ مانگ حەپسی تەمبێ یی مەحکووم کراوە لە ٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ بەهۆی چالاکی لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی سپا دەستبەسەر و بۆ گرتووخانەی بنکەی سپا لە بەندی ٢ی ئەلیفی زیندانی ئێڤین گواستراوە، ئەو چالاکوانە سیاسییە پاش ٢٥ ڕۆژ و کۆتایی تەواوی لێکۆڵینەوەکان بۆ زیندانی قەرچەکی وەرامین ناردرا، و بەبێ وەرگرتنی تەنانەت ڕۆژێک مەرەخەسی ماوەی حەپسەکەی لە زیندانی قەرچەکی وەرامین تێپەڕ دەکا.
بەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەنگی مەحبووبە ڕەزایی لە زیندانی بوشێهر، سەبارەت بە دەستدرێژی بە ژنانی بەندکراو، دەست پێڕاگەیشتنی بە پێوەندی تەلەفوونی لێ زەوت کراوە.

## سێپیدە قولیان دوای ئاشکراکەری بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی نیزام تۆمەتبار کرا

بەندکراوێکی سیاسی دوای ئاشکراکەری سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئێستای بەندی نەسوانی بەندیخانەی بووشێهر لە لایەن دامودازگای دادوەری نیزام بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی نیزام تۆمەتبار کراوە، سێپیدە قولیان بەندکراوی سیاسی کە ئێستاکە لە مەرەخەسی دا بەسەر دەبات بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی نیزام و هەروەها بڵاوکردنەوەی درۆودەلەسە لە لایەن دامودازگای دادوەری کۆماری ئیسلامی و سکاڵای بەڕێوەبەری گشتی بەندیخانەکانی بووشێهر بۆ ئەو بەندکراوە سیاسیە ناردراوە، ماوەیەک لەمەوبەر سێپیدە قولیان لە چەند بابەت توییت بە کارەساتاوی زانینی بەندی نەسوانی بەندیخانەی بووشێهر نووسیی: دڕندەیی ئێستای بەندیخانەی بووشێهر لە خەیاڵاتەکان دا ناگونجێ!



هەروەها بە درێژەدان بە ئەوەیکە ژنان لەو بەندیخانەیە، لەژێر دڕندانەترین و دژی مرۆیی ترین بارودۆخی مەیسەر ڕاگیراون و هەروەها زیادی کردبوو کە بەرپرسی بەند لە تایبەتی ترین کاروباری بەندکراوان وەکوو" لەبەرکردنی جلوبەرگی ژێرەوەش" دەست تێوەردەدا، تەمبێی جەستەیی ژنانێک کە لەدەرەوەی نۆبەی داسەپاندراوی بەندیوانکان دەچنە حەمام، بەشێکی دیکە لە گێرانەوەی ئەو بەندکراوە لە ڕووداوەکانی ئێستای بەندی نەسوانی بەندیخانەی بووشێهر بوو.

# بەشداری کۆمیتەی ئاڵمانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە خۆپیشاندانی دژ بە ڕێژیمی ئێران لە شاری بێرلینی ئاڵمان

ڕۆژی شەممە ڕێکەتی ١٨ی سێپتامبری ٢٠٢١ زایینی، ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وهەروەها کوردانی تاراوگە نشین لە ٢٩هەمینساڵیادی شەهیدانی ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی، شەهیدان کاک دوکتور سادق شەرەفکەندی، کاک فەتاح عەبدولی و کاک هومایون ئەردەلان و چالاکی ئێرانی و دۆستی دێرینی حیزبەکەمان کاک نووری دێهکوردی لە بێرلین و شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات هەروەها بە یادی تازەترین شەهیدی دێموکرات شەهید مووسا باباخانی گردبوونەوەیەکی جەماوەریان بۆ ڕێز لە لە یاد و ناوی ئەو شەهیدانە و ڕیسواکردنی کاربەدەستانی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران پێک هێنا. لەم مەڕاسیمەدا خاتوو سومەیە خزری بەرپرسی کۆمیتەی ئاڵمانی یەکیەتیی ژنان پەیامێکی بە زمانی ئاڵمانی پێشکەش کرد.

لە پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە بە زمانی ئاڵمانی خوێندرایەوە، کاروکردەوە تێرۆریستیەکانی ڕژیمی ئێرانییان مەحکوم کرد و داواکاری لێپرسینەوەی کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەییەکان لە ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی بوون.






# کۆتایی یەکێک لە خولە فێرکاریەکانی ڕێنووسی کوردی، ئەنجومەنی نوژین

## "خولەکان یەک لە دوای یەک کۆتییان پێ دێ و بەردەوامن" لە وتەکانی مامۆستا شەریف

نموونە ڕاهێنانە جوانەکانی مامۆستا شەریف:

ڕێگەی ئەمڕۆ تا بڵێی هەر گێژەڵووکە و خۆڵەمێش خاک و خۆڵێکی ئەوتۆیە کە پێشی خۆرەتاو دەگرێ بەڵام دنیا زۆری ماوە ئەوەندەش خۆ ناخایەنێ. مرۆڤی ڕێگا لێونبوو لە گۆڕەپانێکی سەوزی پڕ هیواوە بە بزەوە سەر دەربێنێ.

پێویستێتی ئەمڕۆ ئێمە خۆناسینەوەیەکی نوێ لەبارەی مێژووی خۆمان بکەین و گۆڕانکاری بێ گوێڕایەڵی لە ئەندێشەی ئەوینداریی خاک و نیشتمان هەر دەبێتە ڕەنجەڕۆیی.

ماوەی چەندین ساڵە کە هەڵمەتێکی کوردانە بۆ فێربوون و فێرکردنی زمانی کوردی لە شارەکانی کوردستان دەستی پێکردووە و بەخۆشیەوە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کەسانێکی زیاتر فێری نووسین و خوێندنەوەی زمانی دایکیی خۆیان دەبن و لەوانەیە دەیان کەسیش هەر لەو کلاس و دەورانەدا مەدرەکیان وەرگرتبێ و خۆشیان ئێستا دەرس بە کەسانی دیکە بڵێنەوە.

ئەوە ئەرک و بەرپسیارەتی هەر هەموو کوردێکە کە بەهاکانی کە یەکیان زمانی دایکییەتی بپارێزێ و هەوڵ بۆ لەنێنەچونی بدا.

یەکییەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی پیرۆزبای بە بەشداربوانی ئەو دەورەیە لە خولەکانی فێرکاری زمانی کوردی دەکا ئاواتی سەرکەون و پشوودرێژیش بۆ هەموو مامۆستایان و ڕاهێنەرانی ئەو زمانە شیرینەش دەکا.



# WOMEN

Democratic Women Union of Kurdistan

No : 54 Date: September 2021

